ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی لەچاپدانی داوە

# نالی لە دادگای ڕەخنەدا

رەئووف عوسمان

# دوو وتـــاری ڕەخنەیـــی

پێشکەشە بە گریکی دڵەکەم -کیوان - گیــــان !

ڕؤوف عثمـــــان

ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان یارمەتی لەچابدانی داوە

# نالی لە دادگای ڕەخنەدا

لە[1] مەیدانی لێکۆڵینەوەو بە باڵابرینو ڕەخنەدا گەلێك پرۆگرامو ڕێبازی جودا جودا هەنو بەر لە ئێمەی کورد لە نێو نەتەوە پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا بەکارهاتوونو سوودیان لێ وەرگیراوە، بێگومان هەریەك لەم ڕێبازانە لە ڕیشەدا سەر بە ڕێچکەیەکی فەلسەفی‌یەو لەوێوە بناوانی بۆ هەڵگیراوە، خۆ ناشتوانین پەلهاویشتنی ئەم ڕێچکانە لە مەیدانی ڕەخنەدا، دابڕکەین لە پەرەسەندنی شۆرشی بەهەڵمەتو گوڕی تەکنۆلۆژی لە ئەوروپادا . چونکە ئەو شۆڕشە، گرێدراوە بە کۆمەڵێك هۆی ئابووریو کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتی ئاڵۆزەوە، ئەدەبیش بە هەموو گەزو گرێیەکی زانستی‌یانە ڕەنگدانەوەی ئەو دیاردە جودایانەیە. ڕەخنەی ئەدەبیش وەك لقێکی گرنگی ئەدەبو بابەتێکی فیکریو فەلسەفی‌یان با بڵێین وەك چەکێکی کاریگەر هاتە مەیدانەوە و توانی جێ‌دەستی خۆی لە ڕەوتی ڕۆشنبیری ئەو قۆناغەدا دیاری بکات، بەڵام لای هەندێکی‌تر خەریك بوو لە مەنگەنەی تاقیگاو توێکاری (التشریح)و هاوکێشەتیوری‌یەووشکەکان بدرێو بپوو کێنرێتەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەو پێشکەوتنە مەزنەو ڕەنگدانەوەی دیاردە فرەکانیدا، چەند ڕەخنەگرێکی گەورە لە مەیدانی ئەدەبدا چاویان هەڵهێناو گەلێك بەرهەمی بە بڕشتیان هێنایە گۆڕێو چەند قوتابخانەیەکی شیکردنەوەو ڕەخنەو بە باڵا بڕینیان ڕەنگڕشت، یەکێك لەو ڕێچکانە شۆڕبوونەوەیە بە ناخی نووسەردا لە نێوان خودی بەرهەمەکانی‌یەوە، کە بڕوونتێری ئینگلیزی ئەندامێکی کارای ئەم ڕێچکەو مەیدانەبوو، هەروەها پەیوەندی ڕۆشنبیریو ئەدەبی نێوان ئەوروپاو نەتەوەی عەرەب لە ڕێگای وەرگێڕانەوە پەرەی‌سەندو یەکێکی وەك «عەقاد» لە نێوان هۆنراوەکانی «ئیبن‌ولرۆمیەوە»، گەلێك خولیاو بڕواو ئاواتو کەسێتی ئەم شاعیرەی دەست‌نیشان کرد، جگە لە «تاها حوسەین» کە لە هەمان ڕێبازدا «ئەبولعەلا موعەری» نهێنی‌یە دەروونی‌یەکانی

خستە ڕوو ، دەرئەنجام ، ئەم قوتابخانە ئەدەبی‌یە شتێکـــی نوێ نی‌یەو زادەی هەوڵو تەقەللای نەوەکانی‌ترە نەك ئێمەو ئەگەر ئەدیبێکـــی لای ئێمەش سوودی لێوەرگرێ نابێت لافی داهێنانو سەر تەڵی لێدا !!

لەگەڵ جیاوازی ڕێژەی سەرکەوتنی نووسەرانی ئەم ڕێبازە ، مامۆستا موحەمەدی مەلا کەریم لە سالی ١٩٧٩دا بەناونیشانی ( نـــالی لـــە کلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە ) نامیلکـــەیەکی نەوەدو شەش لاپەڕەیی نووسیوەتەوەو سەبارەت بە پەیڕەوکردنی پرۆگرامـــە تایبەتی‌یەکەشـی دەڵێت (١) ( بۆیە بۆ ناسینەوەی ڕاستەقینەی نالیو بۆ دەس‌خستنی هەواڵ لە بارەی ژیانیەوە ، ناچارین بگەڕێینەوە سەر شیعرەکانـــی خـــۆیو ئەبێ لە ڕێگای ئەم شیعرانەوە کەرەستەی پێویست لـــەبارەی مێژووی ژیانو هەلسووڕانو جۆری بیرکردنەوەیەوە دەست بخەینو خوێندەوارانی میللەتەکەمان بەم جۆرە بەم لوتکەیەی شانو شکۆی ئەدەبی نەتەوەییمـــان بناسێنین ) •

بێگومان ئاستی دواکەوتوویی کوردستان لە ڕووی نەخوێندەواری و کزی هوشیاری کۆمەلایەتیو سەرباری ئەمانەش ژیانـــی کۆچەرییتـــیو خیلایەتی هۆزو تیرەکانی کوردستانو شەڕو شۆڕی ناوخـــۆو دەرەوە، نووسینەوەی مێژووی ئەو سەردەمەیان ئەوەندەی‌تر تاریكو نـــووتەك کردووە لەبەردەم توێژەرەوەو نووسەردا ، هەر ئەمەشە وای لە یەکێکـــی وەك کاکە حەمە کردووە کە پەنا بەرێتە بەر خودی هۆنراوەکـــانی نالی، بۆ ئەوەی لەڕێی ئەو هۆنراوانەوە لایەنە شاراوەکانی کەسێتی ئەم شاعیرە مەزنو لوتکەو سەرکەشە دەست‌نیشان کات • بەر لە هەرشت توێژینەوەو پشکنینو داهێنان لە بواری ئەم جۆرە پرۆگرامـــەدا پڕە لە چوورتمو هەڵەتو خۆماندووکردن ، هەروەها ئێجگار پێویستی بـــە وورییایی‌و هوشیاری‌و شارەزایی بەربلاو هەیە لە زۆر مەیدانی ژیاندا ، جگە لە پەیڕەو کردنی پرۆگرامێکی زانستی‌یانەی وەها‌کە لە نێوان جەدەلیەتـــی تایبەتی‌و گشتی‌و زاتی‌و مەوزوعی‌و هۆو ئەنجامو شێوەو ناوەرۆکـــەوەوە ،..

گەلێ شتی نوێ بدۆزێتەوەو سەرجەم ئەمانەش گرێ بدات بە کرۆکی مەبەستەکەوە ، سەرباری هەموو ئەمانەش دوورەپەرێزی لە هەواو هەوەسی تاقەکەسی‌و بواردنی ڕق‌وکینەو مەسەلە شەخسی‌یەکان .

وەك تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی خۆم لە مەیدانی خوێندنەوەو چێژەوەرگرتن و تیاڕامان‌و پشکنینی هەموو نووسراوێکی مەڕ نالی ، زۆربەی ئەو ڕاو بۆچوونانەی کاکە حەمەم بە دڵ نی‌یەو نەك تینوێتی ڕێگای نالی خوێندنەوەم ناشکێنن بە تەنیا بەڵکو ئەوەندەی تر تینووم دەکەن‌و شێوەی شاعیرێتی‌و کەسێتی نالیم لێ بزردەکەن ، چونکە مێژووی ئەدەب ئەو کاتەی کە لە خودی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکەوە هەڵدەهێنجرێ ؛ بەر لەهەر شت پێویستی بە چێژی هونەری ( الذوق الفنی ) پاك‌و سەلیقەو توانەوە هەیە لە بۆتەی دەقە هونەری‌یەکاندا ، نەك نیشتنە مل و یەك لایەنی ڕوانین‌و لە مەنگەنەدانی ووشەو ڕستەو پیت‌و قەسابی کردنی هۆنراوە .

لەم نووسینەدا نووکی پێنووسەکەم دەژەنمە ئەو شوێنانەی کە شەقڵی هەڕەمەیی‌و سەرپێی ڕوانینی پێوەدیارەو بە گوێرەی توانا تیشك دەخەمە سەر تاریکایی ئەو لایەنانەو هیوادارم خوێنەری ئازیز چاو لە هەڵەکانی منیش نەپۆشێ‌و دەستم بگرێ . چونکە پێوانەو سەرچاوەی هێزوو گوڕی نووسەر بە تەنیا خوێنەری زیرەك‌و دڵسۆزە ، هەروەها وەك لەسەرەتادا ووتم پەیڕەوکردنی ئەم پرۆگرامە ، سەخت‌و کوورەو هەموو تاقیکردنەوەیەکیش مەرج نی‌یە بەرەهایی مەبەست بپێکێ‌و سەرکەوتووبێت .

سەبارەت بە تەمەنی نالیو ئەو مێژووەی کە بۆی دیاری کراوەو لە زۆربەی سەرچاوەکانیشدا هاتووە ، لە دەورووبەری ١٨٠٠ ــ ١٨٥٦دا دەسوورێتەوە . بەڵام کاکە حەمە لەم دواییەدا ! بەمە قایل نیەو هەموو راکانی سەجادیو موحەمەد ئەمین زەکیو دە مارف خەزنەدارو دە کەمال فوئادی ڕەتکردۆتەوەو خستویەتیە ژێر تیشکی گومانەوە ، دوا جاریش بە هەندێ هۆنراوەی خودی نالی بەرپەرچی ئەمانەی داوەتەوەو گوایە وەك کاکە حەمە دەڵێت تەمەنی لە ٥٦ یان ٥٨ دە ساڵ گەلێك زیاترەو گەواهی ئەم بۆچوونەشی :-

أ - ئەم چەند بەیتەی خودی نالیە :-

(١)

موی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط
شۆرە شەط یەعنی کە تێدا خود بە خود قەل بوو بە بەط
هەڵگرا وەك مۆمی کافوری بەشەودا موو بە مووم
داسیاهی ڕوو بخوێنم نوقطە نوقطە خەط بە خەط
من دەڵێم شەو بوو بە ڕۆژ ، نەفسم دەڵێ ڕۆژ بوو بە شەو
ئەو موصیبە ، چونکە چاوی پێ سپی بوو ، من غەلەط
ڕەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەططی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپی نووریش بەسەر ئەودا سەقەط
سەردوو گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش
پایزی ڕوو بوو بە بوردی سوورو زەردی موختەلەط
وەجهەکەم ئیمسی بەیاض ، ئەمما وەرەق زەردو سیاە
با موخەططەط بێ بە کافوری کەشیدەی خۆش نەمەظ

ئەم شیعرانە تێکڕا باسی ڕواڵەتێ لە ڕواڵەتەکانی تەمەنی نالی دەکەن کە سپیبوونی موو ــ نەك بەڕەهایی ! ــ و کزی چاوو شەوقی ساردوسڕی نالیەو ئەمانەیش مەرج نیە ئەوە بگەیێنن،کە بە ڕەهایی وەك کاکە حەمە بۆیچووە،کە تەمەنی نالی لە ٥٨ یان ٥٦ زیاترە ، با بزانین بۆ و چۆن ؟!

١ ــ ئەو شیعرەی سەرەوەی نالی لە سەردەمی پیریدا ووتویەتـــیو لاشم وایە ووشەی ( پیری ) ئەگەر پێوانەیەکی هۆشیارانەو ووردی بـۆ بکەین‌و بیبەستینەوە بە بارو دۆخی ئابووری‌و کات‌و جێگاو سەردەمـەوە، واتایەکی تارادەیەك نیسبی‌یەو هەرگیز موتلەق نی‌یە ، چونکـــە ژیانـی مرۆڤیش وەك هەر زیندەوەرێك بەندە بە کۆمەڵێـــــك هـــۆی زاتی‌و مەوزوعی‌یەوەو لە مەودایەکی دیاری کراودا! ئەم هۆیانە کار لێك‌دەکەن‌و سنووری تەمەن دیاری دەکەن ، تەنانەت هەتا ئێستاش ، گەلێــك کــەس لــە تافی لاوێتی‌دا موو سپی دەکەن‌و هەمـــوو نیشانەکانـــی پیریـــــی تیایاندا دەردەکەوێت ، نالی لە سەردەمێکی هێندە نالەباردا ژیاوە کــــە هەژاری‌و نەبوونی‌و کزی دەرامەت‌و نەخۆشی‌و کەمی خواردنـــی باش‌و لاوازی هۆکانی خۆپاراستن بە بۆنەی دواکەوتنـــی پزیشکایـــەتیەوەو پەتاو قات‌و قڕو دواکەوتوویی هۆکانی هات‌چۆو گواستنـــەوەو سەرباری هەمووشی دڵەراوکێ ( قلق )ی بوون بە پێخوسی بێگانەو نـــا مسۆگەری ژیان ، دیارە هەناسەدانی نالی لە تەپ‌و تۆزی ئــــەو ڕۆژگـــارە ڕژدو نەگریسەدا هەروا ئاسان نی‌یەو کەم تا زۆریش گەڵای ناسکـــی تەمەنـــی ، ژاکاوو ڕەنگ پەڕیو دەکەن.تەنانەت چامەپڕ شکۆکەی کە بـــۆ سالمی هاوڕێی ناردووە نەك خۆی لە خۆیدا تەمەنێکی دووردرێژی پڕ لـــە ژان‌و سفت‌و سوێی‌یە بە تەنیا ، بەڵکو لێوڕێژە لە خورپەی دڵ‌و هەڵپرووکانـــی گـــــەڵای تەمەن‌و مردنێکـــی لــــە ســـــەر خۆی، پـــڕ لـــە ســـوێ هەموو دەسگا سەرژمێـــری‌یە پزیشکیەکان ڕێژەی ســـەدی‌و میعیـــاری تەمەنی ئـــەو سەردەمـــە ئێجگار لە ئێستا بە کەمتر دەزانـــن لـــەبەر ئەو هۆیانەی کە ڕوونم‌کردنەوە ، کەواتە ئـــەو هۆیانە بە تێکـــڕایـــی دەبنە ئامرازێکی کارا بۆ لێژکردنەوەی گولولەی تەمەنی لاوێتی نالی‌و دەرکەوتنی نیشانەکانی پیریێ بە هەموو دژواری‌یەکیەوە ، با تەمەنی کەمیش بێت‌و شایانی ئەو دیاردانـــە نەبێت .

ئەوەی بە لامەوە سەیرە کاکە حەمە لەم نامیلکەیەو لە کتێبی ( لە ڕێگای ئەدەبو لە پێناوی نالیدا ) و بۆ سەلماندنی هەمان ڕا ئەم تەنیا بەیتەی ــ کە کلیلی قەسیدەکەیەو ڕەنگی بیری سەرەکی هۆنراوەکە دەڕێژێ ــ بە ئەنقەستە تەورداسێ پەڕاندووەو نەیویستووە بیدا بە زەینی خوێنەردا !! ئەزانن بۆ ؟! چونکە هەموو بۆچوونەکانی کاکە حەمە ڕەت دەکاتەوەو دەیخاتە بەردەم گومانەوە ، ئەمەش ئەو تەنیا بەیتەیە(۱) :

نەقشی دوو موویی بە دوو ڕوویی دەبێتە عەیبی شەیب
ئاینەی ڕێزو پاکیە . ڕووناکیە نوورو شەمەط

سەیر ئەوەیە خودی دیوانی نالی کە کاکە حەمە پیاچۆتەوە ،
ئاوەها ڕاڤەی بەیتەکە دەکات :

( بوونی نەخشی دوو جۆرە موو ( مووی سپیو مووی ڕەش) بە دەموچاوی بنیادەمەوە . کاتێ ئەبێتە مایەی عەیبو مایەی ناشیرینی ئەگەر ئەو کەسە دوو ڕووبێت ..... ئەو ئاوێنەیەی کە ڕووی ڕاستەقینەی بنیادەمی تیادەرئەکەوێ مووی ڕەشو سپی بێیە .....) وەك ڕووبە لەم دێڕەدا نالی مووی سەری بۆزەو تەنیا ناوەرۆكو کردەوەیەك ڕوویی بەلاوە گرنگە نەك شێوەو ڕواڵەت .

( شەمەط)یش بە واتای بۆز دێو بۆزیش بەو جۆرە موواند دەڵێن کە ڕەشو سپین ــ نەك هەر سپی وەك لە دێڕەکانی هەمان هۆنراوەدا دەردەکەوێت ــ کەواتە یان نالی تووشی غەفڵەت بووە یان کاکە حەمە !! بێگومان نالی نە تووشی غەفڵەت بووەو نە ئەوەندەش ساکارە ، با بزانین چۆن و بۆ ؟! وەك دەرکەوت کاکە حەمە فەرامۆشی مەسەلە هونەریو زەوقیەکانی لێکدانەوەی نالی کردووەو هەندێ بنەمای سەرەکی ڕاڤەکردنی شیعری کلاسیکی کوردی بواردوە . ئەوەندەی من بزانم یەکێك لە دیاردەکانی هۆنراوەی نالی فیشانێ بازیە ( المبالغه )و ئەم سیفەتەش

نەخشی تەویلی زۆربەی قەسیدەو غەزەنەکانیتـــی و پێویست بـــە نموونەهێنانەوەش ناکات و ئەمەش حاسیەتی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی نەك کوردی یە بە تەنیا بەلکو ئەوروپایی و عەرەبیش دەگرێتــەوە . خۆ لەلایەکی کەوە نابێت دەوری ووشە ئارایی (بدیع) نالیش بخەینە پشت گوێ ، کــە بــە ئاشکــرا خۆی هەڵقورتاندۆتە ئەم بابەتەوەو ئەوەندەی تــر ئەو زیادە ڕەوییەی ( مبالغە ) پێ لێ هەجریوە .

ب :-

کاکە حەمە لە شوێنێکـــی تردا ٤ ئا ئەم بەیتەی کردۆتە دەستە گوێی ئوفتادەیی نالی و دەیەوێ لەم ڕێگایەوە پیریتـــی نالی بسەلمێنـــێ :

بــۆ مــەمك نالــی چ منــدالانــە وەی وەی کــردووە
گەرچـی مووی وەك شیـرە بــەو شیزە شکۆفەی کردووە

ئالێرەدا کاکە حەمە مەرجێکی گرنگی لێکۆلینەوەی بەسەرا تێپەڕیوەو بواردوێتی . ئەزانن بۆ ؟! چونکە خونچەی ئـەو بەیتە شیعرەی بـە لقـی سەرجەم غەزەلەکەوە هەڵپڕوکاندووەو بۆتە هۆی شێواندنی مەبـەستو ئاوو هەوای غەزەلەکە . چونکە نالی لە دێرەکانی پێشەوەی هەمان غەزەلدا دەڵێـــت :

نەخلـــی بــالات نەوبەرە . تازە شکۆفەی کـــــردووە
تۆ کە بــۆی شیــرت لــە دەم دێ ئەم مەمەت کەی کردووە

کەواتە لەم غەزەلەدا بەڕوونی دیاردەی جیـــاوازیە ( مفارقات ) تەمەنیەکانی نالی و خۆشەویستەکەیەتی و زیادە ڕەویەکانی ئـەم دیاردەیەش بـە زەقـی دەردەکەوێت و تەنیا مەبەستی نالیش دەربڕینی سـۆزی دەروونیی گەرموگوڕو پلەی خۆشەویستی و سووتان و خەمخواردن و خۆ بـە نـزم زانینە لە ئاستی دولبەرەکەیدا . نەك دەربڕینـی پیریتی و ڕیش سپی بوون ، تەنانەت زیادەڕەوی لە دەرخستنی پیرێتیەکەیدا لــە خزمەت دەربڕینی ئەو مەبەستە سەرەکیە دایە کە ڕوونم کردەوە واتە هۆیە نەك ئەنجام .

وەنەبێت بە تەنیا نالی ڕەوتەلی ئەم ڕیچکەیەبێت ، بەڵکو گەلێ شاعیر لەم مەیدانەدا ئەسپیان تاوداوەو خۆیان بە پیروو کەنەفت داناوە.کەچی لە هەمان کاتدا بە تەمەن پیرنەبوون . هەر بۆ سوونە وورد بوونەوە لە دیوانی (ڕازی تەنیایی) هەردی یان هێمن یان هەندێ بابەتی مەولەوی و مەحوی ئەم ڕایەم سەقام گیردەکەن و پێویست بە نموونە هێنانەوەش ناکات ، ئەبولفەراسی حەمەدانی لەم بۆنەو بابەتەدا دەڵێت[1] :

عذيري من طوالع في عذاري
ومن رد الشباب المستعار
وثوب كنت البسه انيق
اجرر ذيله بين الجواري
وما زادت على العشرين سني
فما عذر المشيب الى عذاري[1]

ئەگەر بە پێی بۆچوونەکەی کاکە حەمە بێت ، دەبێت ئەبولفەراس درۆ بکات !! چۆن لاجانگەکانی سپی هەڵگەڕاون و کەچی تەمەنیشی لە بیست تێنەپەڕیوە !!

ج- هەروەها کاکە حەمە بۆ سەلماندنی ڕاکەی کە تەمەنی نالی لە ٥٦ ــ ٥٨ زیاترە ئەم بەیتەی نالی هێناوەتەوە :ـ

ئەی تازەجەوان ، پیرم ئوفتادەوو کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکەستەم کە بەسەر چووم
قوربانی وەفاتم

نەئەبوو کاکە حەمە ئەوەندە ڕواڵەتکارو تیژپەڕ بوایە لە لێکدانەوەی ئەم بەیتەداو ووشەی (پیرم و ئوفتادەم) بەو شێوەیە بە هەڵەیدابەرێ ، ئەزانن بۆ ؟! چونکە لەهامان بەیتدا ڕستەی ( ئەی تازە جەوان ) هەیە کە مەبەست پێغەمبەرە ( د . خ ) ، دەرەنجام ئەگەر بەو بۆچوونە ڕواڵەت

کاریەی کاکە حەمەیێت دەبێت پێغەمبەر لاوو نالیش پیربێت ، چونکە لە بەیتەکەدا نالی ( پیرمو ئوفتادە )یەو پێغەمبەریش ( ئەی تازەجەوان )!! ئالێرەدا خوێنەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کاکە حەمە لەم جۆرە لێکدانەوانەیدا ڕووی دەرەوەی شیعرەکە دەبینێ نەك ناوەوە . ووزەی پێوانەو بەراوردوو شسولیەت ڕوانی شۆڕبوونەوەی ناخی قوتابخانەی کلاسیکی ئەوەندە بە گۆڕوگۆڵ نییەو پێویستی بە زیاتر خۆماندووکردن هەیە . چونکە وەك ڕوونم کردەوە نالی لەگەڵ دەرخستنی ڕواڵەتە پیرییەکەیداءلەو بەیتەدا مەبەستی دەربڕینی زەلیلیو ملکەچیو دەستەووسانیو ( اضمار الذات )ە لە ئاست پێغەمبەردا ، لەگەڵ بزواندنی دەریا ی هەستو لێبوردنو خۆشنوودی بەرامبەر بەنالی ، خۆ هەندێك لە هۆنراوەکانی مەحویو بێخودو زێوەرو (بوردە)ی عارەبیش لەم بابەتەنو ئەم هۆنراوەیەی نالیش دەچێتە خانەی شیعری نزاو پاڕانەوەو خواناسیو بێزاری دەربڕین لە ئاست دنیای فانیدا .

٤ :- لە جێیەکیتردا کاکە حەمە چەند بەیتێکیتریشی کردۆتە بنەما بۆ سەلماندنی ئەو ڕایەی کە گوایا تەمەنی نالی گەلێك زیدەترە لەوەی کە بۆی دیاریکراوەو ئەمەش یەکێکە لەو بەیتانە :-

هەرچەندە کە عومری خضرو جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

ئەم بۆچوونەی کاکە حەمە هەرگیز ناگونجێت لەگەڵ ڕاڤەی (دیوانی نالی)دا و ناشزانم بۆ کاتی خۆی کەپیایدا چۆتەوەو پاشەکی بۆ نووسیوەتەوە لەسەر ئەمە هەڵی نەداوەتێ ، یان ئەم بۆچوونەشی وەك ڕایەکی نوێ نەخستۆتە سەر پاشەکیەکەی مەرخۆیگەتەنانەت خودی کاك فاتحیش لە پێشەکیە بە برشتەکەیدا لەمەڕ ئەم بابەتە بەلای ئەم هۆنراوەیەدا نەچووەو من ڕاڤەی ( دیوانی نالی ) بە هۆشیارانەتر دەزانم لەم بۆچوونەی کاك حەمە ، چونکە تەنیا مەبەستی نالی لەم دێڕەدا نەگەیشتن بە هیواو ئاواتو مایەپووچی ڕێگای هاتو نەهاتی ژیانە .

بەڵێ ڕاستە بە سەدان ساڵیش پێش قۆناخی نالی تاکە تاکە هەبووە تەمەنی خۆی بگەیێنێتە هەشتا یان نەوەد یان سەد . خۆ لەوانەیشە نالی تەمەنی لەو کاتە دیاری کراوە پتر بووبێت ، بەڵام نەك بە بەڵگەو سەلماندنی ئەو چەند نموونەیەی کاکە حەمە ، کە ڕوونم کردنەوە ، چونکە نەیتوانیوە لە ڕێگای هۆنراوەکانیەوە لەپمان بخاتە سەر زامی ئەو کێشەیە ، من هەواڵەکەی خۆدزکۆو مەلا عەبدوللای جەلی زادە لە هەموو نموونەکانی کاکە حەمە بە سەلمێنەر تردەزانم لەم مەیدانەدا .

با ئەوەش بڵێم یەکێك لە مەرجە بنەڕەتیەکانی پرۆگرامی ڕەخنەو توێژینەوەو دیراسە پشت گوێ نەخستنی ئەو سەرچاوانەیە کە سوودیان لێ‌دەبینرێ ، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ڕایەك دەردەبڕینو پێش ئێمەیش لەلایەن کەسانی‌ترەوە هەمان ڕا ووترابێت ، دە بەو پێیە بێت هەرچی ڕای لە مەڕ بە تەمەن درێژی نالی هەیە مامۆستا فاتح عەبدولکەریمو مامۆستا مەسعوود موحەمەد لە دیوانی نالیو ( چەپکێك لەگولزاری نالی ) دا دەریان بڕیوەو چ داهێنانێکی نوێ لەم پەڕاوەدا بەپێش چاو ناکەوێ ، جگە لە هەندێ درێژەدان نەبێت ،سەیر ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك ناوی مەسعوود موحەمەد نەهاتووە نە لە دووروو نە لە نزیكو نە لە هیچ پەراوێزێکیشدا ، بە پێچەوانەی پێشەکی‌یەکەی کاك فاتح عەبدولکەریم کە بە ئەمانەتەوە دەستی بۆ سەرچاوەکان درێژکردووە ، واتە هەندێ لە زادەی بیروو بۆچوونو مێشك گوشینی مامۆستا مەسعوود دەستی بەسەرا گیراوەو خزێنراوەتە دوو توێی ئەو کتێبەوە ، نەك لەم بابەتەدا ، بەڵکو لەگەڵێ جێگەی تردا !!
ئەمە لە کاتێکدا کە دکتور علی جواد الطاهر لە کتێبی ( منهج البحث الادبی )دا دەڵێت گەرەکە دەست بۆ هەموو سەرچاوەیەك ڕاکێشرێ ، ئەگەر نامەی تایبەتیو نەشرەی سەر دیوارو نووسراوی سەر کێلو کۆنینەکانیش بێت !

خۆ ئەگەر وا ئەبوو ئەوا ئەمانەتی ئەدەبیو ڕاستی پێشێل دەکرێت !!

وەك لەسەرەتادا ووتم یەکێك لە مەرجە ئەخلاقیو کۆمەلآیەتیەکانی ڕەخنە داماڵینی ( تجرد ) هەموو هەواو هەوەسو ڕقوکینە تایبەتیەکانە ، بەلآم بەپێچەوانەوە ، کاکە حەمە بە گوڕ قونیوەتە گومی ئەم مەیدانەوەو کۆمەلێك تانەو تەشەروو قسەی ڕەقو تەنانەت بۆرە جنێوێشی سرەواندۆتە دە مارف خەزنەدارو هەندێك لە لاپەڕەکانی هەردوو کتێبەکەی کردۆتە مەیدانی شەڕە دەنووکێکی واوە کە خوێنەری کورد نەك بە تەنیا ڕەخنەی لێ دەبێزرێ بەلکو هەستی جوانناسیو زەوقی ئەدەبیشی تێك دەچێ هەر بۆ نموونە کاکە حەمە دەڵێت : ( هەر دوکتۆرو پرۆفیسۆرێکی چێو لە تاریکی وەشێن ٠٠٠) یان دەڵێت ( بەلآم سەد بریا ئەم عومرە درێژەی دوکتور لەگەڵ نالی بەسەری بردووە ئەوەندەی درێژیەکەی پانیش بوایە ٠٠ ) با لێرەدا یەك لایەنی ڕوان نەبمو ئەو تانووتانەی دە خەزنەداریش کە لە کاکە حەمەی داوە نەبوێرم ، سەیرکەن دە خەزنەداریش ئا بەم شێوەیە باسی کاکە حەمە دەکاو بە بالآی دەبڕێ[1] ( بەلآم ئەوانەی سەر بۆ سەرووی خۆیان شۆڕ دەکەنو کڕنووشیان بۆ دەبەنو دەشزانن شایانی ئەوەنین ، ئینتهازین ، وەجارێکی تر بچووکتر دەبنەوە کەوا دەزانن ئەوانەی لە خۆیان نزمترن دەبێ سەریان بۆ شۆڕ بکەنەوە ) هەروەها دەڵێت[2] ( خوێندەوارێکی تازە بابەت کە تەپڵ بۆ هەموو دەورو زەمانێك لێ دەدا ، لای شوورەیی نی یە چۆکێ دابداتەوەو کڕنووش بۆ هەموو جۆرە بتێك ببا ، بەلآم ئەو کاتەی بتەکە دەشکێنرێ جارێ فرمێسکی بۆ دەڕێژی چونکە باوەڕ بە شکانەکە ناکا، کە بەتەواوی بۆی ئاشکرا دەبێ کە شکاوە نامەردانە بە پێ دەچێتە سەر بتی شکاو بۆ ئەوەی ووردو خاشتری بکا ٠٠٠) ئالێرەدا ئەوەی لەسەرمە بیڵێم ئەوەیە ، کە با لاپەڕە پیرۆزەکانی ئەدەبی کوردی ئەم سەردەمە نەکرێتە دیوجامەو لە پەنایەوە قەڕەولی ڕقوکینەو مەسەلە شەخسیەکان بگیرێ بە ناوی دڵسۆزیو پێشکەوتن خوازیو مەنهەجیەتو ئەم زاراوە فوودراوانەوە !!

له مەیدانی هەموو پرۆگرامە زانستی‌یەکانی ئەم سەردەمەدا دیاردەیەکی ئاشکراو بنج بەستو بڕیار لەسەر دراو هەیەکە ئەویش دووبارە نەکردنەوەی شتی خەڵکەو ئاسنی سارد نەکوتانە لە هەموو بابەتێکی لێکۆڵینەوەدا لەمەڕ نازناوی مەلا خدری میکایەلی کە ئایا ( نالی )یە یان ( ناڵی ) کاکە حەمە هەمان دەق و ڕاو بۆچوونەکانی کاك فاتحی برای کە لە پێشەکی ( دیوانی نالی )دا نووسیویەتی هێناویەتەوەو بە شێوەیەکی تر دایڕشتووە بێ ئەوەی شتێکی تازەی ووتبێ ، تەنیا بابەتێ کە ووتبێتی لەم بۆنەیەدا ڕایەکی نوێیە • ئەگەر لە ووزەیدابێت داکۆکی لێ بکات و بە بەڵگەی مەیدانی بیسەلمێنێ بەڵام نەیتوانیوە تەنیا نسویەکی ڕەوان و وورد بهێنێ ، دەبا بپرسین ئەم ڕایە دەڵێ چی ؟! کاکە حەمە دەفەرموێت ( یەکەم ئەوە وەکو ووتمان خوێندنەوەی ( ناڵی ) بەلامی قەڵەو هەرگیز لە ناوچەی سولەیمانیدا باو نەبووە کە زێدو نیشتمانی نالی‌یەو زاراوەی‌سنەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ناو هەندێ ڕۆشنبیری کوردوستانی عێراقیشدا بڵاوبوەتەوەو ، بەرەی خوێندەواری مزگەوت لە ناوچەی باباندا کە تا ئەم دوایی‌یەش هەر ئەوان بوون شارەزای ئەدەبی کلاسیك بوون کەسیان نالی بە لامی قەڵەو نەخوێندۆتەوە ) بۆمان هەیە بپرسین لەکەیەوە ئەو لامە قەڵەوە پەڕیوەتە ناوچەی بابان ؟ ئایا مەبەست ( لەم چەند ساڵەی دواییدا ) کەیەو کەی ئەوە شێوەی زانستانەیە لە دیاری‌کردنی کاتداو چۆن حیسابی ئاوەها هەر مەیی بۆ کات دەکرێت ؟! بێگومان ئەم ڕایە پێویستی بە چەند دەقێکی شیعرو پەخشانو قەواڵەو کەرەسەی مێژوویی سەلمێنەر هەیە ، هەروەها پێویستی بە بەراوردێکی مەتتیقیانە هەیە لە نێوان ئەو ووشانەدا کە ئەگەر ئەم لامەیانتێدا بگۆڕری ئەو واتایە دەدۆڕێنن ، خۆ کاکە حەمە بەرخوزداریێت هیچ لەمانەی نەکردووەو لەوەش دەچێت ئەوەندە ڕانەپەرموێ خوێنەری کوردا کە هەست بەم شتانە دەکات و بە قسەی ڕووت داناکسێ و داوای ئەنجامی ووردوو بەجێ دەکات ،

له لایه‌کی‌که‌وه گواستنه‌وه‌ی پیتێك له زمانی ئاخاوتندا له ناوچه‌یه‌که‌وه بۆ ناوچه‌یه‌کی‌تر کاتێکی زۆری ده‌وێ‌و هه‌روه‌ها به ئاسانی به چه‌ند سالێك ناقه‌بلێ ! بائه‌وه‌ش بلێم سه‌لماندنی ئه‌م رایه پێویستی به به‌راووردو تاووتوو هه‌یه له میانه‌ی زمانی ( ئاوێستایی — په‌هله‌وی فارسی )و له‌هجه کوردیه‌کاندا ، هه‌ر سه‌باره‌ت به‌م رایه سه‌رم کرد به کۆشی هه‌ندێ سه‌رچاوه‌و نووسراوی کتێبخانه‌ی کوردیدا ، ئه‌وه‌ی له‌م باره‌یه‌وه به‌رچاوم که‌وت حه‌سه‌نی قزلجی له گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد به‌رگی شه‌شه‌م ۱۹۷۸ ل ۱۷۲دا ووتارێکی به برِشتی له‌م باره‌یه‌وه نووسیوه‌و به‌لای ئه‌مه‌ی کاکه حه‌مه‌دا هه‌ر نه‌چووه ! ئه‌وه‌ی نووسیویه‌تی گۆرِانی (ل)ه به ( ا . د ) ، هه‌روه‌ها له ( چه‌ند حه‌شارگه‌یه‌کی رێزمانی کوردی‌دا ) له ل ۹٤ باسی گۆرِانی ( ل ) ی قه‌له‌و ده‌کات به رێ ناسك‌نه‌ك (ل) ی بچووك !! ته‌نانه‌ت حه‌سه‌نی قزلجی باسی هه‌موو پیته‌کانی کردووه ، نه‌ك ( ل ) ، هه‌روه‌ها مامۆستا موحه‌مه‌د ئه‌مین هه‌ورامیش له ل ۱٤٦—۱٤٧دا هه‌ر ئه‌وه‌ی دووباره کردۆته‌وه که لامی قه‌له‌و ده‌بێته (ر)و چه‌ند نموونه‌یه‌کیشی له‌سه‌ر ئه‌وه هێناوه‌ته‌وه ، ئه‌وه‌تا ده‌لێت :

( ئه‌م ده‌نگه کونسونانه ( ل ) له ناوچه‌ی شاره‌زوورو سوله‌یمانی‌و هه‌ورامان‌و جوانرِۆو گه‌رمیان‌و هه‌ولێردا هه‌یه ، به‌لام له ناوچه‌ی خۆشناوه‌تی ده‌بێ به ده‌نگی (ر) ی هه‌ژار ، گه‌لاله ده‌بێته ( گه‌راره ) ، گه‌لا ده‌بێته گه‌را .

گریمان راکه‌ی کاکه حه‌مه وایه‌و لامه بچووکه‌کانی قه‌له‌مرِه‌وی بابان له ووشه‌کانا به کوفله‌کوونێ بوون به لامی قه‌له‌وو ( نالی )ش به په‌له قۆدێلی لامی بچووکی گۆرِی ، ئایا ئه‌م ووشانه‌و گه‌لێکی‌که چیان لێ‌دێ‌و سه‌ر به چ کونێکه‌وه ده‌نێن‌و چۆن پێکرِالکان ( التباس )دروست نابێ ؟! ووشه‌کانیش: په‌له ، کول ، بله ، مله ، قاله ، که‌ل ، گه‌ل ، هه‌له ، گل ، چل ، سل ... ) بێگومان ئه‌گه‌ر ئه‌و لامانه بکرێنه لامی

قەڵەو ، واتاکان دەگۆڕێن و دەبنە پەلە ، کوڵ ، بڵە ، مڵە ، قاڵە ، گەڵ ، گڵ ، چڵ ، سڵ .. کوردیش لەم جۆرە واتایانەدا بە دەستی بەتاڵ دەمێنێتەوەو بە پەلە ڕاوکە بۆ ووشەی تازە دادەنێو داوا لە نالیو شاعیرەکانی ئەو سەردەمە دەکات کە بە خێرایی هەڵیهێنن !! ئیتر نازانم هۆی ئەم دیاردەیە لای کاکە حەمە چۆن وەها دەکەوێتە وە ؟

سەیر ئەوەیە لە هۆراوەکانی خودی نالیدا دەیەها بەیت دەبینین کە جمەی دێ لە لامی قەڵەوو بچووك .

دەرەنجام ( نالی ) یان ( ناڵی ) بە ئارەزووی ئێمە نییە ، تا چۆنمان دەوێت بەو شێوەیە بەکاری بهێنین ، بەڵکو واتاو جۆری قافیە دەیگۆڕی جگە لە پەیڕەوکردنی هەندێ هونەرکاریو ووشەئارایی کە ( نالی ) سەرتۆپی ئەم مەیدانەیە ، هەروەها وەك ڕاستییەکی زمانەوانی لامی قەڵەوو بچووك وەك دوو پیتی جودا دەمێکە چێی خۆیان لە زۆربەی دیالیکتە کوردیەکانا کردۆتەوەو لە دەیان ووشەدا بەدی دەکرێن .

— ٣ —

سەربارەت بە چوونی ( نالی ) بۆ میسر یان نەچوونی کاکە حەمە وەك دوو هەنگی لەدارێکدا دۆزیبێتەوە بڕیاری ئەوەی داوە لای خۆیەوە کە نالی چووە بۆ میسرو گەواهی ڕاکەشی ئەم چوارینە فارسییەی خودی نالییە :

( ١ )

سوی مصربست مرا عزم ازین لجەغم
تاکەدرنیل کشم جامەز بیدا دوستم
میرود نالی از اینجا چو حریص از دنیا
بالب خشكو کف خالیو چشم پرنم

ئەمەش دەقی بڕیارەکەی کاکە حەمەیە ( لە شیعری نالی خۆیدا نیشانەیەکی ئەوەش هەیە کە سەری لە میسریش داوە ... ) لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی کاکە حەمە نیشتنە ملو بڕیاری دوور لە گیانو

تێگەیشتنی چوارینەکەیە ، چونکە نالی بە موتلەقی نەیووتووە کە دەڕۆم بۆ میسر بەڵکو ووتویەتی ( سوی مصراست مراعزم ۰۰۰ ) واتە بڕیارم داوە یان نیازم وایە بڕۆم بو میسر ، ئیتر نازانین ئەم بڕیارە هاتۆتە دی یان نا ؟! تەنانەت لە ( دیوانی نالی ) شدا بەم شێوەیە لێك دراوەتەوە ( واتە نیازی ئەوەم هەیە ۰۰۰۰ بە داخەوە هیچ لە بارەی ئەنجامی ئەم نیازەی نالی‌یەوە نازانین چووە یانە،ئەگەر ەجووە،چی پەکی خستووە؟!) ئیتر نازانم بۆ کاکە حەمە لە کاتی پێداچوونەوەی ( دیوانی نالی )دا ئەم بابەتانە گۆمی سەرنجیان نەشڵەقاندووەو ، کامیان لای ئەو ڕاستترەە ( دیوانی نالی ) یان ئەم ڕایەی ئێستای ؟! چونکە وەك لە بابەتەکانی پێشوو دادەرکەوتو دەریش دەکەوێت کاکە حەمە لەم ڕایانەیدا بێ ئەوەی هەست بکات دژی ( دیوانی نالی ) دەوەستێتەوە ، خۆ ئەگەر بە ئیزافەوداهێنانیشی بداتە قەڵەم ئەوا گەرەکە دەست بۆ دژ بە یەکەکانی(تناقضات) ئەم پەڕاوەی‌و (دیوانی نالی) ڕاکێشی؛چونکە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یانە پیویستی بە دەست‌نیشانی سەرچاوەکانی پێشوو ڕێژەی لادان‌و سەقەم‌گیربوونیان لەگەڵ ڕاو بۆچوونە نوێکانا هەیە !! لە لایەکیکەوە ئەو مەسەلە تەوریەیەی مەڕ ( لجەءغم ، لبخشك چشم پرنم ) ئێجگار دوورە لەو ڕایەی کاکە حەمەوەو مەسەلەکەش تەنیا ( تناسب )ە وەك هونەرێکی ( بدیع )ی و بە هیچ شێوەیەکیش ئەو بۆچوونە خزمەتی مەبەستی نالی ناکات لە چوارینەکەدا ۰

تەنانەت لێکدانەوەی ( دیوانی نالی ) مەڕئەم چوارینەیەشم هەر بە دڵ نی‌یە ، چونکە ئەوەیان بەسەردا تێپەڕیوە کە شین‌کردنی کراس مەبەست چی‌یەو ئەم نالی‌یە بێ‌نەواو ڕەهەندەی وولاتانە بۆ کراسەکەی[1] لە نیل هەڵدەکێشی‌و ئەم کردەوەیە تا چەند خزمەتی باری دەروونی‌و هەڵویستی نالی دەکات ! بەهەر حاڵ ! من وای بۆ دەچم کە (نالی) بۆ بەبادانی خەم ناچێت بۆ میسر ، چونکە باسی نیل‌و کراسەکەی دەکات ، بەڵکو بۆ ئەوە دەڕوات کە خەمەکانی بکاتە دروشم ، چونکە کراسەکەی وەك لە

خومخانەدا شین دەکات کە بەڵگەی خەفەتباریە ئە ئاوەهاش لە نیل هەڵی ـ دەکێشێو شینی دەکاتو دەیکاتە سەر لەوحەی ژیانو دەروونی پڕ لــە سوێی ، جێی قایلبوونی مێشکیش نی‌یە کە لێوی ووشكو دەستی بەتاڵو چاوی پڕ فرمێسك بە میسر چوون بڕەوێتەوەو ئەم جۆرە لێکدانەوەیەش ئێجسگار نامۆیە بە بیری باڵا دەستو فرە لایەنو قوولی ســەردەمی پیرێتی نالی لوتکەو مەزن ، مامۆستا مەسعود موحەمەدیش لەسەر هەمان ڕایەو لە کتێبی چەپکێك لە گوڵزاری نالیدا دەڵێت ( نالی نیازی چوونی بۆ ( مصر ) هەبوو ، بەڵام نازانێ لە سلێمانیەوە ئەم نیازەی بووە ، یاخود دوای لێدەرچوونی بە دڵیدا هاتووە بڕوا بۆ ( مصر ) ۰ ل ۳۳ چەپکـێ لە گوڵزاری نالی ۰

— ٤ —

سەربارەت بە نیشتمانپەروەرێتــی نالی کاکــە حەمە شتــێ شتبـێ نەیووتووە ، ئەگەر بەراووردبکرێت لەگەڵ (دیوانی نالی) مەڕ ئەم بابەتەداو تەنانەت هەرشتەکانی ئەوێیە گوازتویەتیەوە ، هەروەهـا جارێکــیدی نامەکەی نالی بۆ سالمی نووسیوەتەوە بێ‌ئەوەی ووشەیە ، پیتێ ، ڕستەیە ، دێڕێ لابرابێ یان خرابێتە سەری ، یان پاشو پێشێ هاتبێتــە گـۆڕێو نکوولیش لەوە ناکرێت کە ئەم نامیلکەیەی کاکە حەمە بابەتێکــی حازرە دەستی هەموو خوێنەرێ نی‌یەو بۆ تاقمە ڕۆشنبیرێکی تایەتـــی‌یە بڕواش ناکەم ئەو ڕۆشنبیرە تایەتیانە چەندەها جار دەوری ئەم نامەیـان نەکردبێتەوەو لەگەڵیا نەژیابن ، ئیتـر نازانم کوا داهێنانو چ پێویست بەو دووبارەکردنەوەیە دەکات لەم چەرخی خێراییو پڕ دۆزینەوەیــەداو ئەم هەموو ڕاوحکردنو جوینەوەیە بۆ ؟! لەمەڕ ئەم بابەتە گرنگەدا دەمەوێت بۆ یەکەم جار لە دەرگایەك بدەم کە تا ئێستـــا کــەس لە لێکوڵەرەوەو نووسەرەوەی مەڕ نالی لێی نەداوە ، ئەویش ئەوەیە کــە نالــی وەك ڕۆشنبیرێکی هوشیارو نیشتمانپەروەری سەردەمەکەیو سەرتۆپــی شاعیرە پێشکەوتووەکانی میرنشینی بابان ، تەنیا بەیتێك چیــە نەیووتووە

سه‌بارەت به کێشه خوێناویو دڵ ته‌زێنه‌که‌ی نێوان[1] میرنشینی بابانو سۆران ، خۆناشبێو ناشتوانین بڵێین نالی ڕۆشنبیروو لوتکه ئاگای له‌م کاره‌ساته پڕ له سوێیانه نه‌بووه ، ئه‌وه‌بوو خۆخۆیو ته‌ماعی میره‌کانو گرێ کوێره‌ی سه‌رکردایه‌تی ( عقدة الزعامة ) و. کزی هۆشیاریو تێچاندنی بێگانه‌و سه‌رباری ئه‌مانه‌ش چاوبڕینی دوژمن بۆ ناوچه‌که‌و ڕژدی سنووره بێ ئامانه‌که ... هتد بوونه هۆی هه‌ڵپرووکانی چووزه‌ره‌ی ئه‌و خونچه گه‌شو پیرۆزانه ، به‌هه‌ر حاڵ ئه‌گه‌ر نالی وه‌ك هه‌ندێ ڕۆشنبیری ساکارو تیژپه‌ڕ ده‌ڵێن شاعیرێکی ده‌ربار واته خه‌ساوی میره‌کان بوایه خۆ ده‌بوو شتێکی له کۆمه‌کی بابانه‌کاندا بووتایه دژی میرنشینه‌کانیتر !

به‌لای منه‌وه هۆشیاری سیاسیو ڕه‌ندیو ڕا دامه‌زراویو نه‌فس به‌رزی نالی ئا لێره‌دا به‌ده‌ر ده‌که‌وێ ، چونکه وه‌ك ماری په‌پکه‌خواردووی سه‌ر ئاگر هه‌ر گینگڵی داوه‌و هه‌موو ده‌رگاو په‌نجه‌ره‌کانی لێ داخراوه‌و ئه‌وه‌نده‌یتر دڵه خوێناویه‌که‌ی دراوه به‌چلاکی خه‌می ده‌رده‌کوردا .

ته‌نانه‌ت ئه‌و کانیه سازدو ته‌ڕوه بێ گه‌رده‌ی شیعره‌مرواریو گه‌وهه‌ره کانی له ئاست پایزه وه‌رزی ئه‌و خۆخۆریه‌دا یه‌ده‌کی ئه‌مو ئه‌وه‌دا دڵۆپی به‌یتێك چیه نه‌هاتۆته گۆ ، واته په‌تای شه‌ڕه میرنشینو ده‌رده‌کوردو براکوژی به جۆرێك چوارمێخه‌ی کیشاوه‌و له په‌لوپۆی خستووه که هه‌رگیز نه‌توانێ ته‌نیا به‌یتێك چیه بکاته شاباشی ئه‌و شایه خوێناویه‌ی نێوان بابانو میرنشینه‌کانیتره دیاره ئاگره بره‌ی شه‌ڕی براکوژیش گه‌وره‌ترین به‌رپرسیاریێ ڕوشنبیری هوشیارو دلسۆزه له هه‌موو سه‌رده‌مێکدا

خۆناشبێت ئه‌وه فه‌رامۆش‌که‌ین، که حه‌زره‌تی نالی شاعیرو ڕۆشنبیرو مه‌لا چاکی سه‌رده‌مه‌که‌ی ، نه‌هاتووه ، وه‌ك مه‌لای خه‌تێ یان گه‌لێك زاناو به ڕواڵه‌ت ئایینپه‌روه‌ری هه‌موو سه‌رده‌مێك !! ده‌قه ئایینیه‌کان بکه‌نه سابوونو ده‌ستو پلی خوێناوی سولتانو میره‌کانی پێ پاك بکه‌نه‌وه ، یان به دوای پوولو پاره‌و پایه‌دا نه‌گه‌ڕاوه‌و چاوه‌نواڕی ئامشۆو ڕه‌وتی گه‌وره

پیاوانیشی نەکردوەو نە بەخواهیشتو نە بە زۆرە ملیو چار چییە ! توخنی فەتواو قەبلاندنی ژێر پەردەیش نەکەوتووەو پاراستنی شەرەفی شاعیرێتیو ئایین پەروەرێتیەکەشی زۆر کەوتووە لەسەریو تا دوا هەناسەی دلە گەورەکەی وەك هەلۆیەکی زامداری لانەوێران ، لە ئاستانەی ساردوو سڕی ئاوارەییو غەریبی وولاتاندا سەری نایەوە ، تەنانەت تەپو تمو لێزمە بارانی کەساسی و دەربەدەری شامو حیجازو ئەستەموڵ نەیتوانی چرای ئەو دلە بەهەرەکەتەی بکوژێنێتەوە ئەو دلەی کەسیخناخبوو لە ئەوینی خاتوو حەبیبەو شارەزوورو خاكو خۆڵو تانجەرۆی خەمدا .

— ٥ —

سەبارەت بە ڕێبازی فەلسەفەگەرێتی ( نالی )

کاکە حەمە ڕای وایە کە (نالی) سەربە قەدەریەکانەو گەواهی ئەم بەلگەیەشی لەو هەموو هۆنراوەیەداو بە پانو پۆڕی ئەو دیوانە گەورەیە تەنیا بەیتێکە ! ، واتە تەنیا بەیتێك بەند بەندی ڕای نالیو تاقمە جوداکانی قەدەریشی تێبگوشراوە ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ !!

ئەوەی ئێجگار جێی داخو کەسەرە ، ڕەخنەگرو پسپۆڕەکان لە ئاست ئەم هەلە زەقەی کاکە حەمەدا — کە ئێستا ڕوونیدەکەینەوە — بێدەنگنو ورتە ناکەن ، زۆر کەرەت هاوڕێ ئەدیبەکانم بەوە جارزم دەکەن کە گوایا لە ڕەخنەکانمدا حەپۆلکی کەس نادەمو موو بژێری بەرهەمەکان دەکەم ، دەباشە ئێوەو خواتان ئالێرەدا چ بکەم ؟! ئایا ویژدانی ئەدەبیو ئەمانەتی پیرۆزی ڕەخنە لێم دەگەرێن کە بەسەر هەلەی ئاوەها شاخداری نووسەرێکی ناسراوو بەرێزی وەك کاکە حەمەدا بڕۆمو چاوی لێبپۆشم ؟! بەهەر حاڵ پەیامی خزمەتی ڕاستیو ڕەخنەی بنیاتنەر لای من گەلێك مەزنترن لە هەموو ئیعتباراتێکی پوتورکاوی ئەم کۆمەلەی کە لە ناتەواویو دواکەوتندا سەرلێوە !

سەیرکەن کاکە حەمە کەوتۆتە چ هەلەیەکی زەقەوەو چۆن دەرگاو پەنجەرەی لۆژیکی لێداخراوەو چۆن بە لنگەوقووچی پێناسەی (القدرية)

دەکاتو نازانم بۆ پەنای نەبردۆتە بەر تەنیا سەرچاوەیەك بۆ لێکدانەوەی بیروڕاو هەڵوێستی قەدەریەکان ؟! لای من دیراسەو لێکۆڵینەوە پێویستی بە خۆماندووکردنو هەناسە درێژی و دەور کردنەوەی سەروەری سەرچاوەکان هەیە ، بەهەر حال کاکە حەمە ئاوەها ( القدریە ) مان پێدەناسێنی[1] _ ( قەدەریەت ( القدریّة ) یەکێکە لە پێڕەوە فەلسەفیە ئیسلامیەکان بە لای ئەهلی سونەتەوە لە ( بیدعەت )واتە شتی داهێنراوی لە ئیسلاما نەبوو دائەنرێ ، قەدەریەکان لایان وایە بنیادەم لەبەردەم ئیرادەی خوادا وەك پووشکەیەك وایە بەم لا بەولایا بەرێو دەسەڵاتی هیچی تیا نەبێ ئەگینا خوا لە ئەزەلدا لەسەری نووسیوە کە ئەبێ ئەو کارە بکا ئیتر چاك بێ یاخراپ بێ ..)

خوێنەری ئازیز من دەستی کاکە حەمە دەگرمو چاوی تۆش دەخەمە سەر ئەم سەرچاوانەو بەم شێوەیە[1] پێناسەی قەدەریەت دەکەمو تکایە خۆت بەراوورد لە میانەی هەردووپێناسەکەدا بکە، (یەکەم کەسێ کە بانگی بۆ ئەم پێڕەوکە فەلسەفیە ڕاهێشت ( معبد الجهنیو غیلان الدمشقی ) بوو ، ئەمانە بە پێچەوانەی جەبریەکان دەڵێن ( مرۆڤ خۆی ئیشەکانی خۆی فەراهەم دەهێنێ ویست ئیرادەو بڕیاری خۆی نەخوداو نەهیچ هێزێکی گەردوونی مافی دەستتێوەردانو سەپاندنی ئیشەکانی نیەو تلیلی چارەنووسیش هەر بەدەست خودی ئادەمیزادەوەیە ، واتە خودا لە ئەزەلدا چارەنووسو ئیشەکانی مرۆڤی بڕیار نەداوەو گەرەکە خودی مرۆڤ بیروڕاو ئیرادەو چارەنووسی خۆی بەدەست خۆی بێ)

تەنانەت هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەم بیروڕایە دەگەڕێننەوە بۆ فەرمان ڕەواکان کە لەو ڕێگایەوە هەندێك لە مرازە سیاسیەکان بەدی ئەهێنن وەك بنەمایەکی یاسایی و تیۆری ، واتە ئادەمیزاد قەدەری خۆی بەدەست خۆیەتی .

ئالێرەدا بە ڕوونی دەرکەوت کە پێناسەکەی کاکە حەمە دەقاو دەق لنگەو قووچەو پێچەوانەیە ، بەهەر حاڵ بیروڕای قەدەریەتەکەی کاکە حەمە ! پێڕەوکەی فەلسەفی تاقمێکی‌ترە کە ناویان ( الجبریە )یەو لێکدانەوەکەی کاکە حەمەش تاك‌و فیق‌کەوتووە ، سەیرکەن بە گوێرەی سەرچاوەکانی ڕابووردوو چۆن قەدەریەتەکەی کاکە حەمە دەبێتە ( الجبریە )و هەرهەمان بیرو ڕا نیە ؟!

ئەوانەی کە لەسەرەتادا بانگیان بۆ ئەم پێڕەوکە فەلسەفیە ڕاهێشت ( الجعد بن درهم وە الجهم بن صفوان )بوون ، ئەوە بوو جەهم کوژرا ، ئەمانە ڕایان وابوو کە مرۆڤ هیچ دەسەلاتێکی نیە لە هەڵبژاردنی چارەنووس‌و کردارو هەڵس‌وکەوتی خۆیدا خۆکردەوەکانیشی سەپاوە بەسەریاو بە زۆر لەلایەن خوداوە پێی‌دەکرێت ، یەکێ لەوانەی کە ئەم جۆرە بیروڕایانەیان برەو پێ‌ئەدا موعاویە بوو ، بۆ بنج بەستکردنی کردەوەو ڕاکانی ، گوایە ئەوەی کە دەیکات بەدەست خۆی نیەو خودا پێی‌دەکات )ئێستا دەرکەوت کە ( جەبریەت ) لای کاکە حەمە بۆتە ( قەدەریەت ) ،واتە نالی لای کاکە حەمە جەبریەو بڕوای بە ئیرادەو تواناو هێزی مرۆڤ نیەو ئادەمیزادیش پووشی سەر ئاوەو هەموو کردەوەو هەڵس‌و کەوتەکانی جلەوەکەی بەدەست خودایەو ئەو کەمەندکێشی دەکات ، ئەم مامەڵەیە لەگەڵ نالیدا نەك هێندە ساکارو ڕواڵەتبینە بە تەنیا بەڵکو کوت‌و تەوقێکی قورس‌و گرانەو بە ناهەق کراوەتە ملی نالی ، خۆ شونوناسنامەی [1] جەبریەتەکەی ! نالی لای کاکە حەمەش تەنیا ئەم بەیتەیە :

چەندە[2] پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت ( نالیا )
هەردو حەیوانین ئەتۆ گوێ کورت‌و ئەمنیش گوێ درێژ .

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پڕ نووری مەلا خدری میکایەلی کە ئەوەندە دوایین بووەو زانیویەتی دوای خۆی هەندێ لە شیعرەکانی سەقەت دەکرێن کە ووتویەتی :

لەجگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراب
بێخەتا کەس نییە ڕازی کە لە ئەولادی درێ

ئەم پێڕەوکە فەلسەفیانە ، هەر لە قەدەریەوە هەتا جەبری و موعتەزلی و مورجەئەو ئەشعەری .... هتد بەشێکن لە ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و بنەمای فەلسەفی و فیکری تاقمە حوکمرانو دژەکانیان بۆ دەستگرتن بەسەر کاروباردا هەتا لەو ڕێگایانەوە بەرژەوەند چینایەتیەکانی خۆیانی پێ بپارێزن ، لە هەمان کاتدا ئەم پێڕەوکە فەلسەفیانە بەشێکن لە ڕەنگدانەوەی کێشەی چینایەتی و فەرمانڕەوایەتی ، بەڵام بەگەزو گەرێ و شێوەی جۆربەجۆری قۆناخەکەی خۆیان .

نالی یەك بە دانپیانانی کاکە حەمەو هەموو لایەك هۆشمەندانەتەوە پەرست و نیشتمانپەروەری سەردەمەکەی بێت ، چۆن دەبێتە جەبری ! و جڵەوی ئیرادەو دەستەڵات و هۆشمەندی لەدەست خۆی دەداو خودی خۆی چەك دەکات ؟! ئەمە لە کاتێکدا کە جەبریەت لای خودی مەزهەبە ئیسلامیەکان بەرپەرچ دراوەتەوەو بەدواکەوتوو دانراوە ، بە هەرحال ! ئەم چەند دێڕە شیعرەی خودی نالی کە لێرەدا دەیانهێنمەوە ، هەموویان بۆچوونەکەی کاکە حەمە ڕەتدەکەنەوە چونکە سیمای چوون بەگژ واقیع و ڕەفزو خۆڕاپسکان و نەبەزین و ملنەدانیان تێدا وەك ئەستێرە دەدرەوشێتەوە ، نالی دەڵێت :

لێم حەرامە دانەو ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدە بازم نەك شەوارەی دەستە مۆم
تابەکەی وەك ڕاویەو . وەك سانیەی سێ پەل شکاو
بۆ طەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هەر بخۆم
من لەوانەم چی کەوا ئەهلی وەسیلەو مەسئەلەن
عامیل و ناچارو مەعذوور ئەڕ بڵێن هەز بێنە بۆم
. . . . . . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . . . . . .

هەروەها نالی دەڵێت :ـ

موطمەئین خاطرو ئەیمەن مەبە هەرگیز لە شـەڕی
نەفسی ئەممارە ، کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییـە

سەیرکەن باهەر بۆ نموونە ڕاڤـەی ئەم تەنیا دوو بەیتەی تری مـەڕ دیوانی نالی ببیسین :ـ

حەرەکاتـم سەکەناتو سەکاناتم حەرەکـات
چوستـە سستـی ، قەویە ضیعفو سەریعە کە سەلم
خوانی ذیشانی جیهان هەنگـی خۆشاهەنگە ، دەلـێ
مێشی دەم نۆشمو ، دوم نێشتمو ، عەکسی عەسەلـم

واتە(۱) جوولەم وەك دامرکان وایەو کەس پێی نازانێ ، کـەچی لـە ڕاستیشدا هەر لە حاڵی جووڵەدامو کار ئەکەمو تاوێکیش دامرکانم نیە هەمیشە هەر لە جووڵەو کاردام ، سستیم لە ئاستی زیۆنی خەڵکدایـەو بێهێزیم لە ئاستی بزێوتی خەڵکدایەو ، بێهێزیم لە ئاستـی هێزیانـدایەو تەمەڵیم لە ئاستی پەلەکردنیاندایە ، واتە لە کەس ناچم و لە هەموو دیمەنێکی بزێویی ئادەمیزاددا لە خەڵك باڵاترم ) .

ئا ئەم خۆ ڕاپسکانو جووڵـەو کۆڵنەدانو بـزێویو ڕوو بـەڕوو بوونەوەیەی نالی لەگەڵ ئەو خەڵكو سەردەمەیدا باشترین نموونەی دژ بـە جەبریەتو دەسشۆردنە لە مەیدا کێشە پڕ سوێکانـی سەردەمەکـەی ، ئالێرەدا دەقێکی ئەبو حەیانی تەوحیدیم بەبیردا دێت ، کە یەکێکـە لـە موعتەزیلیەکانی سەدەی چوارەم ، هەرە دژی جەبریەکانیشـە ، ( ودع الضجر والکسل وحب العاجلە انها داء دوي ، الحرکە ولود والسکـون عاقـر .... )

هەروەها ئەو هۆنراوانەی نالی کە گەمە بە هەندێ زاهیدو دەروێشو سۆفی دەکەن وەك لاپەڕە (۱۲۸) لە هۆنراوەی ( ڕیشەکەی پانو درێژە )

یان هۆنراوەی ( بنوارە وشکە صۆفی ) لە لاپەڕە ٤٦٦دا بە تێکڕایی هەڵوێستی عەقلانیەتی نالی دەردەبڕن لەمەڕ هەندێ دیاردەی باوی سەردەمەکەیدا ، سەد بریا کاکە حەمە لە هۆنراوەی ( لایقی مەخزەنی°° لە٢٨٨ )دا دەست نیشانی هەندێ پێرمەوکەی فەلسەفی نالی بکردایە چونکە بڕیاردان لەسەر ڕیبازی فیکری و فەلسەفی مرۆڤێ بە تەنیا بەیتێکی کەم کەرەسەودانی وەك ئەو بەیتەی نالی نیشتنەسەرو پەلە پەلە ، لای من داهێنان و دۆزینەوەی دیاردەی نوێ لە دنیای ئەدەبدا بە تەنیا دەربڕینی ئەو دیاردەیە نیە بەلکو دەبێت سەلماندنی مەنتیقی وورد دەستەگوڵ و گەواهی بێت خۆ ئەگەر سەلماندنەکەی لەدەستدا ، ئەوا دەرنەبڕینەکە باشترە !!

لەهەندێ حالەتدا دەتوانین تەنیا بەیتێك بە موتڵەقی بکەینە پێناسەی بیرو ڕای مرۆڤێ ، ئەگەر لەو بەیتەدا وەك چوڕی شیر ئەو بیروڕایە ڕەنگی دابێتەوە ، هەر بۆ نموونە مەولەوی دەڵێت:

اشعرت قسی الی الاشعری

قسی ماترید نحو ماترید

یەکێك لە بنەماکانی ڕەخنەی بنیاتنەرو بەنەجیانەی پێوانەو بەراوردە ( القیاس والمقارنە ) ، ئینجا بۆ ئەوەی منیش ڕەوتەنی ئەم ڕێبازەبم ، ئەو بەیتەی نالی کە لە کاکە حەمە بۆتە بڕوانامەی جەبریەت ! بەراورد دەکەم لەگەڵ ئەم چەند بەیتە شیعرەداو بەو گەزو گرێیەی ئەویش بێت هەموو خاوەنەکانیان لەژێر دەواری مۆریانەخواردوی جەبریەت ! داگرمۆڵە دەبن ! فایەق بێکەس دەڵێت (١):

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین

هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین

تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە

منیشی دەربەدەر بە شارانەوە

پیرەمێرد دەڵێت :

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو
وەك من بەداخەوەن ، نەسرەوتیان هەیە نە خەو
چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین
وەك سەرسەرین ، شەوێ سەر ناکەینە سەر سەرین

شێخ ڕەزا بەناونیشانی کەڵەشێری نەقیب دەڵێت :ـ

(١) دۆستان ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی دەکەن
بۆ ( رضا ) لازمە ئەم تێرەکیە ئەو تێرە

شێخ سەلام لە هۆنراوەی ( تاق تاق کەرە )دا دەڵێت :ـ

(٢) حەرامە لێمان تاق تاق کەرەی شەو
لە من ئازادی لە تۆ بەشەو خەو

ئینجا نازانم ئەم دێڕە شیعرانەی کە لە واتادا نزیکن لەوەی نالییەوەو بە تێکڕایی چارەنووسی مرۆڤو شتەکان لێك نزیك دەکەنەوەو ئاوەنەکانیان دەکەن بە جەبری ؟!! کێ هەیە بچێتە ژێر دەستەشکاوی ئەم بڕیارەوە کاکە حەمە نەبێت ؟!!

لێرەدا سەلماندم کە ڕەخنەسازی لەوە گەورەو باڵا دەستترە کە پەلە پەلو لە خۆڕازیبوونو نیشتنەسەرو لە پێشدا بڕیاردان بگرێتە خۆی چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بەر لە هەرشت پێویستی بە چێژی هونەریو بەهرەو بەراووردو شارەزایی لایەنەکانی ترو بیریەتی لێکدانو شیکردنەوەی (العقلیه التركيبيه والتحليليه ) وورد هەیە ، با ئەوەش نەبەمە ژێر گڵ : ئەوەندەی من بزانم ، مرۆڤێك دەگاتە پلەی ( مجتهد )و تاکێتی ( تفرد ) خۆی دەسەلمێنی : کە ئێجگار زرنگو شارەزاو هەڵکەوتەبێو زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوەی شاکارە بەرزەکانەوە ـ نەك نووسین ! ـ بەسەربەرێ ، ئەم ئەرکەش ئێجگار مەزنو لە خۆبوردنی دەوێو بابەتی وەك منو کاکە حەمە ناوێرین لە جاڕیا بکۆکین ـ ئەگەر خۆمانو خەڵکەکەش نەخلافێنین ـ .

له مەیدانی شیعر ووتنی نالی بە بالآی نێرینەدا کاکـە حەمە کۆمەڵێك ڕای سەیری دەربڕیوە ، کە بە ڕاستی هەرچەندمکرد نووکی پێنووسەکەم نەیتوانی چاو بپۆشێو بێدەنگ بێ ، چونکە مەسەلەکە بەندە بە کەسێتـی

ملوتکەیەکی ئێجگار مەزنی شیعری کوردیەوەو چاونووقاندن لـە تاسـت ئەم مەسەلانەدا وەك گۆڕەوشاری حەزرەتـی نالی وایە بەزیندوویـیو لـە بەردەم هەموو خوێنەرێکی کوردا ،٬ ئەم جۆرە بۆچوونانەی کاکە حـەمە لەم بۆنانەدا نەك بە تەنیا زادەو خۆراکی جۆرە ختووکەیەکی دەروونیـنو لە خانەی بیر کردنەوەی زانستیانەدا هەناسە سواروو پەژمردەن ، بەڵکو دژی هەندێ سەرچاوەو کەرەسەی ئەم بابەتـــەنو دوورن لە شیکردنەوەی مەنهەجیانە ، بابزانین بۆ و چۆن و کەی ؟!!

ا ـ کاکە حەمە لەمەڕ ئەم بابەتەدا دەڵێت[1] : ( بەڵام ئەگەر ئێمـە بێین سەرنجی کۆمەڵگای داخراوی پێش ئیسلامی عەرەبو پاش ئیسلامی عەرەبو هەموو گەلە موسوڵمانەکان بدەین کە مادەم لەسەر ڕێی شـەرع جوولآبنەوە نێرو مێیان تێدا دوور لە یەك ژیاونو لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نەبووە ئەگەر نێرینە هەر لەگەڵ نێرینە هەڵسابێو دانیشتبێو زیاتر هەر ئەوی دیبێو ، ووردە ووردە کارەکە گەیشتبێتە ڕادەیـەك نێرینە لـە نێرینەدا بەدوای جوانیدا بگەڕێو گۆرانی بە بالآی ئەودا بڵێو ... هتد )، لە سەرەتادا ووتم کاکە حەمە شتی سەیری ووتووە بەڵام ئێستا بەسەلماندنەوە دەڵێم نەك شتی سەمەرەو بێسەروو بەری ووتووە بە تەنیا ، بەڵکو ڕملـی لێداوەو نازانم بۆ کاکە حەمە ووزەی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی بـەم شێوەیە داهێزراوو تەنگە نەفەسە؟! تکایـە پەرەگرافـەکـە جارێکی دی بخوێنەرەوەو بیدەرە بەر مەتێقی بیروو مێژوو ، بەو گـەزوو گرێیـەی کاکە حەمەیێت ( سەردەمی داخراوی پێش ئیسلامی عەرەب ) عەرەبەکـان لەسەر شەرعی ئیسلامەتی جوولاونەتەوە !!

ئیتر نازانم کام شەرعەو کام ئیسلامە ؟!! کە ئیسلام نەبووبێ لە ئاراداو سەردەم پێش ئەو بێت ئیتر کام شەرعە ؟! خۆ ئەگەر هەڵەکەی بۆ بپۆشین ــ کە ناپۆشرێ ــ و بڵێین غەفلەتەو قەیناکاو هەمووکات ئەقڵ میوانی کەس نییە ، دەبێت ئەم نیوە ڕستەیەشی بۆ قتکەین ( کۆمەڵگای داخراوی پێش ئیسلام )و ئینجا تۆسقاڵێك ڕستەکە پینە دەکرێو دێتەوە سەربار ــ ئای کە نایەت ! ــ با بزانین ئەمەیان بۆ ؟ بۆ ئەو ڕستەیە ئەوەندە کوڵەوارەو نایەتە ژێر بار ؟!!

جارێ ئەو سەردەمی پێش ئیسلامەی کە کاکە حەمە بە داخراوی دەزانێ سەربەستیو تێکەڵاوی یەکی فرە هەبووە لە نێوان نێرینەو مێینەدا ، چونکە ژیانی کۆچەرێتی نێو بیابانە کرکەکانو هەر ڕۆژ لە شوێنێکدا هەڵدانو ئاژەڵ لەوەڕاندنو سەقام گیر نەبوونی هۆزو تیرە عەرەبەکان ئێجگار لەبار بووە بۆ ئەو تێکەڵاویو دانەخرانە بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەش هیچ پێویست بە خۆماندووکردنو ئەم بەرەوبەر ناکات ، تەنیا تەماشایەکی شیعرو مێژووی ئەو سەردەمە دەیسەلمێنێ کە دڵداری و پیاهەڵدانی هەریەسە ئافرەتدا بووەو وەنەبێ قورئانیش لە ئاست ئەم لە دیاردەیەدا بێ دەنگ بێ ئەوەتانی دەڵێت ( ولا تبرجن ، تُبرج الجاهليه الاولى ) تەنانەت هەر بۆ ئاهی سوێنیش تەنیا بەیتێك چییە لەو سەردەمی پێش ئیسلامەدا بە باڵای نێرینەدا نییەو ، خۆ نکوولیش لەوەناکرێت کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە ! ، هۆنراوەکانی ( امرؤ القيس ، عنتره ، الشنفرى ــ مهلهل ٠٠٠)و گەلێکیکە گەواهی قسەکەمنو دیارە سەرجەم ئەم هۆنراوانەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ فۆتۆگرافیانەی بێ ڕووتووشی ئەو سەردەمەن .

لەلایەکیکەوە پێنووسەکەی کاکە حەمە نەیتوانیوە زاڵبێت بەسەر هەورازو لێژگەی ئەم بابەتەداو بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، چونکە لەم بوارەدا نەچووە بەلای دەستنیشان کردنێکی ووردی قۆناخەکاندا بە هەموو دیاردەو ئیفرازاتەکانیانەوە ، واتا حسابی هەرەمەیو تێکڕایی بۆ

ووشەکردووە ، هەر بۆ نموونە دەڵێت ( پاش ئیسلامـی عەرەب ) بێگومان پاش ئیسلامی عەرەب لە هاتنی قورئانەوە هەتا ئێستا دەگەیێنێ خوێنەریش تووشی سەراسیمە دەکات چونکە ئەوانەی مێژووی ئەدەبی عەرەبیـان نووسیوەتەوە ، بەم شێوەیە قۆناخەکانیان بڕکردووە ، ( صدر الاسلام ــ ئومەوی ــ عەباسی ... هتد ) ئینجا نازانم چۆن کاکە حەمە ئەم سـێ قۆناخەی لە دەفری یەك ووشەدا تریت‌کردووە ؟!

وەك ڕاستیەکی مێژوویی هەرە دیارو سەلماو تەنیا بەیتە شیعرێـك چیە لە پیاهەڵدانی نێرینەدا نە لە پێش ئیسلام‌و نە لە قۆناخی ( صـدر الاسلام )و نە لە قۆناخی ئومەویشدا[1] نەووتراوە ، بەڵکو یەکەم شاعیر کە قەڵەمەکەی لەم مەیدانەدا تاودا ناوی ئەبو نواس بوو وە لەسـەردەمی عەباسیەکانـدا ژیا

ئەگەر مەسەلەی نێربازی وەك کاکە حەمە بۆی چوویێت لـەوەوە دروست بێ کە نێرینە بەگوێرەی پەیوەندیە کـۆمەلایەتیەکان لەگەڵ نێرینەدا هەڵسێ‌و دانیشێ‌و مامەڵە بکات ، ئەوا دەبێت قوتابی قوتابخانـەو فەقێی مزگەوت‌و شاگردی مەڕ وەستا بەربنە یەك‌و شەرواڵ بگۆڕنەوە !!

پڕ بە پڕ بە پێچەوانەی ڕاکەی کاکە حەمە ئەدەبـی نێربازی لـە شوێنێکەوە هەڵتۆقی کە پڕ بوو لە نێرو مێ ، لە کۆشك‌و تەلاری خەلیفەو خانەدانە شۆڤارو چینە مشە خۆرەکانی ئەو سەردەمەوە ، ئـەو کۆشـك‌و تەلارانەی کە جمەی دەهات لە کەنیزەك ( جاریە )و غیلمان‌و زۆر کەڕەتیش تەگەو بەرانی لێك ئەنیشتن ، تەنانەت هەندێ کەڕەت خانەدانێکی نەگریس یان ئەمیرو دەوڵەت‌مەند و خەلیفەیەك ، ئەو هەموو کەنیزە کە سەر تەڵـەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات کە لە بازاڕی نەخاسەدا دەفرۆشران‌و لەبەر دەستیانا دەهاتن‌و دەچوون ، پەنایان دەبردە بەر منالێکی لووسکەی خزمەتچی‌و کەفەو کولی خۆیانیان پێ‌دائەمراندەوە ، ئایا ئەمەیان لەبەر نەبوونـی تێکەڵاویە وەیە لە نێوان نێرو مێدا یان نەخۆشی بەتاڵی‌و هەواو هەوەسـی ئورستوکراتیانەی بۆگەنی ئەو پیاوە ماقووڵە شەرواڵ پلێتانەیە ؟!

من بەم نموونە رابوردوانەش بۆ پەرچدانەوەی ڕا لاوازەکەی کاکە حەمە داناکاسێم و چەند نموونەیەکی زیندووی ئەم سەردەمەشی بۆ دەهێنمەوە ، ئەی کاکە حەمە چی لە وولاتی ئینگلستان و بەشێك لە وولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەکات ، کە ئێستا نێربازی و ئالۆش دامراندنەوە لە نێرینەدا لەلایەن دەسگاکانی میریەوە ڕێگا دراوە و بۆتە بەندێکی یاسایی ؟! ئایا لەو وولاتانەش تێکەلاوی نێرو مێ قەدەغەیەو بە شەریعەت دەجوولێنەوە ؟! بریا کاکە حەمە ئەم نەخوشی سیکسەی بەستایەتەوە بە چینە کۆمەلایەتیەکانەوەو دەوری باری ئابووری وسۆسۆلوجیای بدۆزایەتەوە کە بنەمای نەخۆشیەکەیە ، چونکە هەموو خوو نەریت و داب و سایکۆلوجیایەکی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی باری کۆمەلایەتی و بنەما ئابووریەکەیە ، ڕەخنەگری زیرەك دەبێت لەو بنەمایەوە دەست نیشانی دیاردەکان بکات نەك وەك گوێزەرەوەیەکی بێلایەنی سەرچاوەکان ( ناقل متفرج علی المصادر )شتەکان بلێتەوە ، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە لەگەل ئایدولوژیای کاکە حەمەدا ناگونجێن و باشتر وابوو کاکە حەمە بەچاوێکی ڕەخنەو خۆپاراستنەوە ( تحفظ ) مامەلەی لەگەل ئەو بابەت و سەرچاوانەدا بکردایە ٠ لەوە دەچێت ئەو باسە مێژوویەی کە کاکە حەمە لەمەڕ ئەو خووە نالەبارە وەری گرتووە لەو سەرچاوانەوەو ، دوایش بەچەند ئایەتێك ئیشارەتی بۆ دیاردەکە کردووە ، خووەکەی بەلاوە ئاسایی بێت و ئایەتەکانیشی وا دەربڕیوە کە ئەگەر خووەکەی بەلاوە باش نەبێ ئەوا دژیشی نی یە !!

وەك ئێستا ووتم دەوری ڕەخنەگری کارامە ملهەدان و ڕانەمالرانە لەگەل لێتەو هەڕگی سەرچاوە جۆراو جۆرەکاندا ، خۆ ئەگەر وانەبێت ، جیاوازی کاکە حەمە نووسەرێکی ئێجگار تازەکوورە نیە ئەزانن بۆ ؟! چونکە هەردووکیان ئەگەر باسکردن لەو خووەیان پێ بسپێری لەنێو سەرچاوەکاندا ، هەر هەردووکیان وەك یەك سەرچاوەکان کۆدەکەنەوەو یەك شت دەنووسن و یەك بابەت دەلێنەوە ، ئێمەی خوێنەر

لە نێوان دەستنیشان کردنی سەرچاوەکانـــەوە ، داوای کەسێتـــی نووسەرێکی وەك کاکە حەمە دەکەین‌و پێویستمان بە ووزەی پەی‌بـردن‌و داهێنان‌و شۆڕبوونەوەی هەیە بە ناخی دیاردەکاندا ،بێگـــومان لێرەدا مەبەستم تاقیکردنەوەی توانای کاکە حەمە نی‌یە ، بەڵکو پێویستـی دەوری رەخنەگرو نووسەری سەرکەوتوو دەستنیشان دەکەم.

کاکە حەمە بەچەند بەیتێك نالی خستۆتە خـــانەی نێربازەکانەوە ، بەهەرحال !! لەمەشیاندا کەوتۆتە لێژگەی یەكلایەنی ڕوانینەوە ، بابزانیـن ئەمەیان بۆ و چۆن ؟! نالی لە قەسیدەیەکی (١٧) بەیتی پان‌و پۆڕو پـڕ بەڵگەدا دژی ئەوانەیە کە کوڕ بە باشتر دەزانن لە کـــچ‌و بە بەڵگەی مەتێقیانەی ووردەوە هەر وەك زانایەکی بیولوجی‌و کۆمەڵایەتی، کـــچ هەڵئەبژێرێ‌و کوڕ توور دەداو دژی ئەوانەیە کە توخنی نێربازی دەکەون ، هەربۆ نموونەش ئەم تەنیا سێ بەیتەکە ئێجگار دیارو سەلمێنەرە دەکـــەمە شایەتی مەحکەمەی بـــە نێربازکردنی حـەزرەتی نالی شاعیرو مـــەلا چاکی سەردەمەکەی !

(١)فەرقی کوڕو کچ ڕۆشن وەك فەرقــی مەو میهـــرە
ئەم فەرقــی شەو ڕۆژە وەك فەرقە لە کوڕ تـــا کچ
بێ‌بێنـە گولی ژاڵە ، هـــەم بـێ بەرە هەم تـــاڵە
قەدسەروو سنەوبەر کـچ ، چاو نێرگسی شەهلا کـچ
کوڕ وەك گولی گولزارە ئەمما ئەمـــەری خـارە
وەك هەنگی چزوو دارە هەنگوینی مـــوصەففا کچ

• • • • • • • • • • •

واتە کاکە حەمە (١٦)بەیت شیعری سەلمێنەری لەم بابەتەی شاردۆتەوەو توورداوەو بە تەنیا بەیتێکەوە نیشتۆتەوە ، کە گوایە نالی لـەم بەیتـــەدا لایەنگیری کوڕبازی دەکات ، ئینجا نازانم ئەمە یەك لایەنی ڕوانینـــە یان نیو لایەنی یان $\frac{1}{16}$ لایەنی ؟! ئەمەش ئەو تەنیا بەیتەیە :

کوڕ تازەوو تەڕ ، مادام سـادە وەکـو خوشکی بـێ
ئەمما کەڕواسەیزە ، دێبـــا کـوڕو زێبا کـچ

لەم بەیتەدا هیچ جۆرە هیمایەکی تێدا هەست پێ ناکرێت کە نالی کوڕ لە کچ بەباشتر بزانێت[1] ، تەنانەت ( دیوانی نالی )ش لەگەڵ بۆچوونەکەی مندایەو ڕاکەی کاکە حەمە دەبوێرێتو نازانم بۆ کاتی پیاچوونەوەو پاشەکی نووسینی دیوانەکە پەنجەی لە ئاست ئەم ناکۆکیانەدا بەرزنەکردۆتەوە ؟! وەك هەموو دەزانینو وایشە کوڕ کە مووی لێ نەیەت لە هەندێ ڕواڵەتدا لە کچ دەکاو نالیش ئەم تەنیا ڕاستیەی دەربڕیوەو نەیهێشتووە تووشی غەفڵەت بێ ، تەنانەت لەژێر سێبەری بەیتەکەشدا کە کاکە حەمە پەیی پێ نەبردووەو بەخشکەیی بە سەریا تێپەڕیوە ، دیسانەوە نالی هەر کوڕی توورەداوەو کچی بە باشتر زانیوە ، با زانین ئەمەیان بۆ و چۆن ؟!

نالی دەڵێت کوڕ کە مووی لێ هات ئەو مووە[2] ( ئەبێ بە نەخش و نیگاری دەستکرد بۆ دەمو چاوی ) واتە ئەگەر نالی کوڕی بەباشتر بزانیایە دەیووت کە مووی لێ هات ناشیرین دەبێو خۆزگایە هەر مووی لێ نەهاتایەو تا سەر هەر وابوایە بۆ نیگاو مرازی تایبەتی . چونکە بێگومان مرۆڤی باشتر دەزانن ئیتر نازانم بۆ نالی لە کاکە حەمە بۆتە قەومی لوتو خستویەتیە ئاستێکەوە کە شیعر بە کوڕی هەرزەکاری سەروریش هاتوودا بڵێو لە کچی بە باشتر بزانی ؟!خۆ ئەگەر وابێ ـ کەوا نی یە ـ ئەوا نالی لە تیربازیش دەردەچێتو دەچێتە خانەی ئەوپەڕی شزوزو دەستبەرداربوونی ئابڕوو ناموس !! ئیتر کەوایە بۆ ئەو خەڵکەو هاوچەرخەکانی پێیان ووتووە حەزرەتی نالیو ئەو پایە ئایینیو کۆمەڵایەتیە چی بووە کە هەی بووە ؟! ٠

کاکە حەمە لە شوێنێکی‌تردا دیسانەوە حەزرەتی نالـــی لە گۆڕ دائەچڵەکێنیو بەچەند بەیتێکی‌تر ئەیکاتەوە بـــە وەلەدبازو ئـــەمەش دەقـی بەیتەکانـە •

ئـــەم تاقمـە مومتازە کـەوا خاصەیـی شاهـــن
ئاشووبـی دڵی مەملەکـەت‌و قەلبـی ســـوپاهن
صەف صەف کە دەوەستن بە نەظـەر خەططی شوعاعــن
حەلقـە کە دەبەستــن وەکـو خەرمانەیـی ماهــن

• • • • • • • • • • •

• • • • • • • • • • •

بێگومان نالی ئەم قەسیدەیەی لە وەسف‌و پیاهەڵدانی سەربازەکانـی ئەحمەد پاشای باباندا ووتوە ، کە کۆمەڵێك لاوی خوێن گەرمی چــەك بەدەستی بابانەکان بوون‌و ئـەو میرنشینەیـان پاراستـووەو ڕەمزی بەرگری‌کردن‌و پاراستنی یەکەم قەوارەی نەتەوەیی کوزدبوون‌و شتێکـی ئێجگار ئاساییشە لەهەموو وولاتێکدا ، ئەو سەربازانەی کـە کۆشك‌و دایەرەی فەرمانڕەوا دەپارێزن بۆشناخ‌و دەست‌بڕێو سەرتەڵ بن ، بـەلای منەوە ئەم قەسیدەی نالیەبە پێی باری سیاسی‌و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمـە ــ نەك ئێستا ــ وەك مارشێکی نەتەوەییەو جێگای نمایش‌و ڕێزو وولات خۆشویستنی نالیە ، تەنانەت خودی کاکە حەمەش پەیی بەمە بـردووەو لە لاپەڕەکانی پێشەوەدا بە بابەتێکی نیشتمانپەروەری نالـی ئەم چـــەند بەیتەی کردۆتە بەڵگە ، بەلام لێرەدا هەر هەمان قەسیدە لە خانەکانی مێشکی کاکە حەمەدا بە کوفلەکونێ کوودەتای بەسەرا کراوەو بۆتە شوناسنامـەی ئێوبازی نالی !! ئا لێرەدا جارێکی تر سەلماندمەوە کە کاکـە حەمە بیریەتی لێکدان‌و شیکردنەوەی ( العقلیه الترکیبیه والتحلیلیه )لاوازەو ئەوەی پێش چەند لاپەڕەیەك[1]وتوویەتی لە لاپەڕەکانی دواییدا لە بیری چۆتەوە خـۆ منی خوێنەریش ناشێ دەرك بەمـــە نەکەم‌و بــەسەرما ڕابووری بەخشکەیی* !!

کاکه حەمەی مەلا کەریم بەرخورداربێت لەم ئاقارەدا کەوتۆتــەوە هەڵەیەکی تری سەیرەوە ، لەلایەك نالی دەکاتــە نیشتمانپەرەوەرو نــەتەوە پەرست ، لەلایەکی ترەوەدیکاتەوە بە شاعیری دەربارو یەدەکی گەورە پیاوان، هەر بۆ نموونە لە لاپەڕە شەش‌دا دەڵێت :

( ئەو نالی‌یەی کە شاعیری دەرباری بابانو پیاو ماقووڵی لای سلیمــان پاشا ... ) ، ئیتر نازانم واتای زاراوەی ( دەربار ) لای کاکە حەمە چــۆن دەکەوێتەوەو دەیکاتە قەبەلی چ فەرهەنگێکەوەو چــۆن چارەسەری بۆ دۆزێتەوە ؟!

ئالێرەدا پرسیارێکی بزێوو چەتوون ڕێگا بە پێنووسەکەم دەگـرێو دەڵێ : چۆن قەسیدەیەکــــی نالــی لەلایــەك دەبێتــە پێناسێکــی نیشتمانپەروەری ئەم شاعیرەو لە لایەکی‌تریشەوە دەبێتــــە پێناسەی منداڵبازی نالیو لەلایەکی تریشەوە دەبێتە پێناســـەی دەربارێتی نالی ؟!!خۆ ئەگەر پرسیارەکە بکرێتە شێوە هاوکێشەی زانیاری پێـوانەو عیلمی کاکە حەمە ئاوا دەکەوێتەوە :

(١) قەسیدەی ئەم تاقمە مومتازە = نیشتمان پەروەرێتی نالی
هەمان قەسیدەی ئەم تاقمە مومتازە = تێربازی نالــی
= قەسیدەی ئەم تاقمە مومتازە = دەرباریەتی نالــی

واتە بە لە بری‌دانان ( الاستعاضە ) نیشتمــان پەروەرێتــی‌نالــی = تێربازی نالی= بەدەربارێتی نالــی .

لێرەداو جارێکی‌تر ــ بە ئەنقەست بێ یان غەفڵەت ــ کــە بڕواناکــەم بە ئەنقەست‌بێ کاکە حەمە نەشتەرێکی ژەهراویو کولی ژەندە مێژووی کوردو نیشتمانپەروەرێتی نالی ، چونکە هەمووی گۆڕیەوە بەوەی کــە نالی لە وەلەدەوە دەڕوا ، ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ ، ئەگــەر فرۆید جوڵێنەری کێشەکانو دیاردەکانو مێژوو بگەڕێنێتەوە بۆ سیکسی‌سەر بە ئافرەت ، ئەوا کاکە حەمە دەیگێڕێتەوە بۆ سێکسی تێربازی !!

ئیتر نازانم بوێرم بپرسم کوا دەوزی باری ئابووری لە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی ئەو سەردەمەداو(٣) کوا کێشەی چینایەتـیو ڕادەی کارلێکی سەرخانو ژێرخان و٠٠و٠٠و٠٠ بەستنەوەی سەرجـەم ئەمانەش بە خوونەرێتو هەلسوکەوتی مـــرۆڤەوە ؟!کوا ئەو بنەما ڕۆشنبیریو فەلسەفیە پتەوو پڕووزیەی نووسەرێکی سێ سالانەی وەك کاکە حەمە ؟!

وەك من پەیم پێبردبێو ڕوونیشم کردەوە کاکە حەمە کوربـــازی نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە وەرنەگرتووە ، وەك لــە پرۆگرامی کتێبەکەیدا دیاری کردووە ، بەلکو لەو بناوانەوە جۆگای لێلی ئەم ڕایەی هەلبەستووە کە گوایا نالی ــ وەك دەلێن ــ تا لــە کوردستانابووە ژنـی نەهێناوەو بە بالای خاتو حەبیبەش شاد نەبووە ، ئەم ژن نەهێناش لەوانەیە بە بۆچوونی کاکە حەمە بوو بێتە چەکەرەکردنی تۆوی مندالبازیو بــۆ سەلماندنی ئەم دیاردەیەژیانی ( نالی)، واتە ژن نەهێنان ،کاکە حەمە ناچار بووە کە چەند بەیتێك بکاتە دەست پێچكو کارەکەی پێمەیسەرکـات ، واتە کاکە حەمە لە پێشداو لەبەر ڕۆشنایی ژیانی نالی مەر سەرچاوەکانـدا ئەو بڕیارەیداوەو هەر بەم پێیەش کاکە حەمە لە پرۆگرامی کتێبــەکەی ( نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە ) لایداوەو لە ژیانەوە چووە بو شیعر

ئا لەم بۆنەو داروبارەدا بیرکردنەوەی زانستیانە ڕووی ئەم پرسیارە دەکاتە ئێمەو کاکە حەمە، ئایا ئەوانەی ژن ناهێنن یان درەنگ دەیهێنـــن مەرجە پەنابەرنە بەر تیربازی بۆ دامرکاندنەوەی ئالۆشیان ؟!

بەهەر حال مەرج نیە هەموو هۆنراوەیەکی مەڕ ئەم مەیدانە لە ژیانی خودی شاعیردا وەك پراکتیك ڕەنگبداتەوە ، زۆر جاریش هەندێ شاعیر وەك هونەرێکی شیعری ، یان وەك دابونەرێتێکی باوی سەردەمـەکـەی ئەم جۆرە شیعرە دەلێتو کەچی وەككرداریش بە تۆسقال بە پارێزێشیــا

ناچێت ، هەر بۆ نموونە مەولەوی شاعیرو سۆفیو خواناس ، هەستی خۆی بەرامبەر بە شاگرد ئاسنگەرێ بەم شێوەیە تۆمار دەکات :

نە ئاهین گەڕێ ، نە ئاهین گەڕێ
ئارۆ ڕاگەم کەفت ، نە ئاهین گەڕێ
دیم کە نیشتەبێ کان گەوهەرێ
پادەم مەدەمنا زوڵف عەنبەرێ
فیدات بام ئۆسای پادەمە دەمەن
دەست وەدەم بۆ دەم بدەرووەمەن

یان یەکێکی وەك شێخ ڕەزا ئەگەر حیسابی شیعرەکانی بۆ بکەین دەبێت لایەلەمنالیئەوخەلکە لەژێر حەملەیدا پسابنو کاسبی سەرچنگیان کردبێ ! ، یان هۆنراوەکانی شاعیری شۆرشگێرو مرۆڤ نازم حیکمەتی مەرِ کەریمی هاورێ ، یان زۆربەی هۆنراوە سۆفیزمەکانی جەلالەدینی ڕۆمیو ئیبنولفاریزو حافظو ... بەو پێوانە کورتە بێ دەبێت بچنە خانەی ئەبو نواسەوە !!

✽ بەهەر حال ! باشتر وابوو کاکە حەمە ئەم جۆرە حیسابەی بۆ ئەم بابەتە شیعرە بکردایەو هەروا بە ئاسانی نەنیشتایەتە ملیو بەم دەردەی بەرێ کە بردوویەتی .

✽ بۆ زیاتر چوونە ناو ناخی ئەم بابەتە بڕوانە :-
١ - طبیعه المجتمع العراقی - علی الوردی .
٢ - نهایه حکم داود باشا - یوسف عزالدین .
٣- تأریخ الادب العربی - حنا الفاخوری

(١) نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە ـ محمدی مەلا کریم ـ بەغدا ـ ١٩٧٩ ل٦٦ ٠

(١) دیوانی نالی ل ٢٤٢ ٠

(١) دیوانی نالی ـ لێکۆلینەوەو لێکدانەوەی ملا عبدالکریمی مدرس‌و فاتح عبدالکریم ، پیاچوونەوەی محمدی مەلا کەریم ـ ١٩٧٦ ـ چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ل ٢٤٦ ٠

(١) دیوان ابی فراس الحمدانی ص ٦٨ مکتبە الشرق ـ بیروت ـ سوق الحمیدیە ٠

(١ ، ٢) حاجی قادر شاعیری شۆڕشگێرو پێشکەوتنخوازو دیموکراتی نەتەوەی کورد ١٩٧٧ مۆبعە الادیب البغدادی ل ١٤ ٠

(١) نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە ـ ل ١٧ ٠

(١) نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە ل ٣٨ ٠

(١) بڕوانە فرهنگ فارسی ـ عمید ـ تالیف حسن عمید ل ١٠٥٧ ٠

نیل : ( بکسر نون ) ماخوذ از سانسکریت ٠٠٠ نیلە : کبود رنگ برنگ نیل ، نیل فام ، نیلی هر چیزکبود رنگ مثال از فرخی :

کسی‌کاندر خلافت جامە ای پوشد همان ساعت

زبهر سوگ او مادر بپوشد جامەء نیلە

(١) بۆ زیاتر ووردبوونەوە لەم بابەتە بڕوانە :ـ

ا ـ محمد امین زکی ـ تاریخ الکورد وکردستان ، خلاصە تاریخ الکرد ص ٦٢ ٠

ب ـ علی سیدو الگورانی ١٣٠ـ١٣١ ٠

ج ـ محمد امین زکی ـ تاریخ السلیمانیە ٠

د ـ عباس العزاوی : تاریخ العراق : ج٧ ٠

ه ـ جودت باشا ج ٩ ل ٢٥٣ ، ٢٦٠ مختصر مطالع السعود ٠

و ـ ریچ ـ رحلە ریچ فی العراق ل ٦٧ ، ٦٨ ، ١٠٢ ، ١٠٤ ، ٢٢٤ ٠

ز ـ د٠ عبدالعزیز سلیمان نوار ـ تاریخ العراق الحدیث ل ٩٩ـ١٨٣ ٠

ح ـ صادق الدملوجی : امارە بهدینان ٠

(١) نالی‌له کلاورۆژنه‌ی شیعره‌کانیه‌وه ل ٧٩ ٠
(١) الشهرستانی ــ الملل والنحل ل ٥٤ ٠
(٢) البغدادی ــ الفرق بین الفرق ل ٦٨ ٠
(٣) الاشعری ــ الابانه عن اصول الدیانه ل ٨ ٠
(٣) عبدالرحمن بدوی ــ التراث الیونانی فی الحضـــاره الاسلامیه ل ٢٠٣ ــ ٢٠٢ ٠
(٥) الطبری ــ التاریخ ل ٢٤٩٧ ٠
(٦) دراسات فی الفرق والعقائد الاسلامیه ــ د٠ عرفان عبدالمجید ١٩٦٧٠
(٧) تاریخ المذاهب الاسلامیه ــ الجزء الاول ــ دار الفکـر العربـی ــ محمـد ابو زهره ٠
(٨) تاریخ الجهمیه والمعتزله ــ جمال‌الدین القاسمی ل ٨ ٠
(٩) کولد زهیر ( العقیده والشریعه فی الاسلام ) ل ٨٨ ٠
١٠) الذهبی ــ میزان الاعتدال) ٣/١٨٣ طبعه القاهره ١٩٠٧ ٠
(١٠) الذهبی ــ میزان الاعتدال ٣/١٨٣ طبعه القاهره ١٩٠٧ ٠
(١) وه‌ك ڕوونم کردەوه جه‌بریه‌ت لای کاکه حه‌مه بۆته قه‌دەریه‌ت ، واتــه کاکه حه‌مه به پێچه‌وانه‌وه پێناسه‌ی قه‌دەریه‌تی کردووەو ــ منیـش ( الجبریه )که‌ی بۆ ده‌نووسم نه‌ك قه‌ده‌ریه‌تو با خوێنه‌ریش له کاتی به‌کارهێنانی ئه‌مزاراوه‌یه‌دا ئاگاداربێت !
(٢) نالی له کلاورۆژنه‌ی شیعره‌کانیه‌وه ٠
(١) دیوانی بێکه‌س ل ١٥١ ٠
(٢) دیوانی پیره‌مێرد ل ١٠٦ ٠
(١) نالی له کلاورۆژنه‌ی شیعره‌کانیه‌وه ــ محمدی مه‌لا که‌ریم ل ٨١ ٠
(١) دیوانی نالی ل ٢٩٠ ٠
(١) دیوانی شێخ ڕه‌زا ل ٤٢ ٠
(٢) دیوانی سه‌لام ل ١٢٧ ٠
(١) بڕوانه :تاریخ الادب العربی ــ حنا الفاخوری ــ ل ٤٠٥ ٠

(١) ديوانی نالی ل ١٥٨ ٠

(١) بروانه ديوانی نالی ل ١٦٠ ٠

(٢) بروانه ديوانی نالی ل ١٦٠ ٠

(١) بڕوانه كلاوڕۆژنەی شيعركانيەوه ل ٥٢ ٠

(٢) بڕوانه نالی له كلاوڕۆژنەی شيعرەكانيەوه ل ٨٥٠

(١) نالی له كلاوڕۆژنەی شيعرەكانيەوه ل ٥٢ ٠

(٢) نالی له كلاوڕۆژنەی شيعرەكانيەوه ل ٨٥ ٠

(٣) بڕوانه ( تطور النظره الاحاديه للتاريخ ) بليخانوف ٠

( ١ )

**هوامش**

# ڕەخنەو هۆنراوەو هەڵوێست

لە گۆڤاری ( نووسەری کورد )ی ژمارە (٦)دا ووتارێکی ڕەخنەییم دەربارەی هۆنراوەیەکی کاك « ئەنوەر قادر » بە ناونیشانی ( بۆ کپ بێ ٠٠٠ !؟ ) بڵاوکردەوە ، کاك ئەنوەریش لە ژمارە (٧)ی هەمان گۆڤاردا وەڵامێکی دابوومەوە ، لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕاو بۆچوونەکانی کاك ئەنوەر جێگای سەرنجن و پێیان قایل نیم ، هەروەها بێدەنگ بوونیش لەهەندێك کاتدا بەڵگەی ڕەزامەندییە ، بۆیە بەدەنگ دێم و باری سەرنجەکانم ڕوون دەکەمەوە ٠٠

١ ــ کاك ئەنوەر سەبارەت بە مێژووی نووسینەوەی ووتارەکەم ، هەروەك دوو هەنگی لە دارێکدا دۆزیبێتەوە ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە لەکەیدا نووسراوەو بۆ چ گۆڤارێکیش نێراوە ، هەروەك من ئەو ڕاستییەم لە خوێنەری کورد حەشاردابێت لێی بترسیم ! ، بەڵام من لە یەکەم پەراوێزدا ئەمەم ڕوونکردۆتەوە ، لەگەڵ هەندێ گلەیی لە گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، نەنووسینەوەو بواردنی ئەم ڕاستییە دەخەمە ئەستۆی گۆڤاری « نووسەری کورد » ٠

٢ ــ ئەگەر تان و پۆ و ڕایەڵی هۆنراوە سۆزو هەڵچوون و خورپەو ڕاچەنینبێت ، ئەوا تان و پۆ و ڕایەڵی ڕەخنەی زانیاریانە هۆش و بیرو مەتێنی و ووردکردنەوەی دیاردەکانە ، بەڵام کاکە ئەنوەر بە چەکی شیعرەوە هاتۆتە مەیدانێکی فراوانی ڕەخنەوە ، هەر بۆیە لە یەکەم شەقاودا پەلەپەل و ناپرۆگرامی و تیژ پەڕی پێوە دیارە ٠

٣ ــ کاکە ئەنوەر سەبارەت بە هەڵوێست و ئازایەتی و بەرگری و نیشتمانپەروەری سەرجەم دەمارەکانی چوونەتە یەك و گرژبوون و وەك حەوت جۆش هاتۆتە کوڵ ، ئەوەتانێ خۆشی دانی بەوەدا ناوە کە ئەگەر من هەر لایەنی هونەریم لە هۆنراوەکەیدا بگرتایەو لە ئاست شتەکانیتردا

بێدەنگ بوومایە ئەویش بەو شێوەیە نەدەهاتە گۆ ، سەیرکەن چی دەڵێت:ـ
(١) (ئەگەر نووسینەکەش هەر لایەنی هونەری بگرتایەتەوەو نەکەوتایەتـە هەندێ ناکۆکیو موغالەتەی واوە کەمن خۆم نەمتوانی لێی بێدەنگبم ، بێدەنگ ئەبووم)(١) ئەم پەرەگرافە دەڵێچی ؟! بێسڵەمینەوەو بـەچاوو ڕوویەکی قایمیشەوە داوام لێدەکات کە یەك لایەنی چارەسەری کێشەکان بکەم ، شێوەدابڕکەم لە ناوەڕۆك ، بە پارێزی بیرو هەڵوێـستدا نەچم ، ئەدەب بترازێنم لە پەیامە کۆمەڵایەتی‌یە پیرۆزەکەی ، سەمەرە ئەوەیە هەر خودی کاك ئەنوەر من وادەداتە قەڵەم کە یەك لایەنی بیر دەکەمەوە !! واتە هەر لە سەرەتاوە دیەوێت ڕێچکەی بیرکردنەوەی یـەك لایەنیـم بەسەردا بسەپێنـێ ، کاکە ئەنوەر بمبوورە ! من لەلایـەن خۆمەوە ، لـە سادەترین نووسیندا هەوڵدەدەم کە شێوەو ناوەڕۆك پێکـەوە شـێ بکەمەوەو هاوملیانکەم ، چونکە شێـوەی بێناوەڕۆك وەك ژیانـی بێئاووهەوا وایە لای من !!

هەمیشە بنەوانو شیرازەو پڕۆگرامی ڕەخنەییم لەو فەلسەفـەو ڕێبازەوە هەڵدەهێنجم کە بڕوام پێیەتیو پشتی پێدەبەستم ، ئەوەی کە لە لام ڕوونو دیـارە هـۆشو بیـری کۆمەڵایەتی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان ڕەنگی بۆ دەڕێژنو سنووری بۆ دادەنێن ، ئایدۆلۆژیاو ئەدەبو هونەرە جوانەکان ڕەنگدانەوەی خولیاو باری دەروونـیو ئاواتو خواستی ئەو چینو تاقمو توێژە کۆمەڵایەتی‌یانەن کـە ئەدەبو هونەرمەند چارەنووسی خۆیانی پێوە دەبەستنەوە(٢) ، هەرگیز ناتوانـم بەرهەمی نووسەر لە خودی نووسەر جیابکەمەوە ، چونکە ( دەسـتـ ـنیشانکردنـی سایکۆلۆژیاو باری دەروونی نووسەرەکان گرنگی‌یەکی ئێجگار گەورەی هەیە لە لێکۆڵینەوەدا ، هەروەها شەخسیاتە ئەدەبیەکان لـە ڕووی سایکۆلۆژیاو هەڵسوکەوتەوە سەربە چیـنو تاقمە جیاوازەکانـنو بەرهەمەکانیشیان ڕەنگدانەوەی جووڵاندنەوەی مێژوون)
(٣)

بە باڵابڕینی جوانــی بمانەوێ و نەمانەوێ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە تاقیکردنەوەی ژیان و سیفات و هەڵس و کەوت و تەنانەت باری دەروونــی نووسەریشەوە هەیە ، لەوانەیە لەم بۆنەیـەدا خوێنـەرێ بپرسێـت ئـەی ئەگەر بەرهەمێکی بێ ناوونیشان و مێژووت توێژییەوە لەکوێوە دەست پێدەکەیت ؟ لە وەڵامدا لە خوودی هۆنراوەکەوە پەل ئەکوتـم و هەوڵـی دەست نیشانکردنی ئاسـت و پلەی سەرکەوتنی خاوەنەکەی دەدەم ئەی ئەگەر هۆنراوەکەو خاوەنەکەشی دیاربوون ، بۆ هەوڵ نـەدەم ڕادەی ڕاستگۆیی شاعیر دەرخەم و بزانم تا چەند هۆنراوەکانـــی لە هەڵوێستی ڕۆژانەیدا ڕەنگ دەدەنەوە

(٤) پێویستە ڕەخنە هەوڵی دۆزینەوەی هاوکێشـــە ( معـــادل ) کۆمەڵایەتییەکانی هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵگا بدات ، ئـەو ڕەخنـەیەی کە هەر بە تەنیا ئەم لایەنە دەخاتە پێش چاوو لایەنە جوانناسیەکـــان ئەبوێرێ ، بێ بایەخەو درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات ، پێویستە ڕەخنە دەرگای هەردوو لایەنی جوانناسی و هاوکێشە کۆمەڵایەتـییەکان بخاتـە سەرپشت چونکە هیچیان بێیەک نایانکرێ .

ئا لەم بۆنەو داو بارەدا من ووتومە ( مەحمود دەروێش لە ئەپارتمانە قەشەنگەکانی قاهیرەو بێرووتەوە ، ئازارەکانی مـــرۆڤی فەلەستیـــن دەنووسێتەوەو نایەوێت بە خوودی خۆی وەك مرۆڤێك هاوبەشییەکـــی کارا لە گۆڕینی مێژووی فەلەستینداب کـات ، هەروەها کاك ئەنوەریش لـە پێناوی مەسەلەیەکی گشتی و بەناچاری وولاتی جێنەهێشتـــووە ، بخوێنی کورد هەر کە دەوری بەرهەمێك دەکاتەوە گرنگی و مەترسی قۆناخەکـە وای لێکردووە کە بەپەرۆشەوە هەواڵی خاوەنەکـــەی ، هەڵوێستـــی ، ڕادەی هاوبەشی کردنی لە گۆڕینی واقیعدا بپرسێت[٤] بمانەوێ و نەمانەوێت ئەوەیە هەستی تێکڕای ڕەشە خەڵکەکە ئەگەر بۆ ئەوان بنووسیـن ، هەتا

بلێی لای من پرسیارە کانیان ڕەق و ڕەوانن)(٥) ، بەلای منەوە و بـــە بەڵگەی سەلمێنەریش ئەگەر ئەم پەرەگرافە نەبوایە کـــاك ئەنوەر نەك نەئەهاتە دەنگ بە تەنیا ، بەلکو دەستی خۆش ووتنیشی بۆ بە سنگـەوە ئەگرتم ، گەواهی بەڵگەکەشم وەك ڕەخنەگرو نووسەر ( کـــاك ـــ عومەر مەعروف بەرزنجی ) ئاگای لێیەتی کاك ئەنوەر کاتی خۆی زۆر بەم نووسینە کرایەوەو هەولی بلاوکردنەوەشی دا !

ئەم پەرەگرافە کاك ئەنوەری هێناوەتە کوڵ ، لەنگـــەری هـۆش و بیرکردنەوەی مەوزوعیانەی پێبەرداوە ، تەنانەت هەوێنی ئەو نووسینەی تەنیا ئەم پەرەگرافەیە ، هەڵچوونەکەی کاك ئەنوەر ئەوەندە بەتین و کوڵە وەك مۆتەکە چۆکی داداوەتە سەر سنگی هەموو نووسینەکەی هەناسە سواری کردووە ، خوێنەری ئازیز من ووتومە ( بخوێنی کورد کە دەوری بەرهەمێك دەکاتەوە ... ) ئایا بەرهەم هەر شیعرە بە تەنیا یان هـــەموو لقەکانی تری ئەدەب دەگرێتەوە بە چیرۆك و شانۆ و ڕەخنەو .. هتد ؟!

ئایا لە ناوئاخندا ڕەخنەم لە خودی خۆشم گرتووە یان نا ؟!

ئینجا نازانم بۆ کاکە ئەنوەر ئەوەندە هـــەراش بینەو ( بەرهەم ) هەر بە شیعر دەزانێت ؟! لەوانەشە ئەگەر لەم بۆنەیەدا زمانم بسووتـــێ و ناوی ( ناظم حیکمەت و هێمن و قانیع و موسی جلیل ولورکا ) بهێنم کـــاك ئەنوەر جارزبێت ، چونکە ئەمانە هەرشیعرە کە بە تەنیا تێکۆشانیان نەبووە، بەلکو خۆشیان وەك شۆڕشگێرێك لە پێش شیعرەکانیـانەوە بـــوون ، خوێنەری ئازیز ئەزانێ بۆ ئەوەندە سوورم لەسەر ئەم پەرەگرافە ؟

چونکە کۆستی هەرێمەکە ئێجگار گەورەیەو مرۆڤـــی ڕاستگـۆو جـەربەزەشـــی دەوێـت ، هەرچی بابەتـــی کـــاك ئەنـــوەرو گەلێکی کەیش هەتا ئێستا لە گاوانی هەڵپەرکێی خۆش بەختی مرۆڤـی کوردیشا نین ، نەردەمـی چاوو ڕاوو قسـەی ڕووت و موزایـەدەی شۆڕشگێری سەر لاپەڕەو ناو بازو ئوپێرا لای ئەم نەوە نوێیە بەسەرچوو،

ئەم ڕەخنە خۆیایەتی یەی « النقد الذاتی » کە بڕوام پێ یەتی و لە تێوانیشیەوە بە خۆمدا دەچمەوەو وزەیەکی پاك کەرەوەم ( طاقـــــه تطهیـریه ) پێ دەبەخشێ و ئەنجامە گەشەکەی ئەوەیە کە نایەڵێت نەك خۆم لە خـــۆم بــە گەورەتر بزانم بەسێ چەندانەو چوار چەندانە بەتەنیا ، بەڵکوو لە تێــوان خۆمەوە خەلکەکانیش بناسم و دەست نیشانی بەرپرسیارێتــی ئەم قۆناخە گرنگە بکەم ، نازانم بۆچی کاك ئەنوەر قادسە بەوەی کە بخوێنـــی کـورد ئەوەندە هۆشمەند بێ ، گۆشەگیرو شۆرشگێر ، بەرژەوەند ویســتو قوربانی دەر ، یەك باروو پەتپەتێن کەر ! دەست نیشان بکات !!

تۆ بڵێی لەو جوداکردنەوەو دەستنیشان کردنەدا ترازووەکــەی کاك ئەنوەر لاسەنگ ببێت ؟! نووسەری ڕاستەقینــه دەبێت هەمــوو وزەو توانایەکی بخاتە گەڕ بۆ هوشیارکردنـــەوەی میللــــەتو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی ، چونکە ئەو ڕوشنبیری یەی میللــەت لە قۆناخێکدا دەبێتە هێزێکی مادی کاریگەر بۆ گۆڕینی ئەرواقیعە تاڵەو هێنانە دی دنیایەکی گەش و دوور لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك ، بەڵام وا دیارە کاك ئەنوەر دەیەوێت دەرگای هوشیاریی میللەت سەرکڵۆم کات ، هەر لە بەر ئەوەی پرسیاری حەق و ڕەق نەکــەن ، لای مــن میللـــەت سەرچاوەی هێزروو تواناو گۆڕینی واقیعە ، جێگەی متمانەو وزەی هەموو نووسینێکی گەش و هێژایە ، بۆ میللەت مافی ئەوەی نەبێت پاڵەوانـــە دۆنکیشۆتەکانی شانۆگەری پڕ لە ئەشکەنجەو ئازاری ئـــــەم سەردەمە بناسێت ؟! بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە نەناسێــت کـــە لـــە ئاراێشتی پاڵەوانانــی دوو سێ شانۆگەری دژ یەکا ئارەقەی پاساودانی ناڕاستی و دەم چەرمگیان ڕژاندووە ؟ بۆ میللەت ئەوەندە بەئاست نزم و خۆشمان بە قـــەلەندەر بزانیــن ؟!

خوێنەری ئازیز من بەم گیانە پیرۆزەوە ، بەم گەزوو گرێیە کۆپلەی ( مەحمود دەروێشم ) نووسیوە ، بەڵام وەك دیارە کۆپلەکە لـە کـاك ئەنوەر بۆتە مارەکەی شێخ هۆمەرتۆ بڵێ بۆ ؟!

أ ـ یان ئەوەتە پاڵەوانێکی گەورەو داپلۆساوەو درێژترین لاپەڕەی تێکۆشانی تۆمارکردووەو من بە ناهەق لە خەڵکەکەی دەشارمەوە ، کە ئەگەر وابێت ـ کەوا نی‌یە ـ هەقیەتی .

ب ـ یان ئەوەتە لە قەبارەو قلختدا خۆی لە زاتی خۆی گەلێك بـە چەڵەنگ‌و چاو قایمتر دەزانێ ، بەپێچەوانەی ئێـەو مانان کـە بـەدان پیاانی خۆمان کوڵەبنە ( قزم ) یەکین بەڕێزەی ئەو سەدەهـــا سەربازە نەناسراوەی کە هەردەم لە ئۆقیانووسی گیانماندا هەناسە دەدەن‌و مێـژووی هاوچەرخی‌کورد بە ئیسك‌و پروسکیان دەنووسنەوەو ستەمە لایان کـە چرکەیەك گۆشەگیر بن .

ج ـ یان ئەوەتە خۆی دەست‌نیشانی خۆی کردووەو بەڵام چەواشەی ڕاستی دەکات ، بەهەر حاڵ من سوورم لەسەر ئەوەی کە لەم دەرفـەت‌و بارەی ئەمڕۆدا کاك ئەنوەر لەبەرەی میللەتدایەو بۆ میللەت دەنووسـێ بەڵام لە سنوورێکدا کە تەنیا ئازووقەی هاوبەشی کردنی لەو بەرەیـەدا چەند هۆنراوەیەکی کەم‌و نیوداشتوو قســەی ناو بارەو هیچی کە ، بەپێچەوانەی گەلێك لـە شاعیرانی کـوردو جیهان کـەها وبەشی‌یەکـی ڕاستەقینەو ڕاستەوخۆی ئەو مەیدانە پیرۆزەیان کـــردووەو گوێشیان نەداوەتە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ، بـۆ نمـوونە « گوڵسورخـــی » دەڵێت(٥) ( بایەخی ڕۆشنبیریمان وەك کاو جۆمەڕێژن ... من بۆ گۆڕینی ژیان نەك ئەمەوێ شیعر دروشمم بێ بەڵکو ئەبێ پەت‌و ژەهرو گوللـەو مشتە کۆڵەش بێت )(٦) . گوڵسورخی هەڵوێستی ڕۆژانەیی‌و قسەکـانی و بەرهەمەکانی نەك هەر جووت‌کرد بوو ، بەڵکـو هـەر ئـەو بیروباوەڕە گەرم‌و بەجۆشەی بوو گەیاندیە ئەو سەرەنجامەو گیانی پاکیشی لە پێناودا بەخشـی .

(٦) تەیموورلەنگی خوێنڕێژو نەگریس یادێکی ئێجگار خەمناكو دزوارە لە مێژووی گول گوونی ئەم ڕۆژهەلاّتەدا ، ڕۆژێك لە چەمی (کانیجولا )ی سەوزو پڕ گولدا ئاهەنگێکی قەشەنگو گەورەی سازدا ، یانزە هەزار هەر دەوار هەلدرا بوو ، جگە لە دەوارەکەی خۆی کە دوانزە هەسوونی ئالتوونی وەستاندبووی ، هەرچی بە خەیالدابێت لە مێژوو یەری یەری و نیشانەی دەسەلاّتو سامانی ئەم مرۆڤە لەو ئاهەنگەدا خۆی دەنواند ، لەبەر پێی ئەم شەلە شەرەنگێزوو نەگریسەدا کۆمەلێك پادشاو سەرۆكو پیاو ماقوولو ٠٠٠بە ناوێ هەلتروشکابوون ، تەیموور بەگومراهیو لەخۆباییبووێکەوە بە (کرمانی) شاعیری ووت :ـ ئەگەر بمخەنە بازاڕی سەوداوە بە چەند دەمکڕی ؟

کرمانی :ـ بە ٢٥ دینار ٠

تەیموور :ـ بەلاّم هەر پشتێنەکەم بایی ئەوەندەیە ٠

کرمانی :ـ منیش هەر بە تەنیا بیرم لە پشتێنەکەت کردۆتەوە چونکە خودی خۆت نرخی پوولێکت نیەیە !!

لە مێژووی مەزنی مرۆڤایەتیدا دەیەها شاعیرو ڕۆشنبیر لە سەرشەرەفی ووشەو هەلوێستەکانیان دەستیان کردە ملـی مردنی مەزنوسنرای لە سنووربەدەر ، سێدارەو تەنوورو گڕو شمشێر نەیپساندوون ، لە نێو ئاگرو ئاوو چەقۆو بزماردا هەرسوور بوون لەسەر ووشەکانیان ٠ ووشەی پاك هەر دەمێنێتەوە ، ووشە هەلوێستە هەلوێستیش بەشێکی ڕووناکە لە مێژووی خاوەنەکەی دەبا ئێستاکە بەرۆیەك لەخۆمان دادرینو بزانین لەتیف هەلمەت ))چۆن شاعیری ئەم سەردەمەی کورد هەلئەسەنگێنێ و لە چ خانەیەکدا دایان ئەنێت ٠٠ ؟!

لەتیف ئەڵێت:

(٧)

شاعیرەکان هەر زمانن
پاڵەوانی بارەکانن،
لە هیچ چەکێ نازانن.
بەڵام هەر زۆر زۆر شارەزای
پێک هەڵدانو
ڕووت کردنەوەی ... بارە ژنو
کچی جوانن

من لەلایەن خۆمەوە بە شێوەیەکی ڕەها (مطلق) لەگەڵ کاک لەتیفدا نیم چونکە هەندێك شاعیریی ئازا و چاو نەترس و ڕاستگۆمان هەیەو با ئەمەیان بۆ میللەتو مێژوو جێبهێلین.

هەرچی ئەو ڕەخنەیەش هەیە کە ئاراستەی مەحمود دەروێش کراوە هی من نییە، بەڵکو هی خودی ئەو ڕەخنەگرو شاعیرە عەرەبو فەلەستینیانەیە کە هەڵقرچاوی داپلۆسانو جەزرەبەی داگیرکەرە سەهیۆنییەکانن، ئەمانە لەو ڕایەدان کە قاڵبوونی مرۆڤو توانەوەی لە جەرگەی ئازارو چەرمەسەریدا گەلێك پیرۆزترە لەهەڵاتنو بەرەڵلاکردنی نەتەوەی فەلەستین، تەنانەت ئەم ڕەخنەگرە فەلەستینیو عەرەبانە هەڵوێستی ئەو شاعیرە فەلەستینیانە بە پیرۆزو چاو نەترسانەتر دەزانن، کە لە ڕۆژنامەو ئەدەبیاتی حزبی (راکاح)ی ئیسرائیلیدا دەنووسنو بەرگری لە مافی نەتەوەی فەلەستین دەکەنو هەردەم ئامادەشن کە لە پێناو نەتەوەکەیاندا لەم ڕێگایەوە تووشی ئازارو داپلۆسان ببن، بۆ نموونە (غەسان کەنەفانی) سیفاتی ئەوشیعرانەی کە لە ژێر سێبەری تێزەو

مەترەلوزی سەهیۆنی یەکاندا نووسراونەتەوە لەم دوو خاڵەدا دیار دەکات :
ا ــ ئەو هۆنراوانەی کە لە زەوی داگیرکراوەوە نووسراونەتەوە ، پڕن لە درەوشانەوەی گیانی شۆرشگێری بەردەوام و هیوای سەرسوڕهێنەرو گەش ، بە پێچەوانەی ئەو شیعرانەوە کە لە دەرەوەی فەلەستین دەنووسرێن ، پڕن لەگریان و ڕەشبینیو لاڵانەوە ٠
ب ــ هۆنراوەی نێو خاکی داگیرکراو بە خێرایی یەکی سەرسوڕهێنەر خۆی ڕادەهێنێ لەگەڵ ڕووداوە عەرەبی یە گرنکە کانداو دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پێویستی یە مێژوویی یەکانی ئەم سەردەمە ٠

٤ ــ کاك ئەنوەر خۆی دەکاتە هاوشانی ( غەسان کەنەفانی )و بەراوورد دەکات لەگەڵا خۆیدا ــ کە وەك قوتابیەك لە ( یەکێتی سۆڤێت ) دەخوێنێ ــ لەگەڵ ( غەسان )ی تێکۆشەرو مرۆڤدا !! بمبوورن!

ئەم بەراوردوو شانە خڕێ یەی ( کاك ئەنوەر ) ئێجگار ساکار و نەزۆکە ، ئایا ( غەسان )ی ستەم دیدە لەسەر ویستی خۆی (فەلەستین)ی زەوتکراوی جێهێشتووە ؟!یان لە ساڵی ( ١٩٤٨ ) لەگەڵ خێزانەکەیا لە (یافا) شار بەدەرکران ؟! چەندەها جار ئەم تێکۆشەرە بلیمەتە پیلانی کوشتنی بۆ کراوەو دەربازبووە ، تەنانەت لە ( بەیرووت )ی گڕوخوێندا هەردەم پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو چاو نەترس بووە ، تفاقی هاوبەشی کردنی شۆرشگێرانەی نەك بە تەنیا خامە ڕەنگینەکەی بووە ، بەڵکو نەمەنگو نارنجۆكو جەستە ماندووەکەشی هەر لە کارا بوو ، تەنانەت چەند جارێك لە شێوەی پێشمەرگەیەکی ئاساییدا گەڕاوەتەوە فەلەستینی زەوتکراوو کاروباری شۆرشگێرانەی فەراهەم هێناوە ، من نایەم بە پەلەپەلو هەڕەمەییو هەڵچوونەوە ئەم بەراوردە هەڵکوڵێنم وەك ( کاك ئەنوەر ) ، بەڵکو لە شێوەیەکی ئەکادیمیانەدا دەیخەمە بەردەست خوێنەری کوردەوە :ــ

١ ــ ( غەسان ) ئاوکرایە ژێر خێزانەکەیی‌و لە تەمەنی (١٢) سالیشدا لە (یافا) شاربەدەرکرا ، بەلام کاك ئەنوەر بەویست‌و ئەلهای خۆی ڕووی کردە ( یەکێتی سۆڤێت ) !

٢ ــ غەسان بۆ درێژەدان بە تێکۆشان نەك ڕێگای ( بەیرووت )ی بە تەنیا گرتەبەر ، بەلکو ڕێگای کۆختە تەپیوودا ڕووتاوەکانی ( تەللوزەعتەر ) و ( ڕاشیدیە )و (شاتیلا)و «سەبرا»و ••• گەڕەکە بێدەرامەت‌و هەژارەکانی کەرەتینەو ئەوزاعیشی هەلبژارد ، بەلام کاك ئەنوەر وەك خۆی دەلێت بۆ ( عەشقی زانین‌و خۆپێگەیاندن ) مۆسکۆی قەشەنگی هەلبژارد •

٣ ــ « غەسان » تێکۆشەرو پێشمەرگەو نووسەرێکی جیهانی مەزنە، بەلام کاك ئەنوەر گۆشەگیروو زانایە ؟

٤ ــ « غەسان » لە هەموو چرکەیەکی کاتە مەزنەکانیا چاوەنوارِی نارنجۆکێك بوو هەتا جەرگ‌و دلە گەورەکەی هەلتەکێنێ ــ وەك هەلیتەکان ــ بەلام مامۆستا ئەنوەر لە پاریزیایەو چاوەنواری بارِو شەمادەو نەوەدوو کچە !

٥ ــ غەسان ئەو هەموو چەرمەسەری‌و داپلۆسان‌و دواجار شەهید بوونەشی بە سنگێکی فراوانەوە وەردەگرت‌و هەردەم ئەی ووت هێشتا ماومەو نەتەوەکەم پێویستی بە هەولی زۆرترمە ، بەلام کاك ئەنوەر هیچ داپلۆسان‌و ئازارو تەنانەت بە درێژایی تەمەنی ڕۆژێك چییە بەندێتی لە پێناو ئەو خەلکەدا نەدیوە ، کەچی دەشلێت : ( درێخیم نەکردووە !) سەمەرە ئەوەیە داواشمان لێ‌دەکات ، کە شەوانە لە ئاگردانی یادوو بیرەوەریی یەکانمانا بوخوردی پالەوانێتی بۆ بسووتێنین !!

خوێنەری ئازیز تەنیا مەبەستم لەم بەراوردە زیاتر ناساندنی ( غەسان )ەو بەرگرییە لە ڕێڕەوە پیرۆزەکەی تەمەنی ، چونکە بەڕاستی تاس دەمباتەوە لەگەل کەسانی‌کەدا بەراوورد بکرێ !

٥ ــ کاك ئەنوەر لە شوێنێکی‌تریشدا خۆی خستۆتە هاوشانی (هێمن)ی شاعیرو چۆتە بەرگو سیپاڵەکەی ئەوەوەو خۆی خستۆتە حاڵی‌جاو ، سەیرکەن چی دەڵێت : ــ ( من بەم تەمەنی سی ساڵی ژیانەوە چیم‌بووە لەوەی تازە بە تازە لە ژوورێکی داخلیدا لەگەڵ دوو قوتابی‌تردا بژیم‌و بەدیاری لەمپایەکەوە تا بەیانی شەونخونی بکێشم)[٨]. هێمنیش بەم شێوەیە باسی شاربەدەرکراویەکەی خۆی دەکات‌و دەڵێت :[٩] ( ئێستا لە شارێکی دوور وولات بە تاقی‌تەنێ لە ژوورێکی ڕەق‌و ڕووت دانیشتووم ٠٠٠) خوێنەری ئازیز ڕستەکەی کاك ئەنوەر هەستی بەزەیی پیاهاتنەوەی زیاتر لە دڵماندا وورووژاندووەو خۆی خستۆتە ئاستی مرۆڤێکی ئاوارەو بێ‌نەواو کەساسەوە ، تەنانەت وای داوەتە قەڵەم کە داپلۆساو ڕاوەدوونراوو ئاوارەش بێت ، ئەمەلە کاتێکدا کە کاك ئەنوەر بە تەڵهای خۆی‌و بەدان پیانانی خۆیشی بۆ خۆپێگەیاندن ، ڕۆیشتۆتە یەکێتی سۆڤێت ، بەڵام (هێمن) شۆڕشگێرێکی ئاوارەو چاونەترس‌و نەفس بەرزە ، بەو حاڵی دەربەدەریەشەوە دەڵێت : ــ ( زگتان‌پێم نەسووتێ ئەو ژیانەم بۆ خۆم هەڵبژاردوە ) ، ئا ئامەیە جیاوازی نێوان شاعیری شۆڕشگێری ڕاستەقینەو شاعیری ٠٠٠

کاك ئەنوەر لەهەمان کۆپلەی پێشوودا دەڵێت[١٠] : ( شەهادەشم لا پەشمە ٠٠٠ شەونخوونی بکێشم ) خوێنەر بۆی هەیە بپرسێ بۆچی کاك ئەنوەر چوار پێنج ساڵ شەو تا بەیانی بەدیار لەمپایەکەوە شەونخونی بکێشێ هەتا دەگاتە ئەو پەشمەو بە دیداری شاد دەبێت ؟ چ ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە هەیە زەنگوڵ ئارەق بڕێژێ هەتا دەگاتە پەشم ؟!٠ خوێنەری ئازیزم من لەلایەن خۆمەوە هەرگیز درۆ لەگەڵ خۆم‌و تۆدا ناکەم ، شەهادە لای من پەشم نی‌یەو پیرۆزە بەتایبەت لە زمان‌و ئەدەبی کوردیداو بە ڕێگەیەکی شەرعیانە ، چونکە ئەمە مافی تایبەتی خاوەنەکەێتی‌و کەسیش بۆی نی‌یە خۆی هەڵقورتێنێتە ئەم‌ئاقارە ، چونکە وەك هەر خولیایەك لە خولیاو ئاواتە تاکە کەسی‌یەکانی مرۆڤ هەموو کەس بۆی هەیەو

ــ خۆزگە واش دەبوو ــ کە ئەو ئاواتانەی بهێنێتەدی ، من لاریم لەمە نی‌یەو وەك ووتم بە لاشمەوە پیرۆزە ، بەڵام بەوە جارسمو هەر بۆیەش بە دەنگ، دێم کە ڕووی ڕاستی بشێوێنرێو ئەم شتە تایبەتی‌یە تاقە کەسی‌یە لەخەڵکەکە بکرێتە بەرژەوەندیەکی گشتیو قوربانی دانو بانگی تێکۆشانو شۆرشگێڕێتی سێ پەروانەی بدرێ بەگوێدا !.

٦ ــ کاك ئەنوەر لە یەکێتی سۆڤێتەوە موزایەدەی هەڵوێستو خۆنواندنو شۆڕشگێڕێتی سەر کاغەز بەسەر منو هاوڕێ ڕەخنەگرەکانمەوە دەکاتو دەڵێت : ( نووسەرێك کە هەموو ژیانی چەرمەسەریو ئازارو شەڕو هاوڕێو کەسو کار کوژرانو شارو دێ وێرانکراندا بەسەر بردبێ ...) ، سەیرکەن لەوەشدا کاك ئەنوەر منەت بەسەر نەتەوەی کوردا دەکات ، چونکە ئەوقەدەرە تەمەن ناخۆشیەی لە ناو ئەوانا بەسەر بردووە ، تەنانەت ئەگەر ڕستەکەی بە ووردی بخوێنیتەوە هەست دەکەیت تانووت لە نەتەوەکەی دەدات چونکە ڕێگەیان‌داوە شاعیرێکی دڵناسکی وەك ئەو ئازار بچێژێو لە مێرگوزاری ژیانا بختەوەر نەبێت ، بۆم هەیە بپرسم ئایا ئازارو ئەشکەنجەو کەسو کار کوژرانو شارو دێ وێرانکران هەر بەسەر کاك ئەنوەرا هاتووە ، یان خەڵکەکە هەمووی ؟! بۆ خێزان هەیە لەم عێراقەدا ئەوەی کاك ئەنوەر ئەیڵێت بەزیادەوە نەیدیبێ ؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەێنێت ، کە هەر لەبەر ئەوەی کاك ئەنوەر ئەمانەی دیوە ــ وەك هەمووماں دیومانە ــ ئیتر منەت بکات بەسەرماندا ــ و بیکاتە دەسە گوڵی شۆڕشگێڕێتی فرۆشتن ؟! بەلای منەوە ئەگەر کاك ئەنوەر ئەم شتانەی بۆ بێگانەیەکی ( هەندەران ) والا بکات شتێکی باشەو جێگای ڕەزامەندی نەتەوەکەیەتی ، بەڵام بۆ ئێمەش ؟!

٧ ــ کاك ئەنوەر هەر لە هەمان بۆنەی موزایەدەی پاڵەوانێتیدا ڕوودەکاتە نەتەوەکەیو دەڵێت[11] : ( لەم ڕێگەیەدا بەگوێرەی توانا دریخیم نەکردووە) ، خوێنەری ئازیزم ( ناظم حیکمەت ) چواریەکی تەمەنی لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە لە پێناوی نەتەوەکەیدا کەچی

کاك ئەنوەر ڕۆژێ لە ڕۆژانی تەمەنی بەندیخانەی لە پێناوی نەتەوەکەیدا نەدیوە ، بەڵام دەڵێت درێخیم نەکردووە ! شاعیری کورد ( ع٠ح٠ب )جگە لە بەندیخانەو ئازارو چەرمەسەری «٥» ساڵ لە وەزیفە دەرکراو هەژاری چەشت ، ڕۆژێك بەسەر نەتەوەکەیدا منەتی نەکردووەوە ، جگە لە گەلێ شاعیری کوردیتر کە ئێستا جێی باسیان نییە ، ( نازم حیکمەت ) دەڵێت:[١٢] ( ئەگەر خۆشەویستی ژیانو نیشتمانو مرۆڤت بوێت گەرەکە:

سڵ لە خنکاندن نەکەیتەوە
یان دە پانزە ساڵێ لە بەندیخانەدا هەڵژێی
گەرەکە نەڵێیت :
خۆزگە ئاڵایەك بوومایە بەسەر پەتێکەوە بشەکامایەتەوە
بەڵکو دەبێ پێت لە زەویدا بچەقێنیو
باوەش بە ژیاندا بکەیت
لەم جیهانەدا جۆرە ژیانێکت دەبوو
ئەگەر بەرگریکردنی دوژمن دەینی ملت نەبوایە)[١٦]

( میکویل ئەرناندیس ) شاعیری شۆڕشگێڕو دڵی بە هەرەکەتی ئیسپانیا لە تەمەنی (٢٥)ساڵیدا لە ڕیزی پێشەوەی سەنگەرەمەزنەکاندا بەرگری لە ( مەدرید ) دەکرد دژی فاشیەکان ، لە تەمەنی (٢٩) ساڵیدا فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا دراو لە دواییدا گۆڕیان بە ( ٢٥ ) ساڵ بەندێتی ، دواجاریش لە بەندیخانەدا نەخۆش کەوتو دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت ، بەڵام ئەم شاعیرە وەك هەواڵەکانی بەندیخانە ئەیانگەیاند ، دەیووت نەتەوەکەم پێویستی بە هەوڵی فرەتر هەیەو هەرگیز وەك کاك ئەنوەر نەیدەووت درێخیم نەکردووە ! شاعیری سۆڤێتی ( موسی جلیل ) یەکێك بوو لە چەك بەدەستە ئازاکانی وولاتەکەیو لە بەندیخانەکانی نازیەکاندا گیانی پاکی بە خاك سپارد ، خوێنەری ئازیزم مەبەستم لەم بەڵگەو نموونانە ئەوە نییە کە کاك ئەنوەر ئەوەندەیتر زارەترەك بکەم لە ئاست ئازایەتیو هەڵوێستی شاعیرانیکەدا ، بەڵکو

تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە بە خۆیدا بچێتەوەو بەرپێی خۆی ببینێ ، چونکە چاوی میللەت لەکاتی تەنگانەدا ئێجگار تیژەو هیچ شتێك نابوێرێ ، میللەت لەبەر دەم کاساتێکدا سەری شکۆ دادەنەوێنێ کە لە کسپەو سوێی زامە مەزنەکانیانا درۆینەی درکو دالی وورەبەردانو هەلاتن دەکەن ، کەسانێ کە ستەمە لە لایان چرکەیەك گۆشەگیر بن سانێ کە کەم دەژینو کەل دەژین .

کاك ئەنوەر هەر لە بۆنەی موزایەدەی شۆڕشگێڕیدا هۆنراوەکەی ( گۆران )ی هێناوەتەوە کە دەلێت :

من سەربازی ئامانجێکم پیرۆزە
فیداکاری ڕێگایەکم بێ گەردە
ڕەنجێك ئەدەم ڕەنجی پیاوی دلسۆزە
لە ڕێیەکا بێ باك ئەمرم ڕێی مەردە

بە لای منەوە ئەو گۆپلەیەی ( گۆران ) بۆ ئەوە باشە(۱۷) کە لە خۆپیشاندانەکانی پەنجەکانا بەهەلچوونو دەستڕاوەشاندنەوە بووترێت ، چونکە خۆی لە خۆیدا لایەنە ڕامیاریو لافیتەییەکەی تیا زالترە بەسەر لایەنە هونەرییەکەیدا ، وا دیارە کاك ئەنوەریش لە هەمان خۆپیشاندانی هەلوێست و پالەوانێتی سەر کاغەزدا ئەمە دووبارە دەکاتەوە .

٨ ـ کاك ئەنوەر لە وولاتی سوڤیەتەوە تانەو تەشەرم لێدەداو دەلێ :

( کەی بەحەیاتی ١٠٠مەتر لە وەزیفەو مال دوورکەوتۆتەوە) (۱۸) بەلام خۆی لە دژوارترین کاتدا هەزارەها کیلۆمەتر هەلاتووە ، بو کوێ؟ بۆ مۆسکۆی جوان .... وەك خۆی دەلێت نەك بەناچاریش

٩ ـ کاکە ئەنوەر هەلچوونەکەی ئەوەندە بەتەوژمە پەنای بردۆتە بەر ڕابووردویەکی دوور کە دە دوانزە سالێك لەمەوبەر دەگرێتەوەو کۆمەلێ شتی شەخسیو قسەو قسەلۆکی لا کۆلانی خزاندۆتە نوسینەکەیەوە ،

ئەوەی جێی داخە هەرگیز نەمئەویست ڕۆشنبیرێکی وەك كاك ئەنوەر ئەوەندە پەراوێز ئاسا ببینم ، لە خەزنەی دڵیدا ئەوەندەی بەندوو باوو شتی شەخسیو لاوەکی تێدابێ ، نیو ئەوەندە بیروومەنتیقو هۆشو دڵپاکی تیانەبێتو من لەم بوارەشدا هیچ وەڵامێکی نادەمەوە ، چونکە نامەوێت نووسینەکەم بخزێنمە لێژگەی شتە شەخسیەکانەوە .

١٠ ــ سەبارەت بەوەی کە كاك ئەنوەر پلارم لێ‌دەدا کە بۆ نەڕۆیشتووم بۆ وڵاتی‌سۆڤیەت بەڕای ئەو لەبەر ئەوە بووە کە من وتوومە مودەریسی عارەبی لە دکتۆرای کوردی باشترە ، دەڵێم : من ساڵی ( ١٩٧٠ ) زەمالەی خوێندنی دکتۆرام لە زمانی کوردیدا وەرگرت لە زانکۆی ( طاشقند ) ، بەڵام بۆم ڕێ‌نەکەوت بچم ، نەك لەبەر ئەو قسە دەست هەڵبەستەی کە كاك ئەنوەر بۆی هۆنیوەتەوە ، بەڵکو لەبەر هۆیەکی کاریگەر ، ئا لەوکاتە دژوارو سەختانەدا خۆم لەبەردەم خێزانێکی دەستکورتو کەم دەرامەتدا بینیەوە ، خۆم لەبەر دەم سێ (٣) برادا بینی‌یەوە کە بە ڕۆیشتنی من خونچەی بەهرەو زانیاری پاشە ڕۆژیان دەژاکاو هەڵدەوەریو خوێندنیان پێ‌تەواو نەدەکرا ، چونکە ئێجگار پێویستیان بە یارمەتی من بوو ، گەنجێك لە تەمەنی ( ٢٥ ) ساڵیدا زەمالەی دکتۆرای بۆ بلوێو زۆریش ئەڵهای بکات ، بەڵام پشتی تێ‌بکاو نەیەوێت ، لەبەر ئەوەیە مودەریسی باشترە ؟! ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا هەر دانەنرابووم بە مودەریس و تەنیا مەعاشێکم نەخواردبوو هەتا بزانم مودەریسی باشترە !! دوای ئەوە ، منداڵێکیش دەزانێ کە دکتۆری لە مودەریسی باشترەو قسەکەی كاك ئەنوەریش دیارە کە لەدوورەوە قۆرت‌دەدا !!

کوژاندنەوەی بەهرەی سێ برای تازە پێگەیشتووم = دەبوو بە دکتۆری من ، هەر بۆیە بە شانازیەوە پشتم کردە ئەو دکتۆرایەو قوربانیم پێدا ، ئەنجامەکەشی ڕەزامەندی ویژدانم بوو ، چونکە ئەو سێ خونچەیە بوونە گوڵ ، چوونی من بۆ یەکێتی سۆڤیەت و پشت کردنە خێزانە کەستکورتەکەم دەبووە ئازارێکی ویژدانی کاریگەر هەردەم لە ناخمدا پلی دەدا ، بەدڵنیایشەوە دەڵێم ئەو کەسەی قوربانی بە خێزانێک بدا لە پێناوی بوون بە دکتۆردا ئامادەشە هەردەم پشت بکاتە میللەتەکەی ، هەتا ئێستاش هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەم ئەم هەڵویستە دڵسۆزانەیەمیان لەبەر چاوەو دەیلێینەوە ، بێگومان ئەو هەڵوێستەم پێویستی سەر شانم بوو نەك پیاوەتی و منەت ! ساکارترین مرۆڤیش دەزانێ لە ڕووی سامان و گیرفان و ئیمتیازاتەوە دکتۆری مسۆگەرترەلە لە مودەریسی یەکەی من ، دوای ئەوە منی مودەریسی عەرەبی ، لەوەتەی هەم لە نووکی پێنووسەکەمەوە ڕەستەیێك ، ووشەیێك ، پیتێك نەهاتۆتە دەرێ و ناشیەت بۆ خزمەتی هیچ زمانێك جگە لە زمانی شیرینی کوردی نەبێت !

١١ ــ کاکە ئەنوەر لە دەرگای هەندێ باس و خواسی داوە کە من بە هیچ جۆرێك توخنی نەکەوتووم و بە پارێزیا نەچووم ، سەیر ئەوەیە وای داناوە کە من لەمانە دووام و ئینجا ئەویش لەسەر ئەم بنەڕەتە نەبووە ! بەرپەرچم دەداتەوە ، ئەم شێوازندنە نامۆیە ئەنجامی هەڵە هیچ دەدات بەدەستەوە ، چونکە وەك تیۆرێکی مەنتیق دەڵێت : ( المقدمات الخاطئە تؤدی الی نتائج خاطئة بە مەرجێك سێ لەسەچواری ووتارەکەی لەم بابەتەیە ، ئەم دیاردەیە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەوە بیدا نەك پێی دەووترێت ( حشو ) بە تەنیا ، بەڵکو دوو زمانی ئەدەبی ، ئەمە لە کاتێکدا کە کاك ئەنوەر قوتابی خوێندگای بەرزەو لەهەموو شتێ زیاتر پێویستی بە پرۆگرامی نووسین هەیە ! ، ئێستا یەك یەك ئەم شتانە شی دەکەمەوە :ــ

ا ـ بێ ئەوەی من تەنیا ڕستەیەکم لەم بارەیەوە ووتبێت کاکە ئەنوەر دەڵێت : ( زۆر جار باس لـــە شتێ وا دەکرێـــت وەك ئـــەوەی نابێ شیعر بۆ ئافرەت بنووسرێت‌و ئەمە نیرگسی‌یەتەو لەم بابـەتانــە ) یان دەڵێت (١٣) ( پۆشکین نەوەدو نۆ کچە هاوڕێی هەبووە ) یان‌دەڵێت : ڕەسول حەمزاتۆف ووتویەتی (١٤) ( من دڵم چووە لەسەدکچ) کاك ئەنـوەر شیرو تیرمان لێ‌دەسوێ‌و دەیەوێت سەد ئافرەتی کـــوردی سیاچارە دەستەمۆکات ، کەف‌و کوڵ‌و ئالۆشی شۆرشگێرانەی لە کیژۆڵە ڕووتەڵـەو ئاوارەکانی کوردادابمرێنێ ، ڕەخنەگرە کوردەکان تاوانبار دەکات گـوایە نۆختەی‌پشکنینیان لێ‌داناوەو ڕێگای ئـــەم ڕاسپۆتینیەتەی نـادەن ، ڕەخنەگرەکان لای ئەو دواکەوتوو ڕێژگاو کۆنەپەرستن ، چونکـە ئـە دڵە ناسکـەشاعیرانەیەی دەشکێنن و دەڵێن کات‌و جێگـاو سەردەمـی کۆمەڵگای ڕووسی‌و کوردەواری چوون‌یەك نین‌و ئەمە دۆگماتیـــەت‌و کاربۆنیزمە • هەتا ئێستا نەم بینیوە ڕەخنەگرێکی کورد دەرگای نێـوان پەیوەندێکانی نێوان ئافـرەت وپیـاو داخات ، نەم بیستووەو نەم دیـوە ڕەخنەگرێکی کورد بە(نالی) یان (مەولەوی) بڵێ ئەوە بـــۆ ئەوەندە بە ( حەبیبەو عەنبەر خاتون) دا دەڵێن‌و بێ‌بڕنەوە تەنانەت ئەدەبی کـوردی بە پێچەوانەی ئەدەبی عارەبی‌یەوە تووشی گرێ کوێرەی پەیوەندی نێوان ئافرەت‌و پیاو نەبووە لە سەرەتای لـە دایك‌بوونیەوە ، ئەوەی (نالی) بـە (مەستورە خانم)دا ووتویەتی مەگەر شاعیرەکانی ڕۆژئاوا ئاوەها ، یەکالآیان کردبێتەوە ، خۆ لە هۆنراوەکانی (ئەدەب‌و وەفایی) هەر مەپرسە ، هەروەها بە تێکڕایی زۆربەی زۆری شاعیرو چیرۆك نووسی کـورد مامەڵەیەکـی پێشکەوتن‌خوازانەی لەگەڵ ئافرەتا کردووە ، جگە لە هەندێك نەبێ ، لام وایێت مەرەزەش بێ داڕووجان نابێت •

ئازانم ئەم تاوانبارکردن‌و تۆمەت نانە ملی ڕەخنەی کوردیەی کـاك ئەنوەر لەکوێوە هاتووەو مەبەستی چ ڕەخنەگرێکەو بۆ ناوێرێ دەرگـای ئەم برینەبکات‌و ئاشکرای کات ، ئەوەندەی منیش بزانم زۆربەی هـەرە

زۆری ئەوانەی کە بە ڕەخنـــەوە خـەریکن هەمـــوو بیروڕای پێشکەوتن‌خوازانەیان هەیە و کۆنەپەرست نین ، ڕەخنەگر چی بکات لەوەی کە هۆنراوەکانی کاك ئەنوەر (کە ڕەنگدانەوەی کەسێتی خۆین ) تـــوانای خۆساچاندن‌و تێکەڵبوونی نێو ئافرەتیان کزەو لە گرێ کوێـــرەی ئـەو نەخۆشی‌یەدا کە لە لان ، کەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕەخنەگرێ بەرۆکی بـە کاك ئەنوەر یان شیعرێکی گرتووە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی خۆش دەوێ؟!

ئێستا کە دوای چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت ئەگەر کاك ئەنوەر ڕووی کرابێتەوەو لەگەڵ ئافرەتدا هەڵس‌وکەوت بکـاتو ئـەو گرێـی خۆ ـ بەکەم زانینەی ئاست ئافرەتی نەمابێت ئێجگار جێگـــای دڵخۆشیمـەو پیرۆزباییشی لێ دەکەم ، بەڵام نەك بەو شێوەیە پێی لێ‌هەڵبڕێـــت لـە هیچەوە بەگوڕ بۆ نەوەدو نۆ ٠٠بشیەوێت ئەم تاقیکردنەوە تایبەتی‌یەی خۆی بە گشتی ( تعمیم) بکاتو بشی‌کاتە یاسایەكو لەسەر ئـەو بنەڕەتە سەر شاخی ڕەخنەی کوردی بگرێو تانووتی لێدا !!

ڕەخنەی کوردی تەنیا داوای لە شاعیرو چیرۆك‌نووسـی کـورد ئەوەیە کە مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەتا تەنیا ئاڵۆش دامراندنەوەی لەش نەبێت ، ئافرەت نەخرێتە مامەڵەی بازاڕو کڕین‌و فرۆشتـــن‌و دەسـت پێ گەرم کردنەوەی ڕاسپۆتینانە ، چونکە ئەمەیان دەبێتە هۆی شکاندنی میحرابـی پیرۆزی ئافرەت وەك مرۆڤێك ، بۆ شاعیری کورد مامەڵە نەکات لـەگەڵ ئافرەتا وەك (ئاراگۆن) لەگەڵ (ئەلزا)و (ناظـــم حیکمەت) لەگـەڵ (مونەوەر) ، یان چیرۆکی کچە کۆرسیکایی بلەو ٠٠٠٠ هتد ئیتـر بـۆ ڕەخنەگرەکان لای کاك ئەنوەر بوونەتە باجگرو چەقۆکێش‌و ئاست نزم ؟! هەر لەبەر ئەوەی ئەو داوا ڕەوایانەیان هەیە !

تۆیەکی شاعیرو شۆڕشگێڕو سووتاو بە عەشقی غەریبی ! باری نالەبارو پڕ ئەشکەنجەو ئازاری نەبڕاوەی ئەم نەتەوەیەت لەبەر چاو نەبێو لـەسەر بای بەرەی پۆشکین‌و حەمزاتۆف ئاوازی سەد کچە هاوڕێ بدەی بە گوێی

ئێمەداو گەرەکت بێ کەف‌و کوڵ‌و ئاڵۆشی شۆڕشگێڕانەت لە ئافرەتە ستەم دیدەکانی نەتەوەکەتدا دامرێنیتەوە لە چ فەرهەنگێکا ناوت تۆمار بکەین ؟! وەڵامی ئەمەیان لای ئافرەتە ڕەشپۆش‌و خێر لە خۆ نەدیوو جەرگ هەڵقرچاوەکانی نەتەوەکەمە • با ئەوەش بڵێم پۆشکین کە نەوەدوو نۆ ئافرەتی هاوڕێی بووە ، زۆرتر جگە لە شاعیری‌یەتەکەی لاو چاکی‌و جەوانمەردێ‌کەی سەرنجی ڕاکێشاون ، چونکە یەکێ بووە لە زۆرانگرە (مبارز)ە بە ناوبانگەکانی تەلاری قەیسەر ، هەروەها ووشەی (هاوڕێی‌کچ) وەك زاراوەیەك مەرج نی‌یە لە هەموو کاتێکدا واتای دڵداری‌و سێکس‌و خۆ تیۆەشاندن بگرێتەوە وەك کاك ئەنوەر بۆی چووە ، بە تایبەت لەم وولاتانەدا ، تەنانەت هەر ئافرەتێکی قەپاتمەی سۆزانی بوو کە پۆشکینی دابەکوشت ، ئەگەر هەر مەسەلە ئەوەبێت کە کاك ئەنوەر ڕەوایەتی (شرعیە) بەوەبدا کە پیاوێ مافی ئەوەی هەبێ دەست بە نەوەدوو نۆ ئافرەت گەرم کاتەوە بۆ نموونە بە (هارونەلرەشید)و (فاروق)ی پاشای میسرو خاوەن کابرێەکان هێنێتەوە ؟! لەوانەیە ئەگەر ئێستا پۆشکین زیندوو بکرێتەوە نەك زویربێت لە کاك ئەنوەر بە تەنیا ، بەڵکو شقارتەیەك بنێ بە کاکۆلیەوە لە نارەزاییدا ، وەك قەشە بوزیەکانی ڤیتنام ، چونکە کاك ئەنوەر نموونەی بەسەردەم‌و هۆنراوەیەکی هێناوەتەوە کە بێ‌بایەخەو ، لەوانەیە ئەو نموونەیەی کاك ئەنوەر وەك تانەیەك وابێت بە سەرچاوی مێژووی تەمەنیەوە !•

ب ـ لەلاپەڕە (٦٠ـ هەتا ٦٤) كاك ئەنوەر باسی ئومێدو نائومێدی دەكات‌و نموونە بە چەند شاعیرێك دەهێنێتەوەو دوا جاریش بە كاك (ئەحمەد هەردی) سەر كلۆمی دەكات ، وەك لە سەرەتادا ووتم ئەم چوار لاپەڕەیە (حشو) ە چونكە لا بەلا هەڵی قورتاندۆتە نووسینەكەیەوە ، ئەمە جگە لەوەی بە شتێ تاوانبارم دەكات كە نەم ووتووە ، ئا لێرەدا هۆنراوەكەی[١٥] ( نەكراسۆف ١٨٢١ـ١٨٧٨) م هاتەوە یاد كە بە زمانی پاڵەوانی هۆنراوەكەیەوە نووسیویەتی ، گوایە لە دادگایەكی نارەوادا تاوانبار كراوە بە خۆڕایی‌و ئەویش دەستی بەرزكردۆتەوەو ووتویەتی :

سەبارەت بەو هەموو قسانەی دژم كراوە
ناتوانم دەعواچی‌و دادپەروەریش (حاكم)بم
من لەو جووتیارە دەكەم كە كزنی ڕوواندووە
چەند جێی سەمەرەو سەر سوڕهاتنە
ئەو كاتەی كە دەبینێ خونچەكان دەم دەكەنەوەو
دەبنە گوڵ بەڵام چ گوڵێ ؟!
گوڵە جۆی پڕ دڕك‌و مرۆر ![٢٢]

گوایە من لەم بۆنەو واتایەدا ووتومە : شیعرێك كە تەراژیدیای تێدابێت بێ سوودەو مێژووی ئەدەب دەیخاتە مۆزەخانەی لە بیرچوونەوەوە. ببەخشن ! ئەم واتایەدا لە نووكی قەڵەمەكەوە شتی وەها نەهاتۆتە دەرێ ، بۆ بەرپەرچی كاك ئەنوەرو ڕاستیی قسەكەم ئەوا جارێكی كە ڕاكەی خۆم دەنووسمەوە ، نەك بە تەنیا لەبەر ئەوەی ئێوە لە كاك ئەنوەربگەێنم كە بەو شێوەیە مامەڵەم لەگەڵدا دەكات ، بەڵكو ڕاكەی خۆمی بەخشكەیی پێفرۆشتوومەتەوە ، كە ئەمەیان چاوو ڕوویەكی قایمی دەوێ ، من ووتومە[١٦] ( :هەرچەندە گەلێك شاعیر ئەو كاتە تایبەتییانەی كە ڕەشبینی دەستدەنێتە بینیان هانا دەبەنە بەر ناخی مێژوو ، بەو هیوایەی

قورگی ووشك هەڵاتوویان تەڕکەنەوە ، یان پەنا دەبەنە بەر قوڵپی گریانێکی پیرۆز ،گریانێك کە سەبووری ناوەوەی زاتێکی گەمارۆدراو بە دڕکەزیی ئەو واقیعە تاڵو بێئامانە بدات ، هەروەکو (برنادشۆ) دەڵێت : ( ئـای لـە گریانی پیاو چەند مەزنە٠٠)

کاك ئەنوەریش دەڵێت : (دەربڕینی ئازارو خەمانای وورە بـەردان نی‌یە بەڵکو هاندانەبۆنەهێشتنی سەرنج بدەن ، هەر هەمان بیرووڕا نی‌یە؟! منێك کە بڵێم گریانێکی پیرۆز ، یان بنووسم : ئای لە گریانی پیاو چەند مەزنە، مەبەستم ئەوە نی‌یە کە خەمو ئازارو پەژارە دیاردەیەکـی گونجاوە لە کۆمەڵگای ئێمەو ئێمە ئاسادا ؟!!

ج ــ کاك ئەنوەر سەبارەت بەم کۆپلەیەی :

سەرم پێشانگای مردنەو تابلۆکانی هەموو ڕەشن
سوورن ، ئاڵن ، خۆڵەمێشین ٠٠ ٠
سەرم ژوورێکی چوار گۆشەی یەك پێیە
تۆی تیا دیلی ، سەرت بەسەر ئەژنۆکاتتا شۆڕبۆتەوە
ئای کە بەرزی ! چاوت ئاسمانێکە ڕۆشن
ڕۆژێ دێو کرنۆشت بۆ دەبا ٠٠٠

دەڵێت : « ئەو هاتووە نووساوە بە دێــــڕی یەکەمەوەو ئیتر دێڕەکانی تری بە جیاشی کردۆتەوە ، لای من سەرەنجامی کوپلیتەکـە دوا دێڕە (ڕۆژێ دێو کرنۆشت بۆ دەبا ، گوایە ئەمەش هەر ڕەشبینی‌یە ؟ » هەتا ئێرە سەبارەت بەو کۆپلەیە ، قسەی کاك ئەنوەرە ،منیش ووتومە(٢٥): (بەڵام لە پڕێکا وەك ئەو دیلێتی‌یە هێزێکی پاڵپێوەنەر بێت بۆ ناسینـی ئەو پاڵەوانە ، بە هەڵچوونێکی شاعیرانەی هێزاوە دەڵێ :

ئای کـە بەرزی چاوت ئاسمانێکـە ڕۆشـن
ڕۆژێ دێو کرنووشـت بۆ ئەبـا(٢٦)

خوێنەری ئازیز لە گوڵی کاڵتر بە کاك ئەنوەر مەڵێ ، قەیناکە ، چونکە شاعیرێکی دڵ ناسكو دوور وولاتە ! بەڵام هەر ڕاکەی خۆم نی یە پێی فرۆشتوومەتەوە لەگەڵ تۆزێ ئاریشتی ناشیانەدا ، سەمەرە ئەوەیە کاك ئەنوەر لەسەر ئەم ڕایە تاوانبارم دەکات !!٠٠ لەم دوو بۆنەیەدا ، واتە ( ا ، ب) سەرگورشتەیەکی سەیرم بە بیرداهاتەوە ، ڕۆژێك کابرایەکی ئەم وولاتی خۆمانە دەچێتە شاری بەغدا ، بە ڕێکەوت لە شوێنێکی قەرەباڵغدا گیرفان برێ دەست دەکات بە گیرفانیا ، کابراش پێ‌دەزانێو توند دەستی دەگرێتو هاوار دەکات ئەمە دزە ، کابرای گیرفانبڕیش دەڵێت قسە مەکە با کەس نەزانێو خوا داوێتی ، ئەوەی لە گیرفانتایە بە شەریکی بەشی دەکەین !!

١٢ ـ سەبارەت بە نێرگسێتی کاکە ئەنوەر لە دوو شوێندا لە ڕوومدا دەوەستێتو پاکانە بۆ خۆی دەکات ، کە گوایە من بە ئانقەست ئەم سیفەتەم کردۆتە قەبەڵێو ئەو نرجسی نی یە ، بەڵام وا لێرەدا بەڵگەو مەتیتقی ڕەخنەگرانەوە بۆ خوێنەری دەسەلمێنم کە کاك ئەنوەر خۆرەی ـ نێرگسێتی کرۆمۆسۆمەکانی کرۆژتووە ، هەر چەندە بەم پەلە پەلە نامەوێت هۆکانیو سەرجەم بەستنەوەیان بە ژیانی کاك ئەنوەرەوە ڕوون بکەمەوەو والای کەم ، ئەمەیان لە دەرفەتو باسێکی ڕەخنەییدا پیشان دەدەم لەگەڵ هەندێ بەراوورد لە نێوان هۆنراوەکانی کاك ئەنوەرو هەندێ هۆنراوەی فارسیو عەرەبیدا !٠٠٠

ئێستا یەك یەك بەرد دەخەمە سەر مەلۆو ڕاکانم شی‌دەکەمەوە :ـ

ا ـ کاك ئەنوەر لە هەموو بۆنەو باسو خواسەکاندا خۆی ئەخاتە هاوشانی (بلۆكو بابلۆنیرۆداو پینسینو ئیاراو غەسان کەنەفانیو پوشکینو جەواهری ٠٠٠٠هتد ) ، هەروەها بۆ بنج بەستکردنی ڕاکانی ئەمانەی کردۆتە بنێشتە خۆشەی دەمی ، ئەوەتانێ خۆشی هەستی بەم نێرگسی‌یەتەی کردووەو بەتەوازوعێکی دەستکردانەوە دەڵێت : ( من ـ

مەبەستم ئەو نی‌یە خۆم بەرمە ڕیزی ئەمانەو ٠٠٠ ) ،(٢٧) بێگومـــان کەمی دەرفەت ڕێگای ئەوەم نادات کە بەراوردێکی ئەکادیمیانەی ووردتان بۆ بکەم لە نێوان ئەمانەو کاك ئەنوەردا ، بەلاّم ئەوەندە دەڵێم شاعیرێ یان چیرۆك‌نووسێ یان ٠٠٠ کە لە جوغزی ناوچەیەتیەوە دەچێتــە جیهانی‌و دەکەوێتە سەر زاری میللەتانی جیهان ، لە ئەنجامی سووتانی بە عـــەشق لەگەڵ هونەرەکەیو بەهرەی هەڵکەوتەیی ( نبوغ )و هەڵوێستی نەڕەشیرانەو گەلێ خاسیەتی‌تردا دێتەدی ، لام وابێت کاکە ئەنوەر نەوەك نیرۆداو ٠٠٠ لاپەڕەیەکی پریشنگداری تێکۆشانی دوورو درێژو پڕ لە فرمێســـكو ئارەقەو خوێن‌و چەڕمەسەری‌و بەندیخانەو ئاوارەیی تۆمارکردبێـت ، وە نە بەرهەمی بەپیت‌و بایەخداری هەڵکەوتوانەی وەك ئەمانەشی پێشکـــەش کردبێت ، کەواتە شانە خرێ‌کردن لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا نێرگسی‌یەتە یـان نا؟! ئەمەیان بۆ خوێنەری کورد جێ‌دەهێڵم‌و ئەو سەر پشکە ٠

بـ کاك ئەنوەر دەڵێت : (کە ناتوانن سەرکەونە سەر تەلاری بەرزی هۆنراوەم لە خوارەوە بۆی مەڕوانن ، من دەڵێم (ئەگەر دایك وەسپی کچی خۆی بکات ئەبێت خاڵ بیخوازێ) ڕەخنەی کارامەو مەوزوعی‌یانە دەتوانێت بڕیاری بەرزی هۆنراوە بدات نەك خاوەنەکەی) ٠

خوێنەری ئازیزم ! بۆ ئەبێت شیعرەکانی کاك ئەنوەر تەلارێکی بەرزی وەهابێت کە شەڕ لەگەڵ کەشکەلانی فەلەکدا بکات‌و ئێمە نەتوانین نـــەك بەسەریا سەرکەوین ، بەڵکو هەر بۆشی بڕوانین ؟؟ بۆ ئەبێ خوێنەری کورد ئەوەندە بە ئاست نزم بزانێ کە لە خوارەوە بۆ شیعرەکانی بـڕوانن؟؟ ئەی ئەگەر وایە بۆکێ دەنووسێ؟! ئالێـرەوە دەتوانـم بڵێم ئەو نێرگسی‌یەتـە لە سنوورێکی وەهادایە کە کاك ئەنوەر ئەوەندە لە خۆی ڕازیەو ئەوەندەش قایلە بە شیعرەکانی کە خوێنەروو تەنانەت میللەتی کوردیشی هەر لـــەبەر ئەوە خۆش‌دەوێ کە شیعرەکانی بخوێنێتەوەو بخوردی بـــۆ بسووتێنێ، خۆ ئەگەر ڕای میللەتی کورد بە پێچەوانەی ویستی ئەوەوەبوو ئەوا هەموو

میللەتو خوێنەری کوردیش توڕەداتە چاڵی زانینو کـــە لەلایی‌و بوردەبارێەوە بمبوورن ! لەوانەیە لە بۆنەی هۆکانی داهێناندا قایـلبـم بەڕاکەی (فرۆید)[١٧] بەڵام هەر بە تەنیا بۆ کاك ئەنـوەرو بەس !.

شێرکۆ بێکەسو لەتیف هەڵمەتو جـــەمال شارباژێڕی چەنـد هەنگاوێکی گورجو درێژ لە پێش کاك ئەنوەرەوەن ، تەك بە تەنیا لـــە رووی چەندێتیو چۆنیەتی بەرهەمەوە ، بەڵکو لە ڕووی بەهرەشەوە ، بەڵام هەرگیز نەمبینیوە ئاوەها پێی‌لێ‌هەڵبڕنو خۆیان بکەنە سەرتۆپی شاعیرانی سەردەم . تەنانەت ئەو نموونانەشی کە بە شاعیرانی هەندەران هێناویەتیەوە هیچیان وەکو ئەم نێرگسیو خۆ بەزل زانین ، هیچیـــان شیعرەکانیـان نەکردۆتە کۆشکی بەرزو شەڕ لەگەڵ ئاسمانکەر ( ناطحات السحـــاب )و خوێنەریش بە بێ پەیژە (مصعد)و کۆڵەواری لە ناو قەدی ڕێگادا جێ‌بهێڵن.

ج ـ کاکە ئەنوەر گەرەکیەتی من بە تەنیا لایەنە باشو(بن)بایەخەکانـی هۆنراوەکانی ڕوون بکەمەوەو بێ‌دەنگ‌بم لە ئاست کــــەمو کـوڕیو هەڵئەنگوتنەکانی ، ئەوەتانێ دەڵێت : (ئەگینا خۆ کاك ڕەووف وەسپـــی زۆریشی کردووم ... ) خوێنەری ئازیز شاعیرێك هیچ کەمو کوڕی لـــە خۆیدا شك نەباتو[٢٩] هەردەم بە تەمای ئەوە بێـــت بوخوردی بـۆ بسووتێنی نێرگسیە یان نا ؟! ئەگەر من چاو لەمە بنووقێنم لەووتارێکـــی ڕەخنەییدا ، هەڵوێستم لەبەردەم خوێنەری کوردا چی دەبێ ؟! بەویستی کاك ئەنوەر بێت من دەبمە دەست بژێر (انتقائی) کەری لایەنە باشەکانـــیو ئیتر ئاوێنەو دەست بشۆ ، بێ‌ئەوەی ئەوە بزانێ کە[١٨] ( انتقائیە) جۆرێکـــە لە جۆرەکانی ( ریڤیژیزم )و من وەك پێویستیەکی مەبدەئـــی بەرگـری دەکەمو پووچی دەکەمەوە . وەك لە سەرەتادا ووتـــم مـــن پڕۆگرامـــی لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆمم هەیەو بێ‌پێچو پەنا ، لایەنە تاریكو ڕوو ناکەکانی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی نەك بەدەردەخەم بە تەنیا بەڵکو بە گوێـــرەی تواناو باری ئایدۆلۆژیای خۆم هەوڵی بنیاتنانێ دروست کردنەوەشـــی دەدەم ، ڕەخنە لای من پەیامێکی پیرۆزە ، چەکێکـــــی ئایدۆلۆژیـای

کاریگەرە . نەك بیاهەڵدانو دەساوو کەف لەژێر پێدان ، هەرگیز ناتوانم چاوو ڕاو لە خوێنەری کورد بکەمو کاکە ئەنوەر وەك خۆی دەیەوێ بکەمە تەنیا سوارەی شیعروو هەڵویستی ئەفسانەیی ، هەموو دیاردەیەك لای من یاسایەکی تایبەتی ناوەوەی خۆی دەیجوڵێنێ بە یارمەتی هەندێ هۆی دەرەوە ، ئەم یاسایەش کێشەیەکی جەدەلی لە ئامێزی دەگرێ ، ئەم کێشەیە فرە لایەنەو لە جوغزێکدا ناوەستێ ، واتە هەموو تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی لای من دوو ئەنجامی دژیەکی هەیەو هەردووکیشیان نیسبین ، تەنانەت هەردوو ئەنجامەکەش سیفاتی دژیەکیان تێدایەو پێکرا وەدەردەکەون لە کێشەیەکی نەپساودا خول دەخۆنو کار لە یەکتری دەکەن ،بەڵام لای کاك ئەنوەر ئەنجام هەر یەکەو یەك ، ئەویش سەرکەوتنەکەیەتیو دوورییەتی لە خەوشو هەموو ڕێژەییەك (نسبیە) ، ئایا ئەم دیاردەیە نێرگسییەت نەبێت چییە؟!

د ــ وەك لەمەوبەر پەنجەم بۆ ڕاکێشا کاك ئەنوەر باسی پۆشکینو حەمزاتۆفی لە تەنیا لایەنێکەوە کردووە بۆ ئەوەی بیانکاتە دێوجامەوە لە پەتای ئەوانەوە نێرگسییەتەکەی خۆی پێ حەشار بدا ، ئەوەتانێ دەڵێت :ــ

ــ پۆشکین ئەوەدوتو کچی خۆشویستوە ، حەمزاتۆفیش سەد ! واتە دیوار لەگەڵ تۆمەو پاپساد گوێت لێ بێ) ، ئەم دوانەی کردۆتە سەنگو پێوانەی پیاو دساو خوو نەرێتی کوردەواری ، بێ بێ وەی ئەو جیاوازیە ئەبەییەی نێوان کاتو جێگای ئەم دوو کۆمەڵگایە دیاری بکات ئەم جۆرە مامەڵە کاریۆ نیزمە میکانیکیە دەبێتە هۆی نەك شێواندن بەڵکو ووقکردنی پێویستییەکانی قۆناخی ئەم سەردەمەی کورد ، کاك ئەنوەر لەسەر ئەم بنەما ناکامڵە گلەیی لە ڕەخنەی کوردی دەکاتو خۆی دەکرۆژێ ، گەرەکیەتی بلێ من چیم کەمە لە حەمزاتۆفو پۆشکین ؟ بۆ ئەوان شتی وا بلوێو منیش هیچ ؟

ئایا ئەم گەزو گرێو جۆرە ئەڵها نامۆیە لەم وولاتی ئێمەیەدا تێرگسی-یەت نەبێ چی یە ؟! نەوەدوو نۆ ئافرەت بە شەوقەوە ئەڵهای بـــاوەشی پڕ لە گڕو کڵپەی یەك شاعیری دڵ ناسکی وەك کاك ئەنوەر بکەن ئەوەنە دۆن جوانو بەهرەوەربێت لە دەرگاو پەنجەرەو کلاورۆژنەی نەوەدو نـۆ - نەء - سەد کچەوە بچێتە ژوورەوەو لە ئامێزیان بگرێو لە ئامێـزی بگرن ، نەوەدوو نۆ ئافرەت ڕستەی ڕەنگینو پڕ کڵپەی بۆ بڕازێنێتەوە و بیخاتە گوڵدانی هەستو سرووشی شاعیرانەیەوە ئەمە تێرگسیەت نەبێت چی یە ؟!

ئا لێرەدا دەمەوێت بەرد بخەمەسەر مەڵۆی نەخۆشی یەکی سایکۆلـۆژی دژوارتر کە (سادی) یەتەو بێ ئەوەی کاك ئەنوەر بە خۆی بزانێ لـــە تێزنەکەیدا گێژ دەخوات ، با بزانین بۆ و چۆن ؟! کاك ئەنوەر بـە خەیاڵ دەبێتە مشتێ خوێی سەر برینـی دڵـی نەوەدوونۆ کچی هاوڕێیـو لـە هەموو دەرفەتێکدا حەز بە سوێو ئازاریان دەکاو بە کوڵ فرمێسکیان پـێ هەڵدەڕێژێ ، وەك عەزرەتیەك ئەڵهای ئەوە دەکات کە ببێتە کەڵە پشکۆیەكو هەردەم لە ئاگردانی سۆزو ڕاچەنینی نەوەدوو نۆ کچا گەش ببێتـەوە و بۆچەکەوڕ بەرباتە دڵیان ، ئەو - مەبەست کاك ئەنوەرە - بە تەما بـێ نەوەدوو نۆ کچ ئێرەیی ( غیرە ) بە یەکتری بەرنو وەك کارە کێـوی ، کێ بەرکێ (مسابقە) بکەن بۆ ئەوەی خوێی سەرتاشە بەردی گڕو ئالۆشی بپێسنەوە، ئایا ئەمانە چ فەرهەنگێکی دەروونناسی دەیانگرێتە خۆی جگە لە (سادی)یەت نەبێت ؟!

ئا لەم بۆنەیەدا نموونەی دوو جۆر خوێندکاری دەرەوەی وولاتـم دێتەوە یاد، لە دوو ڕۆمانی جیاوازدا ، یەکێکیان پاڵەوانی ڕۆمانی (الحـی اللاتینی) سوهەیل ئیدریسە ، کە کوتومت کاك ئەنوەرەو هەروەکـوو ئەویش بیردەکاتەوە ، ئەویتریشیان پاڵەوانی ڕۆمانێکی ( عبدالرحمـن منیف)ە ، بە ناونیشانی (الاشجار واغتیال مرزوق ) کە بە پێچەوانەی کاك ئەنوەرەوە دژی کاربۆنیزمو هەڵقورتاندنی دیاردەی نامۆیە بـۆ ناو خـوو

نەریتی نەتەوەکەی ، ئەم پاڵەوانە ناوی (مەنسوورە)و نایەوێت درۆ لەگەڵ کچێکی (بەلچیکی) هاوڕێیدا بکات کە (کاترین) ناوێکەو ئەلهای باوەشی «مەنسوور» دەکات ، مەنسوور نەك بەپەرۆش نی‌یە بۆ نەوەدوو نۆ کچو دانەکیرەی باوەشیان ناکات بە تەنیا ، بەڵکو نایەوێت تەنانەت دەستی تەنیا کچێکیش ببڕێو بەو شێوە ڕاستەقینەیە پەردەی دواکەوتنی لەسەردەمو چاوی ئەم ڕۆژهەڵاتە خەواڵوو داهێزراوە لادەبات ودەڵێت[١٩] : (کاترین خان پاشاکانی ئێمە لەگەڵ ئەوانەی لای ئێوەدا گەلێك جیاوازن ،هەموو پیاوێك لای ئێمە میرێکە بۆ خۆی ، ئەمارەتەکانمان بچووکن و پاڵیان داوە بە یەکەوە وەك ئاودەستخانەی چایخانەو میوانخانەکان ، ئەم ئەمیرە بچووکانەی لای ئێمە لە ژنەکانیان دەدنو لە قژیان دەنەوون ،بەڵام کاتێك کە بە میرێکی لە خۆیان گەورەتر ئەگەن چۆك دائەدەنە بەردەمی و خاکی پێڵاوەکانی ماچ دەکەن ، میرە گەورەکانیش کڕنووش لە بۆ خۆیان گەورەتر دەبەن ، تا دەگاتە ئەوەی هەموویان کڕنووش بۆ یەك پاشا دەبەن، ئەو پاشایەش نووسینو خوێندنەوە نازانێو لە هەموو میرەکانی ژن زیاترە **تەنانەت** سەد ژنی لە هەموو لایەکی جیهاندا هەیە ،لەوانەیە یەکێکیان بەلچیکی بێتو ناویشی (کاترین) بێت ، توورە مەبە لێم کاترین خان ... من تەنیا ڕاستی دەڵێم . نامەوێت لەمە زیاتر خەفەت بارت کەم ، چونکە هەموو شت لای ئێمە لنگەو قووچە) ، دوای چەند ساڵێك کە مەنسوور گەڕایەوە وولاتەکەی[٢٠] (ڕووانی سەردەم هەر سەردەمی داپلۆسینە ، سەردەمی زوڵمو چەقۆ کێشی‌یە لە ئاسیادا بەڵام لە دیکۆرێکی نوێدا ، سەردەمی خوفیەو ڕاپۆرتو بەندیخانەو جەزرەبەدانو بە کۆمەڵ لەناوبردنە، سەردەمی تێکشکانو مێژووی درۆینەیە . سەردەمی ترسو پێشێل کردنی مافی مرۆڤە[٢٢] .

١٣ ـ کاك ئەنوەر لە پەنای منەوە گەلێك سەرشاخی ڕەخنەی کوردی گرتووەو سەروو بۆتەڵاکی کوتاوەتەوەو ، کۆمەڵێك تانووتو هەرزە گۆیی‌و ئاست نزمی خستۆتە سەر ڕەخنەگرەکان ، بەهەر حاڵ !تانەو

تەشەرەکانیشی خاسیەتی هەرەمەیی (تعسیم) پێوە دیارە . بێ ئەوەی توانیبێتی بە پارێزی دەست‌نیشان کردندا بچێت ، نازانم چۆن مەسەلەی نێوان تایبەتی‌و گشتی (الخاص والعام) خستۆتە پشت گوێ ؟! خۆ کاك ئەنوەر قوتابی خوێندنگای بەرزەو پێویستی بە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی مەتیقیانە هەیە ، نەك هەر ئەمەیان ، بەڵکو پرۆگرامی ئەو وولاتەی کە ئەو دکتۆرای تێدا وەردەگرێ مەسەلەی جەدەلی‌یەت‌و مەیدانەکانی ناخافلێنێ ! بەڕای من کاك ئەنوەر زارەترکە لە ئاست دەست‌نیشان کردندا . چونکە زۆر دەکەوێ لەسەری‌و دەفری ئەو مەیدانە ـ

ـ شی نی‌یە . بەهەر حاڵ ! هێرشە جەلەبی‌یەکەی مامۆستا ئەنوەر ئەم زاتانەی کە لەم مەیدانەدا قەڵەمیان ڕاداوە دەگرێتەوە :

( د. عزالدین مصطفی ، دە مارف خەزنەدار ، دە ئیحسان فـؤاد ، ئیسماعیل ڕەسوڵ . کەمال غەمبار ، کەمال مەمەند ، فؤاد مەجید میسری ، فؤاد قەرەداخی . عمر مەعروف بەرزنجی ، ئازاد عبدالواحید ، دلشاد مەریوانی . عبدالرزاق بیمار ، کەریم شارەزا ... هتد ) .

کاك ئەنوەر هەمان هێرشی کردۆتە سەر شیعری ئەم قۆناخەو دەڵێت: (ڕاستی‌یەکەی لە چەند دەنگێکی دیاریش بترازێ شیعری ئەمڕۆی کوردی زۆربەی دووبارەکردنەوەو خۆ جوینەوەو ... )(٣٣) .

بەهەمان شێوە کاك ئەنوەر نەی‌وێراوە لە جاری دەست نیشان کردندا بکۆکێ ، چونکەنەك نایەوێت ڕاستەوخۆ بچێتە مەیدانی مەنتیق و ڕەخنەوە بەو جۆرە بڕیارە نە بەکامانە ، بەڵکو لە ووزەیدا نی‌یە ، هەرگیز لەو بڕوایەشدا نیم ڕەخنەگرو شاعیری کوردی ئەمڕۆ دەستەو نەزەری مۆرکردنی شاعیرێتی‌و ڕەخنەگرێتی بن لە لایەن یەکێکی وەك کاك ئەنوەرەوە ، ئا لێرەدا جارێکی‌کە خۆ بەزل‌زانین‌و تێرگسی‌یەتەکەی کاکە ئەنوەر دەردەکەوێتەوە چونکە دانە بە ڕەخنەو نە بە شیعری ئەم سەردەمەدا نانێ ، جگە لە چەد دەنگێکی‌ناسراو نەبێت کە بێگومان سەرتۆپەکەی خۆیەتی !!

١٤ ـ كاك ئەنوەر دەڵێت:(٢١) ( ئەو كتێبانە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ باوبڕی ئەدەبی ڕۆژئاوایان لە مێشكمدا سڕیوەتەوە ، زۆربەی بۆچـوونو قەناعەتەكانی جارانیشمیان پتەوتر كردووەو زیاتر چەسپانـدووە ٠٠٠ )

بێگومان ئەم ڕستەیە ووشەی (هەندێ) پەردەیەكـی تەمومژی كێشـاوە بەسەردا ، با بزانین بۆ ؟ یان ئەوەتە هەموو ئەدەبی ڕۆژئاوا باوبڕەیـەو كتێبە ڕوسێكان هەندێكیان سڕیوەتەوە لە مێشكی كاك ئەنوەردا ، یـان ئەوەتا هەندێكی باوبڕەیەو كاك ئەنوەریش هـنـەر دەوری باو بڕەكەی كردۆتەوە ، كە لە هەردوو حاڵەتەكـــەدا هەڵوێستـی كـاك ئەنوەر هەڕەمەیی‌و سادە ڕوانینە ، كامەیە ئەدەبی باوبڕە نووسی ڕۆژئاوایی‌و لـە چ قۆناخێكدا قرتێنەی مێشكی نووسیوەتەوە ؟! بەرد نەخستنیە سپەر مەڵۆی بیرووڕا بەڵكەی( شپرزەییو بێ پرۆگرامی‌یە ؟ ئەوەی‌بەلامەوە سەمـەرەو عاجباتی هەشتەمە ، ئەوەیە كە كاك ئەنوەر جۆرە بەرامبەری‌یەكی ( مقابلە ) لە میانەی ئەدەبی ڕووسی‌و ئەدەبی ڕۆژئاوادا كردووەو هەندێ لە ڕۆژئاوای بە باوبڕە داناوەو ڕووسیش بەپێچەوانەوە ، تەنانەت چاوی لـە ئاسـت ئەدەبە بە ڕشت‌و پێشكەوتن‌خوازەكەی ڕۆژئاوا نووقاندووە ، ئەدەبەكەی ( جاك لەندەن‌و جورج شتاین بیك‌و هیگۆو ئاراگۆن‌و بلزاك‌و ماركیـزو ئیلوارو نیرۆدا ٠٠٠،٠ هتد ).

دوای ئەوە بۆ هەر كتێبە ڕوسێكان باوبڕی ڕۆژئاوا بسڕنەوە لـە مێشكی ئەنوەردا ؟ ئەی بۆ كتێبە بە بایەخ‌و هێژاو پێشكەوتن‌خوازەكانـی ڕۆژئاوا ئەو باوبڕەیە نەسڕنەوە !؟ ئەم وەسپ‌و پیاهەڵدانەی ئەدەبـی ڕووسی لە لایەن كاك ئەنوەرەوە بەو ڕەهایەتی‌یە بەگەی نمەك‌گیربووز لەسـەر حسابـی ڕاستی‌و ئایدۆلۆژیای جارانی كاك ئەنوەر ، لەلایە كی‌كەوە بۆ لە ئەدەبی ڕووسیـدا باوبڕە نی‌یە ؟! ئایا هەمووی هەر شاكارە و هەر ئاوێتەی بەكەم خەونـی مرۆڤایەتی‌یە وەك ئەنوەر دەڵێت ؟!

بێگومان نەخێرو نەخێر ! خۆ ئەگـەر هەر بڕواس ناكەیت دەتوانیت بروانیتە ڕاكانی ( جداتۆف‌و بیلنسكـی‌و بلیخانۆف) سەبارەت بە بەرهەمی ئەدەبی سەردەمی خۆیان ٠

حەز دەکەم تۆزێ دەستی ئەم پرسیارەشم بمەیێ بە ئەڵقەرێـــزی دڵی کاك ئەنوەرەوە ؟ کە دەڵێت ( قەناعەتەکانی جارانیشمیان پێەوتر دەکرد) مەبەستی کام جارانەیەو چ قەناعەتێکیشیان ؟! چونکـه کــاك ئەنـوەر قەناعەتەکەی وەردێکی سێ گاسنەیە !!

١٥ ــ کاك ئەنوەر لە سەرەتای نووسینی ووتارەکەیەوە بڕیاری داوە کە گازوو تاوەم بۆ دانێ ، چونکە لە مەبەستم بە گومانە ، ئەم خانە گومانیو دڵنیانەبوونە خستویەتیە تەناقوزاتو گێژاوی سەیرەوە .

یەکێك لە بنەماکانی ڕەخنەی هونەری ئەوەیە ، کە ئایا ئەوەی شـاعیر دەیەوێت بیڵێت دەتوانێ بێ‌هەڵەو بە ڕوونی بیدات بە دەستەوە ؟! چونکە مەرج نی‌یە هەموو شاعیرێ ووشەو ڕستەو دەستەواژەی لە هەموو ئـانو ساتێکدا بەدەستەوە بێت ، کەواتە ڕەخنەگر بەراورد لە نێوان مـــەبەستی شاعیرو ڕادەی دەربڕینیدا دەکات ،تیشك دەخاتەسەر جەدلیەتـی کێشـەی نێوان مەبەستو ئەنجام ، ئا لەم بنەما ڕەخنەزانستی‌یەی ( أ٠أ. ڕتشارد)ەوە چەند لاوازی‌یەکی کاك ئەنوەرم دەست‌نیشان کردووەو بۆشم ڕاســـت کردۆتەوە ، بەڵام کاك ئەنوەرلە ڕوومدا وەستاوەتـەوو بە شێوەیەکـــی ئاوەژوو مەبەستەکەم تێگەیشتووە ، ئێستاکە لەپ دەخەمە سەر شتەکانو یەك یەك ڕوونیان دەکەمەوە :ــ

کاك ئەنوەر دەڵێت :

من ئەو کەوە دەست بازە نیم
بـۆ هەمـوو گێلێ بخوێنم[٣٥]

من سەبارەت بەم کۆپلیتە ووتومەو ئێستاش دەڵێم : ئـەم ڕەفـــزە نیسبیەو موتلەق نی‌یە ، چونکە کورد دەڵێت : ( ئەمە گیــای هـەموو کەس نی‌یە ) واتە هی هەندێکە ، واتە ئەوێك بۆ هەموو گێلێ نەخوێنـێ بۆ هەندێك هەر دەخوێنی ، ئەگەر کاك ئەنوەر هەموو بگۆڕێت بە (هیچ) ئەوا ڕەفزەکە موتلەق دەبێت ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کـە خوی شاعیـــر واتە کاك ئەنوەر لەبەرەی دوژمندایەو بۆ دوژمن دەخوێنـــێ . بـەڵام

شیعرەکەی وادەگەیەنێ ، مامەڵــەی خوێنەری کــوردیش لە کاتی دەورکردنەوەدا لەگەڵ بەرهەمەکانی شاعیر دایە لەهەر شوێنێ بێ ، تەنانەت زۆربەی خەڵکەکە وەك تاكو پەیوەندیە کۆمەلایەتیکان نە منیان دیـوەو نە ئەویش ، کەواتە ئەوەی ویستوویەتی بیڵێت بۆی نەوتراوە ؟ تـوانای ووزەی داهێنانانی لە ئاسـت ئەو واتە ئاسانـــەدا نەهاتۆتە گۆ .. گۆران دەڵێـت :

هەر چەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بـۆم نایەتە ناو چوار چیوەی هەڵبەستم(٣٦)

ئایا ئەمەی ووتم وایە یان نا ؟! بەلام وا دیارە کاك ئەنـوەر ئـــەم بنەما ڕەخنەیی‌یە گرنگە ئەبوێرێ‌و نازانێ کامەیە بە روودوای ، لەوانەشــە بە باو بژەی دانێ چوکە (١٠١٠ رتشارد)ی ئینگلیزیــە !!. کــاك ئـەنوەر لــە شوێنێکی‌کەدا دەڵێت :

دیتان ئەگریم .. ئەگەر دیتان پەلەوەری خونکــی‌کردنی
لە دارستانی بەهرەمدا هێلانەی کرد بیسووتێنن (٣٧)

من ووتومەو سووریشم لەسەر ڕاکەی خۆم ( ئەو هەڵویسـەی شاعیر (اضعف الایمان)ە چونکە شاعیری ئەم سەردەمە نەك ئەبێ خونکی بـۆ خانەدانە نەگریس‌و زۆردارەکان نەکات و بەس ، بەڵکو گەرەکە دژیشیانی بووەستێ‌و ووشەکانی بکاتە گوێزان‌و شادەماری زۆردارەکانی پێ‌پرزۆڵ بکات ...) ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خوانەخواستە خـودی کاك ئەنوەر خونکی دەکات‌و مەبەستیشم هەرگیز ئەوە نی‌یە ، بەلام ووزەی داهێنانـی هەر ئەوەندەی لە بارایەو لەوە باشتر ناتوانێ ئەو واتایە بدات بەدەستەوە ، خۆ ئەگەر هەر وەك (چەسپی دوو قولوش) دەنووسێ بە خونکــی کردنەوە و من تاوانبار دەکات بەوەی کە خوانەخواستە پێم ووتووە خونکــی‌کەر ، ئەوا خۆی باشتر لە خۆی تێدەگاو ئەم بەرگری‌کردنەش بە خۆڕایی نی‌یە !!

خوێنەری ئازیز ئەگەر کاك ئەنوەر گلەیی ناڕەوا لە من بکات کە گوایە ووتومە ـ خونکیکەر ـ کە نەم ووتووە ـ ، ئەوا لە شوێنێکیکەدا بە ئاشکرا پەردە لە ڕووی خۆی لادەبا ، دەبا بزانین لە زمانی خۆیەوە دەڵێت چی :ـ ( باشیش ئەزانێ کە شادبوونەوەی من بە دیدار بێ سەرفرازیو سەرکەوتنی میللەتەکەم نایەتە دی)[٣٨] ، بەڵێ کاك ئەنوەر لە یەکێتی سۆڤیەتەوە دانیشتووە و چاوەڕێ دەکات هەتا نەتەوەکەی بە ئارەقەو خوێنو ئێسكو پروسکی هاراوی دنیای بۆ تەختکات ئینجا دەگەڕێتەوە ، هەتا خەڵکەکە وارویەخیان نەیەتە دەرێ کاك ئەنوەر بە دیدار شاد نابێتەوە ، هەتا چورتمو ئەشکەنجە بمێنێ ئەو هەر لە پارێزی هاتنەوەدا نیە ، ئەو گەیشتۆتە قۆناخێکی ڕۆشنبیریو شارستانێتی وەها ، کە تازە ئەم جۆرە ژیانە نالەبارو ئازار چەشتنەی بۆ هەزمنابێ ، خۆ لە ڕابوردوودا درێخیشی نەکردووە ! کەواتە بۆ بە دیدارشاد ببێتەوە هەتا دنیاکە ئاوەها بێت .

بەڵێ دوای ڕەوینەوەی تەمی ئەهامەتی ، کاك ئەنوەر ، بمبوورن .. دکتۆر ئەنوەر بە خشکەیی خۆی دەکاتەوە بە وولاتدا بە کۆمەڵێ شیعرو شەهادەوە ـ .... لەوانەشە لە دڵی خۆیدا بڵێ بە خوا میللەتەکەم قەدر نەزانن ، ئەوە بۆ پەیکەرێکم بۆ ناکەن خۆ من شەهادەم بۆ هێناونەتەوە .!

بەڵێ وایەو ـگردە کوڕ جۆشی مەلەیەتی ـ . ئیتر ناهەقمە ئەی خوێنەری کورد کە بڵێم ( بخوێنی کورد هەر کە دەوری بەرهەمێك دەکاتەوە ، گرنگیو مەترسی قۆناخەکە وای لێکردووە کە بە پەرۆشەوە هەواڵی خاوەنەکەی ، هەڵوێستی ، ڕادەی هاوبەشی لە گۆڕینی واقیعدا بپرسێت ...)

١٦ ـ کاك ئەنوەر قایل نییە بە تێبینییە ڕێزمانییەکانمو لە ڕوومدا دەوەستێتەوە ، بمبوورن !

هەرچەندە من مودەریسی عارەبیم و کاك ئەنوەریش نەك بەکالوریوسی لە زمانی کوردیدا هەیە بە تەنیا . بەڵکو لە خوێندنگای بـــەرزی زمانو ئەدەبی کوردی لە یەکێتیی سۆڤیەت دە خوێنی بەڵام چار نی یە دەستـی ئەگرمو لە نێرینەو گێژاوی ئەو هەڵانە دەری ئەهێنـــــم . بەمەبەستـی ڕێ بڕینەوە لە هەندێ شاعیری تازەکوورە بۆ گوێ دان بە مەسەلەی ڕێزمانو زمان ، چونکە زمان کۆڵەکەی نەتەوەیە . پاراستنی ئەو کۆڵەکـــەیـە پێویستی یەکی پیرۆزی سەر شانمانەو نابێت بخلاڤێنرێ .

کاك ئەنوەر ئەم زاراوانەی زۆر بەکارهێناوە :ـ ( شەوێ زستان ) ( درەختێ بەرز ) ( شەوێ خامۆش ) بێگومان ئەمانە هەڵەنو من بـــۆم ڕاستکردۆتەوە بەم شێوەیە : ( شەوێکی زستان ) ( درەختێکی بـــەرز ) ( شەوێکی خامۆش ) ، کـــاك ئەنوەر تا ڕادەیـــەك دانی بە هەڵەکانیدا ناوە ، بەڵام دوایـــی وەك پاشگـــەزبوویێتەوە و ملنەدا دەڵێ :

( بەڵام لە ناوچەی گەرمیان « درەختێ بەرز »یش دەڵێـــتو من ئەمەم لا سووکو ئاسانترە وە لام وایە بۆ شاعیریش هەیە زمانی خۆی بـــە سامانی سەرجەمی دیالێکتەکان دەوڵەمەندکات )[٤٠] ، ئایا قسەو ڕاوێژی ناوچەی گەرمیان ( دیالێکتە ) وەك کاك ئەنوەر دەڵێت یان بـــــەچکەی بەچکەی تەنانەت بێچولەی نەك تەنیا دیالێکتێکە بەڵکو پتریش ؟! وەك ئاشکراشە ناوچەی گەرمیان لە ڕووی جوگرافیاوە وا کەوتووە ، کـــە تەئسیری لەهجەی هەورامیو لوڕیو موکریانیشـــی لـــەسەر بێـــت ، باشترین بەڵگەشم شێوە قسەی ( زەنگەنەیی یەکان )ە کە دەچێتـــەوە سەر هەورامیو هەروەها ( فەقێ قادری هەمەوەند)و گەلێ شاعیـــری تـــری گەرمیان گەواهی قسەکەمن ، ئەمە جگە لەوەی کە مەرجە ئەم دیاردەیـــە بەسترێتەوە بەپیرنشینی ئەردەڵانو بابانەوەو بڕواش ناکەم کاك ئەنـــوەر پێویستی لەوە زیاتر بە ڕوونکردنەوە هەبێت ، خۆ ئـــــەگەر هـــەر گەرەکیشیەتی با بڕوانێتە کتێبەکەی (د. عزالـــدین مصطفی ) ( زمانـــی یەکگرتووی کوردی ) .

٧ ـ کاك ئەنوەر دەڵێت :

کزەبای شمشاڵی شوانێ گەر نەیتوانی هەوری ئاخی
لادێییەکان لە ناو چاو! کۆکاتەوەو بیبارێنێ[٤١]

من ووتومە (ئەگەر ووشەی جووتیارەکانی بەکاربهێنایە شیاوتر دەبوو چونکە ووشەی لادێی ڕەنگدانەوەی خۆ بە زلزانینی شاریە لە ئاست لادێیدا. کاك ئەنوەریش دەڵێ : ( ووشەی لادێی مەفهومێکی فراوانتری هەیە ... نموونەیەکیش بە پێسنین دەهێنێتەوە ـ) وەڵامم : من مەبەستم لەوە نییە کە کاك ئەنوەر خۆی بە زل دەزانێ لە ئاست لادێیدا ، بەڵام ڕستەکەی لاوازەو هەر ئەوە ئەدات بەدەستەوە ، لە لایەکی ترەوە کاك ئەنوەر ڕاست دەکات کە ووشەی ( لادێی ) مەفهومێکی فراوانتری هەیە لە جووتیار ، بەڵام لەهەمان کاتدا دەرەبەگ و کوڵاك و سەرکارو گزیرو کوێخاش دەگرێتەوە ! کەواتە ووشەی جووتیارەکان زەحمەتو ئازارو ستەم دیدەیی زیاتر تێدا ڕەنگ دەداتەوە ، ( شێرکۆ بێکەس )یش هەر ووشەی جووتیار بە باشتر دەزانێ و دەڵێ :ـ[٤٢]

لە گوندێکی سەرە ڕێدا
کاروانی زستانی ماندو
بۆ شەو لایدا
کاتی نووستن
ماڵە جووتیاری .. هەژاری
خانە خوێ کەم
تەنیا لێفەیەکیان هەبوو
ئەویشیان بە زۆر دا بە من ![٤٣]

خۆ ئەگەر کاکە ئەنوەر نوێنەری ئەو هەموو توێژە کۆمەڵایەتی‌یەشە کە لە ووشەی (لادێی)دا ڕەنگ ئەداتەوە ، ئەوا سەربەستە لە هەڵبژاردنی ئەو ئایدۆلۆژی‌یەتەداو ، کەسیش نی‌یە لە یەك کاتدا نوێنەری جووتیارو دەرەبەگ بێت‌و دڵی هیچیشیان لە خۆی زویر نەکات ! شاعیر دەڵێت :-

ئەگەرام کە گوڵی خەمی سەر ڕوومەتی ووردیلانی
پڕ بەم سینانەم هەڵمژم

هەروەها دەڵێت :

پێکەنین بەرەو دوورگەی دڕکاوی
لانەی شێواوی ئاواران نابا(٤٤)

من ئەو هەڵانەم بەم شێوەیە بۆ ڕاست کردۆتەوەو ووتومە : ئەگەر ( ووردیلانی ) سیفەتی ڕوومەت‌بێت گەرەکە بڵێت ( ووردیلانەی ) خۆ ئەگەر سیفەتی منالەکانی شار بێت گەرەکە بڵێت ( ووردیلەکانی ) خۆ ئەگەر سیفەتی گوڵی خەم‌بێت گەرەکە بڵێت ( ووردیلانەی ) .. خۆ ئەنوەر خۆشی نەبەستۆتەوە بە کێشەوە هەتا لەو هەڵەیە ببورین ! هەروەها ووشەی (ئاواران) هەڵەیەو ڕاستی‌یەکەی ( ئاوارەکان)ە هەتا ئێرە بۆ چوونی منەو کاك ئەنوەریش قایل نی‌یە پێی‌و دەڵێت :

( ئاوارەکان‌و ووردیلەکان نەناسراون‌و من مەبەستم نە ناسراوە - هەروەها چەند نموونەیەکی شیعری هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی ئە ڕایەو دوا جاریش ڕایەکی (د. عزالدین)ی قووت کردۆتەوەو کردۆیتی‌یە شەهادەت‌نامەی ڕاست ووتن .

وەلامەو ڕاست کردنەوەکانم :-

کاك ئەنوەر بەرخورداربێ دوو دیارەی گرنکی پێکرا لکاندووەو سەرەتاوی چارەسەرەکەی لێ‌وون بووەو بەدەوری ئەو چەند شیعرەدا دەسووڕێتەو هەروەك دوو هەنگی لە دارێکدا دۆزیبێتەوە با بزانین چۆن‌و بۆ چی ؟!

١ ــ پێویستی شیعری ( الضروره الشعریه )و مەسەلەی ڕێزمـــانی تێکەڵ کردووە ، ئەو نموونانەی ئەو هێناویەتیەوە لە شیعردا ، هـەرگیز ڕەشە خەڵکەکە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری ناهێنن ئەزانـــی بـــۆ ؟ چونکە شاعیرەکان لەژێر باری (کێش و سەروادا) نقاندوویانەو تەنانـەت خۆیان تووشی چەندەها هەڵەی ڕێزمانی و ڕەوانبێژی و زەوقیش کردووە، خۆ ئەگەر بەڕاکەی کاك ئەنوەر بێت ئەوا ئەو هەڵانەی کەوزن و قافیـــە بەو شاعیرانەی کردووە ، هەڵە نین و ئەگەر ئێمەیش بـەکاریان بهێنـــن قەیناکە ، ئەزانی بۆ ؟

چونکە خۆی بەهەمان هەڵەدا ڕۆیشتۆتەوە بێئەوەی خودی خۆشیی بەستبێتیەوە بە کێش و سەرواوە ــ ئا ئەم جۆرە مامەڵە درشت و نامەتیقیـە ئەنجامێکی ترسناك دەبەخشێ بە ڕەوتی زمانی نەتەوایەتیمان ، چونکـە جڵەوی زانستیانەی زمان و ئاخاوتن دەداتە دەست شاعیرەکان بە تایبەتـی ئەم تازە کوڕانەی بەتێ کاك ئەنوەر کەتان و پۆی دەسەڵاتـــی زمانیان دەزووی قرچۆکەو دەشیانەوێت سەرجەمی میللەت بکەنە پاشکۆی خۆیان.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەم ئێستا کەمەکێ هەڵەو ناتەواوی هەندێك لە کەڵە شاعیرانی کورد لەم ئاقارەدا دەستنیشان دەکەم چ جای ئەم تازە کوڕانـــە مەحوی دەڵێـــت :(٤٣)

لەسەر تۆم دوژمنە دنیا قەزیەم مانیعولجەمعە
کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو دنیا نەکەم چی بکەم(٤٥)

ڕستەی ( لەسەر تۆم دوژمنە دنیا هەڵەیە ) دەبوایە بیوتایە : لەسەر تۆ دنیا دوژمنمە ) .

هەروەها مەحوی دەڵێت :

بەم هەموو تیرەوە دڵ سیفەمی دی ئەو شێرە
لەرزی هاتێ ، ووتی ئەم بێشـە نەما نیمە مەلاز(٤٦)

ڕاستی‌یەکەی (لەرزی لێ‌هات) ، ئەوەی جێی سەرنجە ( مەحوی ) لەم جۆرە هەڵانەی زۆرە جگە لە هەڵەی پاش‌و پێش‌خستن ، بە تایبەتی لە کێشی ( رەمەڵ‌و رەجەزو بسیط )دا ، هەروەها مەحوی بە زۆری نەیویستووە پەنابەرێتە بەر ووشەی عارەبی‌و فارسی‌و سووربووە لەسەر کوردی‌یەکە بۆیە تووشی ئەم جۆرە هەڵەنگوتنانە بەو زۆری‌یە بووە • ( پیرەمێرد ) دەڵێ[٢٤]

خەرقەی شەو گەردیم کێشا بە سەردا
چاکی داوێنم کرد بە کەمەردا[٤٧]

ووشەی ( چاك‌و داوین ) لە واتاوە نزیکن‌و تەنانەت هاوتاشن‌و ئەمە هەڵەیەکی زەوقی‌یەو جۆرە دان ئاڵ بوونەوەیەکی تێدایە •

(سالم) دەڵێت :[٢٥]

گەر لە سایەی ئاستانەی دولبەرم جێ دەست‌کەوێ
قەت هەوەس ناکەم ئەمن ئیتر لەژێر پەڕی هوما[٤٨]

ڕاستی‌یەکەی (پەڕە) ، ئەوەی جێی‌سەرنجە : کە دەوری سالم دەکەمەوە ، هەست دەکەم کەمتر تووشی ئەم هەناسە سواری‌یە بووە ، چونکە پەنای بردۆتەوە بەر ووشەی فارسی‌و عارەبی ، ئەمە لە کاتێکدا کە (کوردی) لە سالم هۆنراوەکانی خوڕترەو ئیقاعاتەکانی ئیجگار سەوارو داگرتنەوەی گەنم گردیانەیە •

(نالی) دەڵێت :[٢٦]

موی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرەشەط
شۆرە ئەط یەعنی کە تێدا خود بە خود قەل بووبەط

ڕاستی‌یەکەی ( تێیدا ) نەك ( تێدا ) ، ئەمە جگە لەوەی کە دووجار[٤٩] ووشەی ( شورەشەط )بەکارهاتووەو دووەمیشیان سەرەتای ڕستەیەکی لێکدانەوەیە ( تفسیری ) •• نالی دەڵێت :

مەفخەرە هاوییەیی هەولی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا
ڕاستی‌یەکەی ( قیامەت )ە ٠

( گۆران ) دەڵێت :

جادە چۆڵو سێبەر بوو کات بەیانی
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی دەمڕوانی (٥١)

ووشەی ( کات ) زیادەیە ، چونکە (بەیانی ٠ نیوەڕۆ ٠ ئێوارە ، شەو) خۆیان لە خۆیاندا واتای کاتیان تێدایەو پێویست بە بەکارهێنانی ووشە (کات) ناکات ، کورد ئەڵی : نیوەڕۆ دێمەوە ٠ ئێوارە نان دەخۆم ، بەڵام نالێ کاتی شەو دەخەوم ٠ لەلایەکی‌ترەوە زمانی شیعر چڕکردنە نەك ڕوونکردنەوە ٠

خوێنەری ئازیز ئێستا دەیەها نموونەم لەم جۆرە هەڵانە لەبەر و ئەم مشتەش کە هێناومەتەوە نمونەی خەرمارێکە ، بەڵام بە بۆچوونی کاك ئەنوەرییێت ئەم هەڵانە هەمویان ڕاستن‌و بەموو لەنگ نین ٠ ئەزانی بۆ ؟! هەر لەبەر ئەوەی هەڵەکەی خۆی پێ پاساو بدات !

خوێنەری ئازیزم سەرنج بدە کاك ئەنوەر دەڵێ :-
ئەگەرام کە گوڵی خەمی سەر ڕوومەتی (٥٢)
پڕ بەم سیانەم هەڵژم

قەتارە بەستنی چوار (٤) پیتی (ی) — (موزاف الیه) لە تەنیا ڕستەیەکدا بەڵگەی لاوازی‌و بێ‌دەستەڵاتی نی‌یە لە ئاست دەربڕینی واتایەکدا ؟! دوای ئەوە لە کاتی خوێندنەوەدا تووشی هەناسەسواری‌و وەستانمان دەکات یان نا ؟ لە لایەکی‌ترەوە ڕستەیەك ئەوەندە تەموژی تێدابێت سێ واتای جودا جودا هەڵبگرێ‌و لە هەندێ لایەندا دژی یەکتریش بن بەڵگەی زیرەکەی‌و وریایی شاعیرە یان لاوازی ودەست کورتی ؟! ئەمە لە کاتێکدا کە شاعیر

پشتی کردۆتە کێش‌و سەرواو ئەو هەموو سەربەستی‌یەشی هەیەو ئەوەش دەربڕینەکەیەتی‌وناشیەوێت کەس پێی بڵێ ژێری چاوت کلی پێوەیە !...
خەڵکە چی بکەم !

فریاکەون هاوارە، سیا ساڵی شیعرەو وەرزەکەی ئێجگار ڕژدو نەهاتە .. شاعیرێکی وەك کاك ئەنوەر دوای ئەو هەموو سامانە بە بڕشت‌و هێژایەی کەڵە شاعیرانی کوردو ئەو هەموو هۆی خۆپێ‌گەیاندنەی ئەم چەرخە مەزنە ، تازە بەتازە دەڵێت :ـ ئەگەرام کە گوڵی خەمی سەر ڕوومەتی ووردیلانی .. پڕ بەم سیانەم هەڵمژم ، بەڵام نالی نزیکەی سەدەو

نیوێك لەمەوبەر لەگەڵ ڕژدی هۆی خۆ پەروەردەکردن‌و لەبەرقوتیلەو نەبوونی سەرچاوەو بوردەباری‌و هەرداوهەر کردنەدا ووتویەتی*:ـ

سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم دڵ‌و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا صەبوور
زارم وەکو هیلال‌و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زارو دڵدادەکەم خوطوور
لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگەبێ بەئاوو بە چاوا بکا عوبوور

* لێرەدا مەبەست بەراوردکردن نی‌یە لە نێوان نالی‌و کاك ئەنوەردا ،چونکە لە هەموو مەیدانێکدا لێك‌دوورن ، بەڵام تەنیا مەبەستم ڕێژەی دەستەڵات و پەی‌بردن بە نهێنی داهێنان‌و ووزەی شیعرو بەهرەیە .

کێ بێ حەز نەکا لەم جۆرە شیعرانە نەخاتە سەر چاوی کوێروو پێی ساغ بێتەوە یان وەك ئاوی قەندیل تەنووری دڵی تیبووی شیعرمان بکوژێنێتەوە ، سەیر ئەوەیە بەم حالە حاڵەوە ئەم شاعیرە تازانە باسی ئیزافەو ئازارەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەو موعادەلەی شیعری‌و میعمارو ئیقاع‌و ... دەکەن ، دووریش نی‌یە لەم بابەتە شاعیرە بەخوفیە یان ئاشکرا خۆیان بە (نالی) سەردەم دابنێن !.

ب ـ کاکە ئەنوەر بەهەرەمەیی کۆی ناسراوو نەناسراوی بـە خوێنەری کورد ناساندووە ، ئەوەی بەسەردا تێپەڕیوە کە ئەو مەسەلـەیە هەو یەکێکی ئێجگار بەپێنرو ڕایەو ئاویش زۆر دەبات ، ( دە عبدالرحمن حاجی مارف) سەبارەت بەمە دەڵێت: ( هەندێ کێشەی نیشانـەی نـە ناسیاوی زمانی کوردی زۆر ئاڵۆزە ، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی دووروو درێژو تەواوی (ەوێ ) ، بۆ نموونە پیاو نەناسراوە (کۆ) کەی ( پیاوان)ە، کە بێتە ناسراو دەبێتە ( پیاوەکە )و کۆکەشی ( پیاوەکان )ە ، بـەڵام چی دەکەیت لە (پیاوێك) ئەو (ێك)ە ، ڕای جیاوازی لەسەرەو یەکێ لە ڕاکان ئەوەیە کە نیشانەی تاکیش لە هەندێ جاردا دەدات بە دەستەوە ، بەڵام بەڕای منو دوای چەند ووردکردنەوەیەك گەیشتومەتە ئەو ئەنجامەی کـە دەتوانرێت ئەو (ێك)ە هەمان مامەڵەی ( الـ ) العهدیەی[٢٧] عەرەبـی لەگەڵدا بکرێتو لەم پەلەیەدا دەرفەتی زۆر ووتنم نییە .

ئێستا پرسیارێك قوت دەکەمەوە ، ئایا ئەو یاسای کۆی نـاسـراوو نەناسراوە دەتوانین تەتبیق بکەیـن بەسەر هەمـوو ووشەیەکـدا، یان نا ؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەرمکرد بە کۆشی ئەم سەرچاوانـەی خوارەوەداو بەداخیشەوە هیچم دەستگیر نەبوو !

١ ـ قەواعیدی زمانی کوردی نووسینی نووری عەلی ئەمین
٢ ـ ڕێزمانـی کـوردی ئەحمەد حسن ئەحمەد
٣ ـ گوتنی کەلێنێکی تر وری عەلی ئەمین
٤ ـ ڕێزمانی کوردی نوری علی ئەمین
٥ ـ ڕێزمانی کوردی عەبدولڕەحمانی حاجی مارف

ئەوەی جێی سەرنجە بۆ چوونو ڕاکانی دە عەبدولڕەحمان لـە هەموویان ووردترو تاکا دیمیانەترن ، بەڵام لەم بۆنەیـەدا ئەویش هەر نەیتوانیوە بەرد نحاتە سەر مەلوو ، خۆیشی دانی بەمەدا ناوە بۆ نموونە ئایا دەتوانین ئەم ووشانە بکەینە کۆی ناسراوو (ی) ئیزافەی پێوە بلکێنین وەك کاك ئەنوەر کردوویەتی لە ووشەی ( ووردیلانی )دا ووشەکان :

( پیت ، ەڵا ، مله ، هیوا ، پۆل ، ناوچە ، بـــڕوا ، هۆنراوە ، ووشە ، چرکە ، گوێرەکە ، شیلە .. هتد ) بە بۆ چوونەکەی کاك ئەنوەر بێت بەڵێ دەڵێین بیتانی ، گەڵایانی ، ملانی ، هیوایانـــی ، پۆلانی ، ووشانی ... ) ئیتر نازانم چۆن میزاجی کوردەواری ئاوا بڕسکاوەو زمان کەچ دەکات بۆ ئەم جۆرە یاسا ڕێزمانیانە ؟.

گۆران دەڵێـت :

که له ناو کەپران جلەویان گرتیــن

زەردەی لوتکەکان پاشو پێش ئەفڕین (٥٤)

له قاڵبدانی وەزنو قافیە بخەرە لاوە ، بۆ گۆران (کەپرانی) بە نـە ناسراو بەکارهێناوەو ( لوتکەکانـیش ) بەناسراو ؟! بە پێی بۆ چوونی من لێرەدا (لوتکە) گونجاوترە کە نەناسراوبێت لە (کەپر) ، بەڵام گـۆران سەلیقەو میزاجە کوردەوارێکەی لەپێش بارە ڕێزمانیەکەوە ،وە ، گۆران باش زانیویێتی ئەگەر بیکاتە نەناسراو گەرەکە بڵێت لوتکانی و ئەمـەش نایەتی دیو نابێ . ئا لێرەدا دەکەوینە بەردەم دوو ڕێیانێك ، کە کـەس لە زمان زانەکانمان تا ئێستا لە قەرەی نەکەوتوون ، یان ئەوەتا ، زمان مـل کە چ دەکەین بۆ ڕێزمانو پێی لە قاڵب دەدەین ، یان بەپێچەوانەوە ، ئەوەی کەڕوونیشە زمانی ئاخاوتنی هەر نەتەوەیەك پێش دانانی دەستوورەکانـی ڕێزمان هاتۆتە گۆڕێو یاساکانی ڕێزمانیش لەوەوە هەڵدەهێنجرێن ،کەواتە لێرەدا وەك هەر زمانێکیتری ئەم سەرزەمینە مەسەلەی ( سماع و قیاس ) درووست دەبێت و پێویستی بە پسپــــۆرو زانای ووریا هەیەو کاك ئەنوەریش ئازووقەی ئەو مەیدانەی نییە ، چونکە ئەو لە ئاســـت تەنیا دوو ووشەدا پەکی کەوتووەو ویستویەتی هەموو ڕێزمانەکە بشێوێنـێ هەر لەبەر پاساودانی هەڵەکەی ، تەنیا مەبەستیشم لەم تۆزە ووردکردنەوەیە ئەوەیـە کـە کـاك ئەنوەر قـوتابی خوێنـدگای بــەرزەو بـا تۆزێ ووردبینو مەتێقیانە شتەکان بتوێژێتەوە و پشـت بە پرۆگرامی زانیاریانە ببەستێتو هەروا هەڕەمەیی بۆ شت نەچێ .

کاك ئەنوەر ووتویەتی :

ڕووباری ئەم دنیا هەمووی لە ناو دڵما

منیش بۆم ڕاست کردۆتەوە بە ( ئەم دنیایە ) ، بەڵام کاك ئەنوەر وەك لە پێشدا بڕیاری دابێ کە سەرجەم شتەکانم ڕەت بکاتەوەو مێملی لە هەموویا بۆ پەیدا بوبێت ، بێ یەك و دوو دەڵێ : ( بەڵام لام وایە ) ( ئەم دنیایە) زیاتر تەعبیری ناو شاری سلیمانییەو لە (ێ)ی حەوت لەسەری «هاتمەوانێو ئەڕۆمەوانێ» ئەچێ ) .

وەڵامم : خۆزگە کاك ئەنوەرم لەبەردەم زمانو ڕێزمانی کوردیدا وەها هەنستکورتو ڕیپاڵ نەدیایە ، ئەزانن بۆ ؟! چونکە سووکە چاوخشانێك بە سەرچاوە ڕێزمانییەکاندا ئەوە ئەسەلمێنێ ئەم ( ە ) یە ئاوەڵناوی نیشانەیەو بۆ نزیك بەکار ئەهێنرێ ، هەروەك چۆن ( ئەوـە)ش بۆ دوور بەکار ئەهێنرێ ، (ئەمـە) ئاوەڵناوی نیشانەیەو بە بزوێن کۆتایی دێت ، هەروەها «دنیا»ش هەر بە بزوێن کۆتایی دێت ، ئینجا بۆ ئەوەی دوو بزوێن لە ووشەیەکدا لە دوای یەك نەیەن پیتێکی نیمچە بزوێنی گونجاو دەخەینە نێوانیانەوەو دەبێتە ( ئەم دنیا + ی + ە )واتە ئەم ( ئەم دنیایە )، ئەمەیان جارێ با بوەستێ ! ئەگەر بە پێوانەکەی کاك ئەنوەر بێ گەرەکە لە جیاتی ، ئەم خەڵکە ، ئەم هەرێمە ، ئەم ژیانە ، ئەم سەرمایە ... هتد بڵێین: ئەم خەڵك ، ئەم هەرێم و ، ئەم ژیان ، ئەم سەرما ! ئا ئەم ڕاستییەی کە وەك چۆری شیر سپییەو ئێستا ڕوونم کردەوە نەك بۆ ڕێزمانزانەکان جێ دەهێڵم بە تەنیا بەڵکو بۆ قوتابیانی قۆناخی ناوەندی ، چ جای کاك ئەنوەر چونکە ئەم باسە لە لاپەرە (٦٢)ی کتێبی ( زمانو ئەدەبی کوردی)ی پۆلی دووەمی ناوەندیدا هاتووەو ئەوان تاقیکردنەوەی تێدا دەدەن ! لام وا بێت ئەگەر خوێنەرێکی ساکار ئەم دێرە شیعرەی کاك ئەنوەر ( ڕوباری ئەم دنیا هەمووی لە ناو دڵما) بخوێنێتەوە وادەزانێ مەبەستی ( ئەم دنیا ) ، ئەم دنیایەی ئێستایە نەك ئەو دنیا ، واتە « قیامەت » ، بێگومان هەقیەتی ،

چونکە دەستووزی ڕێزمانەکەمان بەو پێیەیە « نکوولیەکە » لە کاك ئەنوەرەوەیە ، چونکە (ئەم دنیایە)ی کردۆتە « ئەم دنیا » ٠

ئا لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستی یەی کە زاڵ نەبوون بەسەر دەستوورەکانی ڕێزماندا دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی مەبەستی شاعیرو تەپێکالی ئەو واتاو ناوەڕۆکەی کە مەبەستی یەتی ، چونکە دەسەڵات شکان بەسەر زماندا نەك بە تەنیا دەبێتە هۆی تەقاندنەوەی بەهرەی هونەری و دەربڕینی ناسك ترین هەست و ختوورەی دڵ ، بەڵکو خۆی لەخۆیدا هۆیەکی کاریگەرە بۆ پەرەپێدان و پتر کردنی فەرهەنگی زمان ، بۆ نموونە ٠٠ شێوەی دارشتنی ( شکسپیر ) توانی ببێتە جۆگەیەکی بە خووڕو بڕژێتە سەر دەریای زمانی ئینگلیزی ، با ئەوەش لەیاد نەکەم کە زۆربەی نووسینی ئەم شاعیرە تازە کوڕانەی ئێستا پڕی پێوە نی یەو نوقمی لیتاوی وەرگێڕانی حەرفی و درشت بینی یەکی ئێجگار بەربادە بە تایبەت لە بەکارهێنانی ئامرازی واتادا (حروف الجر) ٠

## دوا ووتەم :

ئێستاش بە هەموو قەناعەتێکمەوە سوورم لەسەر ستایشی ئەو هۆنراوەیەی کاك ئەنوەر ، نەك لەبەر ئەوەی هی خودی کاك ئەنوەرێکە کە کاڵەو پێتاوی ڕێی هات و نەهاتی مۆسکۆی بەستووە ! بەڵکو لەبەر ئەوەی تەنیا هۆنراوەیەکە لە نێو سەرجەم هۆنراوەکانی کاك ئەنوەردا بەدڵم بێت و خۆشم بووێت ، لام وابێت هەرگیز پێویستیشم بە شاعیری وەك کاك ئەنوەر نەبێت کە قەباڵەی ڕەخنەگریم بۆ مۆر بکات ، چونکە من خۆم نەك بە ڕەخنەگر دانانێم بە تەنیا ، بەڵکو بە خوێنەرێکی زیرەکیش ، نووسین لای من پەیامێکی پیرۆزە ، هەموو شتێکی پیرۆزیش بەبێ خۆماندووکردن و قسەو قسەڵۆك و ناوو ناتۆرە نایەتی دی ٠

١ ــ نووسەری کورد ــ ژمارە (٧) ل ٧٢ ئەنوەر قادر .
٢ ــ الجمال فی تفسیره المارکسی ل ٢٠٥ مجموعه من الاساتذه السوفیت..
٣ ــ الفن والتصور المادی للتاریخ ــ بلیخانوف ل ٣٢ .
٤ ــ الفن والتصور المادی للتاریخ ــ بلیخانوف ل ٥١ــ٥٣ .
٥ ــ نووسەری کورد ژمارە (٢) ل٣١ ئەنوەر قادر .
٦ ــ ناظم حکمت السجن ، المراه ، الحیاه ، دار الآداب حنا مینه ل٧ .
٧ ــ نووسەری کورد ژمارە (١) سالی ١٩٧٩« شیعرە هەورەکان» ل٧٣.
٨ ــ نووسەری کورد ژمارە ٧ ل ٥٤ .
٩ ــ تاریكو ڕوون ــ هیمن پێشەکی .
١٠ــ نووسەری کورد ژمارە ٧ ل ٥٤ ئەنوەر قادر .
١١ــ نووسەری کورد ژمارە ٧ ل ٤٧ ئەنوەر قادر .
١٢ــ ناظم حکمت السجن المراه الحیاه ل ٢٠ــ٢١ .
١٣ــ نووسەری کورد ل ٥٠ .
١٥ــ نقد نقادنا بلیخانوف ل٢٠ .
١٦ــ نووسەری کورد ژمارە ٦ ل ٧٢ ڕەووف عوسمان .
١٧ــ الإسس الفنیه للابداع الادبی ــ مصطفی سویف ..
١٨ــ نقد نقادنا ــ بلیخانوف ــ بەرپەرچی (بیوتەر ستروٚفە) دەدادەوە لەم بۆنەیەدا .
١٩ــ الاشجار واغتیال مرزوق ــ عبدالرحمن منیف .
٢٠ــ شرق وغرب رجوله وانوثه ــ جورج طرابیشی ل ١٨٩ .
٢١ــ نووسەری کورد ــ ژمارە ٧ ل ٤٨ ئەنوەر قادر .
٢٢ــ من تینیوتێم یەگر ئەشکی ــ شێرکۆ بیکەس ١٩٧٤ ل ١٦٢ .
٢٣ــ دیوانی مەحوی ل ١١٦ .
٢٤ــ دیوانی پیرەمیرد ل ١٦٨ .
٢٥ــ دیوانی سالم .
٢٦ــ دیوانی نالی .
٢٧ــ بڕوانە مغنی اللبیب ص ٥٠ هەروەها النحو العراقی ــ عباس حسن ص ٣٠٦ ــ ٣٠٧ .

رقم الايداع ٧٩٥
في المكتبة الوطنية
ببغداد لسنة ١٩٨٤

السعر ٧٥٠ فلساً